# گوتاری فکری
# لە دەقی(پیاوێکی زمان شکاو)دا

# گوتاری فکری
# لە دەقی(پیاوێکی زمان شکاو)دا

دەق: سمکۆ محەمەد

خوێندنەوەی: غازی حەسەن

٢٠٢٢

ئەمریکا/مورهێد

هەولێر ـ ٢٠٢٢

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **خوێندنەوەی دەقی شیعری**
- دەق: سمکۆ محەمەد
- خوێندنەوەی: غازی حەسەن
- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٢٢
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی (دەرەوەی وڵات)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (452) ساڵی (2022)ی پێ دراوە.

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست


پێشەکی.................................................................7
بەشی یەکەم/ هەندێک لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوە.................................13
**ئەرکی زمان و شیکردنەوەی گوتار.....................................27**
بەشی دووەم/ شیکردنەوەی دەق.................................................33
**واتا و مەبەستی گوتاری شیعریی.................................................51**
**شیکردنەوەی شێواز (ستایل) ...........................................62**
**پشیلە لای فیرعەونەکان:......................................................85**
**زانیاریی و نواندن (نمایش)... ................................................96**
**هێمای کوێرانە..........................................................................98**
**فەلسەفە و هێما و هێما بۆکراوی واتایی..........................................104**
**شێوەکانی سیمیۆلۆژیا و فکر ...........................................................126**
**یەکەم: خاڵی دەستپێکردن..........................................................126**
**دووەم: شێوەی هێماکان چین؟..........................................................127**
**سێیەم: بەیەکەوە بەستنی شێوە هێماییەکانە..................................127**
**چوارەم: تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان هێماکان؟...................127**
**پێنجەم: کێشەی واتا............................................................................128**
**شەشەم: کێشەی نواندن و نمایش (تەمسیلی) ................................ 128**
**نواندنی هێما.........................................................................................132**
**بەیەکەوەبەستن.......................................................................................136**
**گوتاری دەقی "وێنەی پیاوێکی زمان شکاو".......................................148**
**پوختەی قسە........................................................................................156**
**سەرچاوەکان..........................................................................................162**

# پێشەکی

## ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ناوونیشانی ئەم لێکۆڵینەوە چەند جارێک دەستکاریم کردووە، کە ئامانجی من لەم لێکۆڵینەوە شیکاری سیمیۆلۆژیی گوتارە لەبواری واتا و فکر، لەبواری بەرهەمهێنانی واتا فکرییەکانی نێو واتا، هەروەها وێنەی فکری لەنێو وێنە سروشتی و ئاساییەکاندا، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگای گەیاندنی پەیامی ئەم کارە پوخت بکەمەوە ناوونیشانەکەم کردە (گوتاری فکری لە دەقی پیاوێکی زمان شکاو) کە بریتییە لەشیعرێکی (سمکۆ موحەمەد) و لە ١٩ی ئەیلولی ٢٠٢١ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە و بەپێی بەدواچوون و لێکدانەوە بۆم ساخبۆتەوە دەقەکە پێش ئەم مێژووە نووسراوە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوە

ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوە و لایەنە تیۆرییەکانی پەیوەندی بەتیۆری پراگماتیکەوە هەیە، کە لەڕاستیدا زمانەوانەکان پراگماتیک و فەلەسەفەیان بەیەکەوە بەستاوە، وەکو چۆن سیمیۆلۆژیا و واتا، پەیوەندییەکی پتەویان بەفکرەوە هەیە، ئەمانەش شیکاری فکری نێو وشە و بەکارهێنانی دەکەن لەپێناو دروستکردنی واتا و وێنە و هێمایەکی فکری لەنێو شتە سروشتییەکاندا.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەم دابەشی سەر دوو بەش و پێکهاتە کردووە، بەشی یەکەمی تایبەتە بەلایەنە تیۆرییە زمانەوانییەکان دەربارەی واتا و سیمیۆلۆژیا و گوتار و پراگماتیک، لەم ڕێگەیەوە خوێنەر ئاشنا دەکەم بەو ئاراستە و شێوازەی دەمەوێت دەقە شیعرییەکەی پێ بخوێنمەوە، ئەمەشم لەبەر ئەوە کردووە، تاکو لایەنە فکرییەکان و نیشانە سیمیۆلۆژییەکان لەبواری بەکارهێنانی زماندا شی بکەمەوە.
بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەم بریتییە لەلایەنی پراکتیکی، یان شیکردنەوەی خودی دەقە شیعرییەکە لەسەر ئەو بنەما تیۆریانەی لەبەشی یەکەمدا ئاماژەم پێکردوون و چۆنیەتی دۆزینەوەی شتە پەنهان و واتاکانی نێو واتا و نیشانەکان و هەندێک کردە قسە لەچوارچێوەی بەکارهێنانی وشە لەنێو گوتاردا .

## گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە

بۆ هەڵبژاردنی ئەم دەقە شیعرییەی (سمکۆ موحەمەد) بەشی سەرەکی پەیوەندی بەپێکهاتە و وێنە و واتا و پێشهاتە فکرییەکانەوە هەیە. دەمێکە ئەم دەقەم خوێندۆتەوە، دوای ئەوەی چەند جارێکی دیکەش بەدوای یەکدا خوێندمەوە، بۆم دەرکەوت ئەم دەقە لایەنی فکری و تێڕوانین و لێکدانەوەی زۆری تێدایە و خاوەنی گوتارێکی تایبەتە و پێشهات و مەزەندەی لەخۆگرتووە. بۆیە دەرگای ئەوەی بەڕوودا کردمەوە و فەرمووو.. فەرمووی لێکردم، بۆ ئەوەی بچمە نێو

دەقەکە و لایەنە فکریی و نیشانە سیمیۆلۆژیی و گوتاری دەقەکە لەشێوە و فۆرمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێناسە بکەمەوە.

(سمکۆ موحەمەد) بەوە ناسراوە قووڵ بیردەکاتەوە، دەیەوێت جیاواز بێت لەوانی دیکە و خاوەنی چەندین کتێبی پێناسەکراو بە فکرە، یان لەڕوانگەی فکرییەوە دیقەت لەکێشە و ناسنامە و نەتەوە و دیموکراسی و جوانناسی و ژانرەکانی ئەدەب و ئایین و کۆمەڵگا دەدات، ئەم دەقەش بەهەمان ئاراستە و لێکدانەوەیە.

## گرنگی لێکۆڵینەوە

من لەخوێندنەوەی هەر دەقێکی زیندووی خاوەن فکر و وێنەی هزریی و هەڵگری واتا، لەزەت لەوشەکان وەردەگرم، وێناکردنە هزرییەکان بەرەو ئاقارێکی جیاواز لەئاقارە ئاساییەکانم دەبەن، وەکو وەرزشی فکریی وایە، هەرچەندە ماندووم دەکەن، بەڵام لەکۆتایدا وزەیەکی نوێم پێ دەبەخشن بۆ ئەوەی بیربکەمەوە و شتێک بنووسم. چێژ هەر ئەوە نییە کاتێکت لێ دەبات و خۆشییەکت پێ دەبەخشێت، بەڵکو چێژ مەعریفە و قووڵبوونەوەیە، ئەمەش یارمەتی خوێنەری یەکەم دەدات و ماندووی دەکات بۆ دۆزینەوەی مەبەستە سەرەکییەکان و هەروەها دژی سەنتریال و پەروازێزکردنی خوێنەرە.

لەبەر ئەوەشە لەهەر خوێندنەوەیەکدا دوور نییە ڕووبەڕووی مەبەست و پەنهانی پتر و پتر ببم. گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە سەرباری شیکردنەوەی ئەرک و بەکارهێنانی زمان لەنێو گوتار، کاری کردووە مەبەست و وێنە و وێناکردن و واتاش وەکو بەشێک لەپێکهاتەی

فکری شی بکاتەوە. لیکۆڵینەوەکە هاوکاریی خوێنەری دووەم دەکات چۆن دەق بخوێننەوە و خۆمان لە کلیشەسازی بەدوور بگرین و لەبواری زانستیش هاریکارییەکی تیۆری پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی دەکات.

لەم دەقەدا بیرکردنەوەکانی (سمکۆ)م بینی، (پێشبینی و مەزەندەی ڕوودانی شتی نوێم بینی)، (گەڕانەوە بۆ مێژوو و کەلتوور و ڕەمز و هێما و نیشانە هزرییەکانی نێو شارستانیەتی کۆن و شێوازی بیرکردنەوەم لەبارەی ئایندە بینی). دەقەکە ماندووی کردم، چونکە بۆ ساخکردنەوەی ژمارەیەک هێما و نیشانەی شارستانی و پێکهاتە جیاوازەکان پێویستم بەپشکنینی سەرچاوەی مێژوویی و گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەڵگەکان و کۆدە ڕەمزییەکان هەبوو، لەلێکدانەوەی نیشانە ڕەمزییەکانی وەکو (لاماسۆ و باخارس و پشیلە و مانیفێست و ماسک و سنوور و هیچ و دزێکی شۆڕشگێر و شەڕڤان و ڕۆژئاوا و شار و چی و چی.. تا) بەدوای واتا هەقیقییەکانی نێو خەیاڵە وێنەئامێزەکانی نێو دەقەکەدا بگەڕێم. ماندووی کردم، چونکە هانی دام منیش لەگەڵ دەقەکەدا بیر بکەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ لۆژیک و عەقڵ.

لەنێو هەر واتایەکی سروشتی پتر لەواتایەکی دروستکردووە، لەنێو هەر وێنەیەکی هەقیقی و سروشتی وێنەیەک، یان پتر لەوێنەیەکی فکری دروستکردووە، ئەمانە پێویستیان بەوزە و لێکدانەوە و گەڕان و پشکنینی زۆر هەبوو.

(سمکۆ موحەمەد) لەم دەقەدا هاوکاری خوێنەرەکانی دەکات، هەر تەنیا (بیر نەکەنەوە)، بەڵکو سەرقاڵی (شتی نوێ و ڕوودانی شتی نوێشیان) دەکات. ئەمە ئەرکی فکرە لەنێو دەقدا.

گوتاری دەقی شیعری لای (سمکۆ موحەمەد) ڕاپەڕاندنی ژمارەیەک ئەرک و کردەیە لەڕێگەی وشە، واتە لەئەنجامی بەکارهێنانی وشەدا، هەندێک ئەرک بەدی دەهێنێت، ئەمەش هێز و وزەی پتر بەگوتارەکەی دەدات لەپێناو بەهێزکردنی مەبەستەکانی و گەیاندنی پەیام و پەیوەندیکردن لەگەڵ وەرگرەکانی.

من لەڕاستیدا باسی (سمکۆ) وەکو فۆرمی سمکۆ و مرۆڤێکی خاوەن کتێب و قەڵەمێکی هوشیار ناکەم، بەڵکو باسی فکری سمکۆ و تێڕوانین و مەزەندەکانی ئەو دەکەم، من باسی (وشە) بەڕووت و قووتی ناکەم، بەڵام باسی (واتا نادیار و پەیام و مەبەستە شاراوەکانی نێو وشە) دەکەم. قسەکردن لەسەر دەق قسەکردن نییە لەسەر لایەنە ڕێزمانیی و ئەو شتانەی نووسەر لەدەرەوەی دەق مومارەسەیان دەکات، بەڵکو ئامانج بەستنەوەیەتی بەدەوروبەری خودی دەقەکە، پێکهاتەکانی ناوەوەی دەق و ناوەوەی وشە و پەیامەکان.

ئەوەی من لەشیکردنەوە تێی گەیشتووم، سمکۆ ئەگەر شتێک نەتوانێت بەوتار و لیکۆڵینەوە بەرهەمی بهێنێت، لەڕێگەی شیعر و گوزارشتێکی ئەدەبیدا مەبەستەکەی دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە فکر وەکو ناسنامەی دەق لای سمکۆ خۆی دەنوێنێت. وشە و وێنە و واتا و دەربڕین و مەبەست و گوتار هەر هەموویان بەشێکن لەدەریای فکریی.

شیعر دونیایەکی پڕ لەڕەمز و نیشانەیە، زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، فکر دەق و فەلسەفە لەنێو شیعر بەیەک دەبەستێتەوە، شیعر بێ زمان نابێت، وەکو چۆن زمانیش بێ فکر نابێت و فکریش بێ واتا جۆرێک لەئیفلیج بوونی تێدایە. ئەمە سێ هێزە پێکهێنەری دەقی ئەدەبین، گوتار ئەم هێزانە جێبەجێ دەکات. واتە لامان ڕوونە (وێنەی پیاوێکی زمان شکاو) زمان و فکر و واتای تێدایە و گوتاری دەقەکەش هێزی زمان و فکر و واتا لەپێناوی بەدیهێنانی مەبەستە بنەڕەتییەکەی جێبەجێ دەکات. لەکاتێکدا شاعیر تەنیا زمان و واتا و وێنە و هزر بەکاردەهێنێت، لەپێناو گوتارێکی ئاوس بە گوتنێک کە خۆی جیاواز نیشان دەدات.

# بەشی یەکەم

## هەندێک لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە

### سیمییۆلۆژیا

سیمیۆلۆژی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە چی دەگەیەنێت، لەم بوارەدا عەرەبەکان وشەی (نیشانە، واتا، ڕەمز، دەلیل، هێما، ئاماژە.. تاد) بەکاردەهێنن. (مجموعة،٢٠١٨، ١٠) . لای کوردیش (هێما و نیشانە و ڕەمز ودەلالە ..) بەکاردەهێنرێت، کە من پتر لایەنگیری بەکارهێنانی (نیشانەکان)م بۆ سیمیۆلۆجیا، وەکو یۆنانییەکان، کورد ئێستاش دەڵێت (نیشانەی تووشبوونی کولێرا، گرانەتا، سکچوونی پێوەدیارە)، یان (نیشانەی پیری پێوەدیارە). بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی قسەکردندا خەڵکی دەڵێن (سیمای جوانە، یان دەموچاوی جوانە..) ئەمە ڕێک بە سیمیۆلۆژیا وەکو مانا دەمانبەستێتەوە. بۆیە (نیشانە) گونجاوتر و لەبارترە.

لەدوو وشەی سیمیۆلۆژی (semiology ) و سیمیۆقراتی (semiotique) هاتووە، یەکەمیان لەوشەی یۆنانی (Semio) وەرگیراوە، کە لەڕاستیدا (semeion)ەوە بەواتای نیشانە هاتووە. ئێستا وەکو زانستێک مامەڵەی

لەگەڵ دەکرێت و بەزانستی نیشانەکان ناودەبرێت، ئەمەش پەیوەستە بەفکری کۆنینەی مرۆڤەوە لەبارەی شتەکان بەگشتییەوە هەیە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم زمانەوانی سویسری (فردیناند دی سۆسێر) و فەیلەسوفی ئەمەریکی (چارل سندرس پێرس) و فەیلەسوفی ئەلمانی (ئەرنست کاسیر) کاریان لەبارەی ئەم زانستەوە کردووە. (سۆسێر) لەبواری زمانەوانی بایەخی بەزانستی سیمیۆلۆژی داوە، بەڵام (پیرس) ئەم زانستەی لەبواری لۆژیک و فەلسەفەش بەکارهێناوە. (عبدالواحد المرابط، ٢٠١٠، ١٧-٢٩).

سیمیۆلۆژیا "لێکۆڵینەوەیە لەنیشانەکان"، کامە نیشانە، ئایا ئەو نیشانانەی، کە لەژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێن، وەکو نیشانەکانی هاتووچۆ، نیشانەی سەر حانوتەکان و ئەستێرەکان. نیشانە بینراوەکان بابەتی سیمیۆلۆژیان، بۆچوونەکانتان گەشەتر دەبن ئەگەر بڵێم وێنە و تابلۆ و وێنە فۆتۆگرافییەکانیش دەتوانرێت بکرێنە سەرچاوەی سیمیۆلۆژیا، ئەگەر بوێری ئەوەم هەبێت پێتان بڵێم، وشەکان و دەنگ و زمانی جەستەش سیمیۆلۆژیان. (دانیال تشاندلر، ٢٠٠٨ ، ٢٧-٢٨).

(ئیمبرتۆ ئیکۆ) وای پێناسە کردووە، کە "سیمیۆلۆژیا بەهەموو ئەو شتانە دەگوترێت، کە نیشانەیە، تەنیا ئەو شتانە ناگرێتەوە، کە لەگوتاری ڕۆژانەماندا پێیان دەڵێین نیشانەکان، بەڵکو هەموو ئەو شتانەش دەگرێتەوە، کە شتەکانی دیکەش لەخۆدەگرێت". (دانیال تشاندلر،٢٠٠٨، ٢٥).

سیمیۆلۆژیا واتە زانستی لێکۆڵینەوە لەنیشانەکان بەشێوەیەکی بەهێز و ڕێکخراو، یان ئەو زانستەیە کار لەسەر هێماکان دەکات بەو ئەندازەیەی کار لەسەر ئاماژەکان دەکات، لەگەڵ گەڕان بەدوای پەیوەندییان لەگەڵ واتا و دەلالەتە جیاوازەکان، کە دەتوانرێت ئاماژەیان پێبکرێت. (د. لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٦، ٢١).

(جاکوبسن) دەڵێت "زمان سیستەمێکی سیمیۆلۆژییە، (سۆسێر)یش پێی وایە "هیچ شتێک لەلێکۆڵینەوەی زمانەوانی باشتر نییە بۆ دەرخستنی مەسەلەی سیمیۆلۆژیا. (دانیال تشالدنر، ٢٠٠٨، ٣٢-٣٤). لەوەش وردتر ڕەمز و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر پێکهاتەی تێدایە، ئەم هەزاران پێکهاتەش بریتین لەپەیوەندییەکان، ناتوانرێت بۆ لەبەر خاتری یەکەی سەرەکی لێکۆڵینەوە لێکجیابکرێنەوە... وشە هونەری وێنەکردنە. (Susanne Katherina Knauth Langer, 1951, p88).

گرنگی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژی پەیوەستە بەو بۆچوونەی، کە پێی وایە (سیمیۆلۆژیا هەندێک شتمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە دەیناسین، بەڵام بەزمانێک، کە بەهیچ جۆرێک تێی ناگەین). Paddy (Whannel in: ellen Seiter, , 1992,p 1)

(مرۆڤ واتایە)، واتاش بەرهەم دەهێنێت، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە ئێمە واتا لەڕێگەی بەکارهێنانی "نیشانەکان" دروست دەکەین و شیکاریان دەکەین. بەکردەوە وەکو (پێرس) دەڵێت "بیرناکەینەوە تەنیا بەهاوکاری نیشانەکان نەبێت". نیشانەکانیش شێوەی وشە و وێنە و دەنگ و گێڕانەوە و نوکتە و خووڕەوشت، یان شتەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەو شتانە هیچیان واتایان لەخۆ نەگرتووە، ناشبنە نیشانە تەنیا دوای ئەوە نەبێت، کە واتایەک لەخۆ دەگرن. لەمبارەوە (پێرس) گوتیەتی (بۆ ئەوەی

هەر شتێک ببێتە نیشانە، پێویستە بەشێوەیەک شیکار بکرێت، کە نیشانە لەخۆی بگرێت). (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٤٥).

(پێرس) بەگرینگترین ڕابەر و فەیلەسوفی دامەزرێنەری هێماناسی (نیشانەناسی/ غازی) دادەنرێت، پۆلێنکردنەکەی لەبارەی هێماگەلی دیاریکراو، کە (پێرس) دینا، بووە ڕێڕەوی سیستەمی هێماگەری و گشت نیشانە زمانی و نازمانیەکانیش. لەلایەک هێما بەمەدلوولەکەی دەبەستێتەوە لەلایەکی تریشدا بۆ بنێر (المرسل الیە)ی هاوبەند دەکات. هەر بۆیە هێما و ڕەمز، یان پەیکەر (هیکل)، یان ئاماژە دەگرێتەوە و دەگەیەنێت.بەکارهێنانیشی لەپێڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەدا بۆ زانیاری و مەعریفەی پێشتر دەلالەتە زاراوەییەکەی دەگرێتەوە، بۆ نموونە (دووکەڵ)، هێمای سروشتی و ئاماژەیی (ئاگرە) دەگرێتەوە و دەگەیەنێت، یان ئاماژە و نیشانەی مەترسی و ترسناکی دەگەیەنێت. (د. ئازاد ئەحمەد مەحموود،٢٠١٥، ١١٨).

ئێمە لەم بوارە جەخت لەسەر بۆچوونەکانی زانای سویسری (دو سۆسێر) و فەیلەسوفی ئەمەریکی (چارلز ساندرس پێرس) دەکەینەوە.

(سۆسێر) مەسەلەی سیمیولۆژیای لەزمانەوانی بە(هێما و هێما بۆکراو بەستۆتەوە) بەو واتایەی، کە (ناو)وەکو هێماییێک ئاماژە بۆ (شتێک) هێما بۆکراوێک دەکات. بەبۆچوونەکانی (سۆسێر) لەسەر ئەوە کۆکن، کە (هێما) بەشێوەیەکی مادی لە(بەرجەستە) هەستپێکراوی نیشانەکان دەردەکەوێت، شتێکە دەتوانرێت ببینرێت و ببیسرێت و بگیرێت و تام بکرێت. با نموونەیەک لەبارەی ئەم

بۆچوونە بهێنینەوە، بۆ نموونە لەسەر دەرگای دوکانێک نووسراوە (پاڵدە)، ئەم شتە دوو نیشانە پیشان دەدات، وەکو:

+ (پاڵدە/ ادفع). ئەم وشەیە واتای (هێما) دەگرێتەوە.

+ هێما بۆکراو بریتییە لەتێگەیشتن، بەو واتایەی چەمکێک دەگرێتەوە: ئەویش واتایەک پیشان دەدات، کە دوکانەکە بۆ شت کڕین کراوەتەوە. نیشانەیەکە لە(هێما و هێما بۆکراو) پێکدێت. هیچ هێمایەک بێ (واتا) نییە، هیچ هێما بۆ کراوێکیش بێ (شێوە) نییە. نیشانە لەهێما و هێما بۆکراو پێکدێت. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٤٨). سەبارەت بە هێما بۆکراو (ئیمبرتو ئیکو) دەڵێت: شتەکە وابەستەیە بە"وێنەی زهنی و تێگەیشتن و واقیعی دەروونی". واتە (سۆسێر) جەختی لەسەر (وێنە و بیرۆکە) کردۆتەوە. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٥٠-٥١).

لای (پێرس)یش هەمان شت هەیە، بەڵام ئەو پشت بەسێ پێکهاتە دەبەستێت وەکو:

+نواندن: ئەو شێوەیەی وەکو نیشانە دەردەکەوێت (هیچ مەرج نییە شێوەی مادی هەبێت) هەندێک لەتیۆرزانەکان بە"هەڵگری نیشانەکان" ناوی دەبەن.

+ شیکردنەوەی نیشانەکان: تەنیا شیکردنەوە نییە، بەڵکو ئەو واتایەیە، کە لەنیشانەکانەوە ڕوودەدات.

+ هەیە: ئەو شتەیە، کە نیشاندەری هەبوونی نیشانەکانە و بۆی دەگەڕێتەوە (سەرچاوەیە). دەتوانین بۆچوونەکانی (سۆسێر و بۆریس) کورت بکەینەوە لەوەی کە پێیان وایە سیمیۆلۆژیا (زانستێکە لە ژیانی نیشانەکان لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە). (مارسیلو داسکال،١٩٨٧، ٤).

ئەم سێ بۆچوونە لەگەیاندنی واتا و ئەرکی نیشانەکان ڕۆڵی هەیە و ئەمانە هەرسێکیان پێویستن بۆ وەسفکردنی نیشانەکان و کۆیان دەکاتەوە لەوەی نواندن، واتە (هەبوون) چییە، چۆن نواندنەکە ئەنجام دەدرێت (نواندن) و چۆنیەتی شیکردنەوەکەیە، (شیکردنەوەی نیشانەکان)، یان بەشێوەیەکی دیکە بیڵێین ناتوانین ڕاستەوخۆ کارتۆنەکە بکەینەوە و ڕاستەوخۆ ئەو شتەکەی نێوی ببینین، هۆکارێکی زۆر سادە، ئەگەر توانیمان ئەو شتانەی لەنێو کارتۆنەکە دایە بینین، ئەو کاتە پێویستمان بەنیشانەی نواندن نییە. نازانین شتک هەیە، تەنیا لەڕێگەی تێبینی لەبارەی بوونی ناو و کارتۆنەکە نەبێت. بۆیە دەڵێین هەبوونە بەردەوامەکە دەرکی پێ ناکرێت، تەنیا لەڕێگەی کارتێکردن لەنێوان نواندن و هەبوونەکە و شیکردنەوەی نەبێت. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٧٠- ٧٢). لەهەمان کاتدا (پێرس) ئەوە ڕەت دەکاتەوە یەکسانی لەنێوان (واتا و نێوەڕۆک) دا هەبێت. لەهەمان کاتدا ئەم فەیلەسوفە پێی وایە شیکردنەوەی نیشانەکان چەمکی فکرێکی گفتوگۆ ئامێزە. (هەمان سەرچاوە، ٧٣). (جاکۆبسون) ئاماژە بەوە دەکات، کە (نیشانە زمانییەکان وا دەخوازن پەیوەندی بەیەکەوە بەستران لەنێوان دەنگ و واتا هەبێت، بۆیە ناتوانرێت لێک بکرێتەوە). (هەمان سەرچاوە).

دەگەڕێمەوە سەر بۆچوونەکانی (سۆسێر) کە پشت بەسێ پێکهاتەی سەرەکی وەکو (ئەکتەر، بابەت، لێکۆڵەر). لەهەمان کاتدا (بۆریس)یش لای وایە هاوزاراوەی لۆژیکە بەمانا گشتییەکەی. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٥)

جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر بۆچوونەکانی (رۆلان بارت) پێش ئەویش (مارک ئابرامز) گوتیەتی (سیمیۆلۆژیا تەنیا بریتی نییە لەلێکۆڵینەوە لەنیشانەکان لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی وەک زمان، هاتوچۆ، بەڵکو زۆربەی چالاکی و بوارە مرۆییەکانی تری وەک ئاماژە لەشییەکان، نەریتی کۆمەڵایەتی، جل و بەرگ، ئامرازی کارکردن... تاد دەگرێتەوە و دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە شتەکان لێکبدرێنەوە.


دوای ئەوەش (بارت) سیمیۆلۆژیای بردە نێو ئاماژەکانی مۆدێل و جل وبەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و خۆشتن و مکیاج و سابون و چێشلێنان، بەو پێیەی کاتێک لە مۆدێل دەکۆڵێتەوە، میتۆدی سیمیۆلۆژیای زمانەوانی بەسەردا پراکتیک دەکات، هەروەها بەسەر ئەفسانەشدا پراکتیزەی کردووە، واتە (دال+ مەدلول= ئاماژە) ئەمە گرێ دەدات بەمانا و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و کلتوورییەوە. (د. لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٦، ٢٢). تەنیا هەندێک پێیان وایە ئەمە (ئیمپراتۆریەتی نیشانەیە). (ربیعە رویقی،٢٠١١، ١١). بۆیە هەر کاتێک بمانەوێت باسی هەر شتێک بکەین، ناتوانین لەدەرەوەی ئەو نیشانانەی بەکاریان دەهێنین بوونی شتەکان بسەلمێنین. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ١١٨). ئەمە دەمان بەستێتەوە بەو سەرەتایەی گرنگەی لێکۆڵینەوە کە دەق لە کۆمەڵێک نیشانە پێکدێت، نیشانەکانیش دەبنە ئاماژە بۆ (پەیام، فکرە، بۆچوون و تێڕوانینێک و مەبەستێک) لەڕێگەی گوتارەوە جێبەجێ دەکرێن.

بەجۆرێکی دیکە زانیانی ئەم بوارە پێیان وایە (هێماکاری بریتییە لەو کارەی کە مرۆڤ بەئارەزوو خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناو خۆیاندا پێکبێن شتێک دانێن هێما بۆ شتێکی تر. ئەم

هەلومەرجی پێکهاتنەش لەو کاتانەدا دێتە کایەوە، کە دوو مرۆڤ، یان زیاتر بەیەکتر دەگەن دەیانەوێت ژیانی خۆیان ڕێکبخەنەوە). (د. محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠، ١١٢).

دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە شیکردنەوەی گوتاری دەقێکی ئەدەبی، لە ڕێگەی زانستی شیکردنەوەی نیشانەکان (سیمیۆلۆژیا)، هاوکارمان دەبێت بۆ لێکدانەوەی شتەکان لەبواری واتایی و پێکهاتە و کات و شوێن و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی هەر شتێک لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا. بەو واتایەی (دەتبەستێتەوە بەهێما، ئەمەش هاندەرە بۆ زانینی شتەکان وەکو خۆیان). (د. بوعزیزی محسن، ٢٠١٠، ٢٠).

زانستی شیکردنەوەی گوتاری نیشانەکان، دەمانبەستێتەوە بەواتای بەکارهێنانی شتەکان، شتەکان چین (هێما و هێما بۆکراو)، (ڕەمزەکان و سێبەری ڕەمزەکان)، (نیشانە و واتای نیشانەکان)، ئینجا دەرفەتمان بۆ دەسازێنێت وردتر لەچەمک و تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەی دەقەکە بگەین.




دەق ئەگەر دەنگێک، وشەیەک، یان ڕستە و وێنە وکتێبێک بێت، پڕە لە پێکهاتەی دەروونی، هەر دەروونێکیش پتەو و بەهێز بە واتا و زانیاری دەربارەی شتەکان، واتا هزر و لێکدانەوە لە ناوەوەی واتای شتەکان بەهێزتر دەکات و زانیاریش واتاکان دەڕاستێنین، یان دەڕەتێنن و ڕەتی دەکەنەوە. هەر هێمایەک دەقێکە و گوتارێک پیادە دەکات، هەر نیشانەیەک واتایەکی کۆمەڵایەتی و پەیام و هێز و دەسەڵاتێکی کارتێکردنی لەخۆ گرتووە. ئەمانەش تێکڕا گوتاری دەق دروست دەکەن.

## پراگماتیک

پراگماتیک لەوشەی پراگما Pragma ی یۆنانی هاتووە، کە لەئەسلدا بەواتای کارکردن، یان پراکتیک دێ. ( جمیل صلیبا، ١٩٧١، ٢٠٣). ئەم زاراوەیە (پراگماتیک– Pragmatics) بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٣٨ لەلایەن (چارلس مۆرسی) بەکارهاتووە، بێگومان ئەم زانایە

بەڕێکەوت ناوی پراگماتیکی نەهێناوە، لەکتێبی زانستی ڕەمزەکان (Semantics)(نیشانەکان) لێکدانەوەی بۆ کردووە و کتێبەکەی دەکاتە سێ بەشەوە:

یەکەم: سینتاکس. دووەم: واتاسازی. سێیەم پراگماتیک (pragmatics) بەواتای پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی (User)، واتە (قسەکەر و گوێگر). (د. محمدمعروف فتاح، ٢٠١١، ١٨٢) ، بڕوانە (Damiel Chandler, 2007, 196 ).

(چارلس مۆریس) پراگماتیکی بەواتایەکی فراوان بەکارهێناوە و هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت، وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە بایۆلۆژییەکان. بەکارهێنانی زانستی ڕەمزەکان بەکارهێنانێکی فراوانە و هەمووی دەچێتە ناو پراگماتیکەوە و تێکەڵ دەبێت لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی Sociolinguistics و زانستی زمانی دەروونیPsycho - linguistics و بایۆلۆژی Biological. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ١٨٢).

ئامانج لەپراگماتیک چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لەکردەی پەیوەندیکردندا. ژمارەیەک زانای ئەمەریکی دوای دۆزینەوەکانی چۆمسکی و جەختکردنەوە لە ڕستەسازی کەسانی وەکو (کاتز و هاوکارەکانی) و (کاتز و فۆدۆر ١٩٦٣) و (کاتز و بۆستال ١٩٦٤) کاریان کرد چۆن زانستی واتا تێکەڵی تیۆری زمانەوانی وێنەیی بکەن، نەیانتوانی لەم بوارە هیچ بکەن تەنیا دوای ئەوەی دروشمی (یان کالیفۆرنیا، یان تێکشکان)یان بەرزکردەوە، بەمەش پەنایان بۆ پراگماتیک برد. لەتەک ئەوانەشدا کەسانی وەکو (فیث) و (هالید)یش

ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەبوو، تاکو هەردوو زانا (ئۆستن و سێرل ١٩٦٢) و دواتریش (گرایس ١٩٧٥) مەسەلەکەیان بەستایەوە بەفەلسەفەوە. دوای بەدواچوونێکی قووڵ لەبارەی بۆچوونەکانی چۆمسکی، لەشیکردنەوەی گوتاردا ئەوەیان ڕەتکردەوە، کە زمانەوانی ببەستنەوە بەلێکۆڵینەوە لەبارەی پێکهاتە و دەربڕینی ڕێزمانی. (جیوفری لیتش، ٢٠١٣، ٩–١٢ ).

پراگماتیک بریتییە لەپەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر، کە گرنگن بۆ تێگەیشتن. یان پراگماتیک بریتییە لەتوانای قسەکەر بۆ گونجاندنی ڕستە و دەوروبەر، واتە دۆزینەوەی دەوروبەرێکی لەبار. (د. عبدالواحد دزەیی، ٢٠١١، ١٤)، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ( Levinson,s.c, 1997, p 21-24.). ئەو دەستورانەیە، کە لێکدانەوە پەسندەکان لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵایەتیدا گرێ دەداتەوە. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٢٨). نموونەی چۆنیەتی شیکردنەوەی زمانەوانی بەکارهێنانی (ترافیک لایت و ڕەنگەکانی گلۆپی وەستانی شەقام) بەم جۆرە لەلایەن پراگماتیکەوە شی دەکرێتەوە: یەکەم: ئەگەر گلۆپەکە سوور بوو، شوفێر قاچ لە بەنزین هەڵدەگرێت لەئاوێنەکە سەیر دەکات تا دڵنیا بێت سەیارەکەی دوایەوە لێی نادات، بەدەست ئیشارەتی هێواش کردنەوە دەدات، پێ لەسەر برێک دادەنێت بە کلاجێک، گێڕ دەگۆڕێت بۆ قورستر.. تاد. دووەم: ئەگەر گلۆپکە سەوز بوو، شوفێر کەمێ لەخێرایی خۆی کەم دەکاتەوە و ئاسایی تێ دەپەڕێت. سێیەم: ئەگەر گلۆپەکە زەرد بوو دەبێت: آ– یان پەلە بکات و دەرچێت، یان ب– خێرایی کەم دەکاتەوە تاکو

گلۆپەکە دەبێتە سوور و ئەوسا ڕەوشتەکانی (آ) ی سەرەوە جێبەجێ دەکات. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٢٩).

ئێمە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی گشتی تیۆری پراگماتیک وەکو زانستێک بۆ لێکۆڵینەوە لەدەقێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنین، دەبێت ئاراستەکان ببەستینەوە بەدۆخی کۆمەڵایەتی دەقەکە، یان پێکهاتەی دەقەکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشان بکەین. کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕووداو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ئاماژە و نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی نێو دەقەکە ئاماژە پێبکەین. پراگماتیکی گشتی پێکدێت لەپراگماتیکی زمانەوانی، کە بەستراوەتەوە بە ڕێزمان و هەروەها پراگماتیکی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە زانستی کۆمەڵناسی. (جیوفری لیتش، ٢٠١٣، ٢١).

لەم بوارەدا، کە پشت بەبۆچوونەکانی (گرایس) دەبەسترێت، بایەخ بەگفتوگۆ وەکو بنەمای لێکدانەوەی پراگماتیکی دەدرێت. پێویستی کردە قسە و کردەی پەیوەندیکردن و کردەی بەدیهێنانی مەبەستە پراگماتییەکان بەڕاستەوخۆ پەیوستن بە واتای قسەکردنەکان، بێ ئەوەی لەسەرەتاکانی گفتوگۆ دابڕێنرێن، بۆ نموونە:

**# ئەمە هەژارە، بەڵام کەسێکی شەریفە.**

لێرەدا ئامرازی بەیەکەوە بەستن (بەڵام)ە. ئەگەر ئەوە نەبووایە واتایەکی دیکەی پێ دەبەخشین، لەبەر ئەوەی کەسێکی هەژارە، لەبەر ئەم هۆکارە دەبووایە کەسێکی شەریف نەبووایە. (جیوفری لیتش، ٢٠١٣، ٢٢). واتە ئەم زانستە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، کە پەیوەندی بەمەبەست و واتای بەکارهێنانی

دەقێکەوە هەیە، کە زانستەکانی دیکەی زمانەوانی توانای ئاشکراکردنیان نییە، یان بڕوایان بەم چەشنە لێکدانەوەیە نەبووە. هەر کاتێک مەبەست و واتاکە بەدەوروبەری بەکارهێنانی دەقەکە بەسترایەوە، واتای دەربڕینەکە باشتر ڕوون دەبێتەوە، کە دەڵێت: (بەڵام)، واتای بەراورد، دەرخستنی بۆچوونی قسەکەر و دەستنیشانکردنی دۆخی ئاماژەبۆکراو (هەژار)ەکە نیشان دەدات.

لەپراگماتیکدا لەتەک جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی زمان، بایەخێکی زۆر بەدەوروبەری دەق دەدرێت، پسپۆرانی ئەم بوارە پێیان وایە بێ گەڕانەوە و تێگەیشتن لەدەوروبەری (نێرەر و وەرگر) ناتوانرێت بەشێوەیەکی گونجاو لەدەق، یان گوتار بگەین، تاکو بەشێوەیەکی گونجاوی سەرکەوتوو شیکردنەوەی بۆ بکرێت. هەر لەم بوارەدا گرنگی بە (مەبەستی گوتن و خواستەکەی، یان مەبەست و ئەرک) دەدرێت. (جیوفری لیتش،٢٠١٣، ٢٤).

بۆیە کاتێک باسی پراگماتیک دەکەین، دەبێت ئاماژە بە (کردە قسەییەکان) وەکو بەشێک لەشیکردنەوەی پراگماتیکی و بنەماکانی ئاخاوتن و ئاماژەکان و گوتار بکرێت، لەم پێناوەشدا دەرخستنی لایەنە پەیوەندارەکانی شیکردنەوەی پراگماتیک دەبێت بایەخ بە (١- قسەکەر و گوێگر، ٢- دەوروبەر، ٣- مەبەست، ٤- هێزی کردە قسە، ٥- گوتن) بدات. (جیوفری لیتش،٢٠١٣، ٢٥).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین بۆچی ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا پەنا دەبەینە بەر تیۆری پراگماتیک بۆ شیکردنەوەی دەقێک کە بریتییە لە ڕۆمانێکی ئەدەبی، زۆر بەکورتی دەکرێت بڵێین (واتای ڕستە لەواتای وشەکانەوە دەرناکەوێت، دەبێت دەوروبەر بێنینە ناوەوە ئینجا

لەمەبەستەکە دەگەین). (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ١٨٦). لەم گوتەندا من پێم وایە تێگەیشتن لەوشە پەیوەستە بە تێگەیشتن لەواتا و تێگەیشتن لەدەوروبەری واتای ڕستەش بەهۆی فروانبوونی ئەرکەکەی پتر بەلای واتا و مەبەستدا دەشکێتەوە. واتە دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە (واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی) هەیە، نەک هەر ئەوە بەڵکو پراگماتیک بەشێوەیەکی قوڵتر لەئەرک و بەکارهێنانی زمان و واتاکەی دەکۆڵێتەوە، لەوانە (هێز و ئاوازە و گریمانە) دەربارەی بەکارهێنان و واتای زمان، ئەو واتایانەی (واتاسازی) دەسەڵاتی شیکردنەوەی نین، ئەو دەربڕینانەی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەوانبێژین) لەچوارجێوەی پراگماتیکدا سەرکەوتوانەتر لێکدەدرێنەوە. بۆیە ئێمەش بۆ شیکردنەوەی دەقێک لەڕوانگەی (کۆمەڵایەتی و دەروونی) و چۆنیەتی بەدیهێنانی کردە قسەی گوتار و ئەو ئەرکانەی وشە و گوتن لەئاخاوتندا ڕای دەپەڕێنن، بەدابڕان لەدەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی لێکدانەوەیان کارێکی متمانەداری بەهێز نابێت.

پرگماتیک لەتەک لێکدانەوەی واتا و مەبەستی گوتاری دەقەکە، هێما و نیشانە و ئاماژە کۆمەڵایەتیەکانیش وەکو بەشێک لەکردە قسەی زمان لێکدەداتەوە، هێز و بایەخی کارتێکردن و بەدیهێنانی مەبەستەکان پیشان دەکات.

## ئەركی زمان و شیكردنەوەی گوتار

ئەركی زمان ڕاپەڕاندنی كارێك و بەدیهێنانی كردەی پەیوەندیكردن و كارتێكردنە، جووڵاندنی هەست و دەرككردنە. ئەركی جیاوازی كۆمەڵایەتی و دەروونی و فكری و .. تاد لەخۆ دەگرێت، شێوازی جیاوازیش پەیڕەو دەكات، لە پێناو بەدیهێنانی مەبەست و خواست ل چوارچێوەی بەكارهێنانەكەدا لەنێو گوتاردا.

زمانەوانی دەق، بریتییە لە زمانەوانی گوتن و زمانەوانی گوتراوەكان (گوتار/ دەق). بۆیەش زمانەوانی دەق ( Linguisitiqu Textuelle) بە بەشێك لەزمانەوانی گشتی دادەنرێت. لێكۆڵینەوە لە دەق دەكرێت پشت بەم سەرەتایە ببەستێت ( سنوور و چەمك و ئەو پەیوەندییانەی لەنێوانیاندا هەیە، نێوەڕۆكی پەیوەندیكردن و ئەركەكانی (Fonction ) زمان لە نێو پێگەی پەیوەندیكردن ( Situation Communicative ). (احمد مداس، ٢٠٠٤، ١٤ ).

لەشیكردنەوەی دەقی گوتاردا بەدوای ژمارەیەك، یان پتر لەو بنەمایانەی دیاری دەكرێن دەگەڕێین، كە پەیوەندییان بەكەشوهەوای نیشانەكان (سیمیۆلۆژیا) و (دابونەریت) و (دەروونناسی) و (زانستی شیكردنەوەی دەروونی) و (ڕۆشنبیری) و (ئایدیۆلۆژیا) و (ئەنسكلۆپیدیا)ەوە هەیە. (احمد مداس، ٢٠٠٤، ١٧).

گوتاری دەق بەپشت بەستن بەچەند بنەمایەك، كردەی پەیوەندیكردن بەدی دەهێنێت لەوانەش (قبولْكردن) و (دەوڵەمەند بەزانیاری)، هەروەها ئەو كاتەی قسەكەر دەچێتە نێو جیهانی

گوتارەکە و پێگەی مەبەست و (قسەکەر/ گوتاردەر / نێرەر) دیار دەکەوێت. (احمد مداس، ٢٠٠٤، ١٨). لەتەک ئەوەشدا پێگە و دەسەڵات و توانای (وەرگر/ خوێنەر) یەکسانە بەپێگەی (نێرەر)ەوە. دەقی گوتار، یان گوتاری دەق بێ ئامادەیی و بەشداری کارا و بەکردەوەی وەرگر لە قەیران دەبێت.

دەق ژمارەیەک نیشانە و هێما و نیشانە و ڕەمزی زمانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فکری و مێژوویی و ئابووری و زهنی... تاد تێدایە، کە هاوکارن لەفراوانکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەق و گوتار و واتا بەکارهێنراوەکانی نێو خودی دەقەکە.

## گوتار:

چەمکی گوتار پەیوەستە بەشتی گوتراو و نووسراوەوە، کردەیەکی زمانە و پەیوەندی بە دەق لەشێوەیەکی گشتگیر و گونجاو بەرجەستەدا هەیە. (نورالدین الس، ١٩٩٧، ١١). لە گوتاردا زمان لەلایەن بەکارهێنەرەکەیەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. (جاکوبسن) پێی وایە گوتار دەقێکە ئەرکی شیعریانەی قسەکردن بەسەریدا زاڵە. (احمد مداس،٢٠٠٤، ٢١).

بەپێی بۆچوونەکانی (ئیمێل بنفست) گوتار بریتییە لە هەموو قسەیەک، کە قسەکەر و گوێگری تێدایە، ئامانجی یەکەمیان کارتێکردنە لەدووەمیان بەڕێگەیەک لەڕێگاکان. (ابراهیم صحراوی، ١٩٩٩، ٩). (ئێرس)یش دەڵێت: (گوتار قسەکردنێکی درێژە، یان بە دوای یەکدا هاتنی ڕستەیە). (موشلەر)یش پێی وایە گوتار گفتوگۆیە.

دەوروبەری گوتار لە (قسەکەر و وەرگر و پەیام و دۆخ و پێگە و کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێکدێت، دەقیش لەزنجیرەیەک یەکەی هەواڵی بەدوای یەکدا هاتوو پێکدێت. بەمەش هاوبەشیی (هەواڵ و مەبەست) لەنێوان گوتار و دەقدا دروست دەبێت). (احمد مداس، ٢٠٠٤، ٢١).

ڤاندایک لەگۆشەنیگایەکی جیاوازە شیکاری گوتار دەکات و دەڵێت دەقی گوتار پەیوەستە بەیەکەم: گۆشەی ڕووداوەکان، دووەم: بەکارهێنانی ڕستەکان، سێیەم: کردە قسەکان. (احمد فواس، ٢٠٠٤، ٢٣)

هەندێکی دیکە لە بارەی گوتار پێیان وایە مەسەلەکە پەیوەندی بە دەق وکردەی پەیوەندیکردنەوە هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەدەوروبەرە مەعریفی وپراگماتیکی وسۆسیۆڕۆشنبیری و مێژووییەکانەوە. (سعید یقطن،٢٠٠١، ١٤-١٥). تاکو دەگاتە ئەوەی (ڤاندایک) هەموو دەقێک بە گوتار دەزانێت.. (میشال ئادەم)یش گوتار بۆ بوونی (گوتن و نووسین و پەیوەندیکردن و دەقبوون) دەگێڕێتەوە. (احمد فواس، ٢٠٠٤، ٢٤) .

زمان لە گوتاردا پێکهێنەری سەرەکییە، کە ژمارەیەک کردەی هەقیقی ڕادەپەڕێنێت بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی گوتار بە (دروستکردنی زمان لە ناو زمان)، یان (دەق بە گوتاری بەیەکەوە بەستراو) ناودەبرێت. (احمد فواس،٢٠٠٣، ٢٧).

بەمە بۆمان دەردەکەوێت گوتار و گوتن پەیوەندییەکی پتەوی تەواوکەریان بەیەکەوە هەیە، گوتار و ڕاپەراندنی کردە قسە و بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو لەدەوروبەرێکی دیاریکراو بەکاردێت و دەکرێت دەربڕین و نیشانەیەکیش بێت، بەشێوەی نووسراو و گوتار بەکاردێت،

نێرەر و وەرگر و پەیامی تێدایە، کردەی پەیوەندیکردن و کارتێکردن و بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکە ڕادەپەڕێنێت.

## گوتاری ئەدەبی:

گوتار پەیوەندی بەگوتن و بێژتن و ئاخاوتنەوە هەیە، ئەمانەش پەیوەندییان بەبەکارهێنانی زمان لەئاست و شێواز و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، گوتار بێ زمان وەکو کەسێک وایە دەست و قاچی نەبێت. زمانی ئەدەبی تایبەتمەندی هەیە، چونکە دەقێکی ئەدەبی، وەکو دەقێکی ئاسایی، سادە دابڕاو لەهێما و ڕەوانبێژی و وێناکردن و واتا نییە، بایەخ بەڕەوانبێژی و واتا و هەست و نەست و وێناکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی کەسەکان و ڕووداوەکان و هەتا شتەکان و کەلوپەلەکانیش دەدات. (زمانی ئەدەبی جیاوازە لەزمانی گوتاری ئاسایی، گوتاری ئەدەبی پێشبەندێکی شوشەیی ڕازاوە بەوێنەو نەخش و ڕەنگی هەیە، تیشکی بینین بەرپەرچ دەداتەوە، هەر کاتێک سنوورەکانی ببەزێنێت. (عبدالسلام المسدی،١٩٩٤، ١١٢).

پێکهاتەکانی گوتاری ئەدەبی بریتییە لە (نێرەر و وەگر و پەیام)، بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی بنەماکانی (هەواڵ و بڕواپێهێنان، داڕشتن، گێڕانەوە، وەسف، حوکم، پێڕاگەیاندن، ڕیکلام، هوشداری، ڕەتکردنەوە، جەختکردنەوە و پەیوەندیکردن... تاد) بەرێوە دەچێت و ئەرکی (کارتێکردن و جووڵاندنی هەستەکان و دەرککرن و بەدیهێنانی کردەیە) لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا. (جاکۆبسۆن) ئەرکەکانی گوتاری لە (هەڵچوون و دەربڕین) کورتکردۆتەوە، بەڵام

ئەرکی پێڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن ئامانجی ئەوەیە وەرگر لەنێوەڕۆکی پەیامەکەی نێرەر بگات. ئەرکی داڕشتنیش پەیوەستە بەنێوەڕۆک و کاکلی پەیامەکە، کە گوتاری ئەدەبی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەرکی سەرچاوە، ئەوەیە پەیامەکە لەلایەن کەسێکەوە لێکدەدرێتەوە و شی دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەئەرکە فەرهەنگی و کۆدە هاوبەشەکانی بگەن. ئەرکی و ریاکردنەوە و سەرنجڕاکێشانیش پارێزگاری لەو پەیوەندییانە دەکات، کە وابەستەن بەپێکهاتەکانی گوتار، لەچوارچێوەی ڕاپەراندنی خودی گوتارەکەدا.

لە نێو ئەم ئەرکانەدا لە نێوان (نووسەر و خوێنەر و پەیام و کۆد و ڕاگەیاندن و ئەرکی فەرهەنگی و پەیوەندیکردن، شتێکی دیکە هەیە، کە پەیوەستە بە (کردە سەرنجڕاکێشان و وریاکردنەوە). (ا. زهیرة بنینی، ١٦٥ file:///D:/الادب%٢٠والسعر/١٣.pdf).

(جینیت) سێ شێوەی بۆ گێڕانەوە دەست نیشانکردووە لەوانە: یەکەم: چیرۆک Story وەکو نێوەڕۆکی گێڕانەوەی بابەتەکە، دووەم: گێڕانەوەNarration وەکو کردەی گێڕانەوەیەکی بەرهەمدار، کە پشت بەژمارەیەک دۆخی هەقیقی و خەیاڵی دەبەستێت. سێیەم: گوتار Discourse کە هێما و گوتراوەکان و گوتار و خودی دەقی گێڕانەوە دەگرێتەوە. (جیرار جینیت، ٢٠٠٣ ، ٣٨-٣٩).

بەم پێوەرانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت گوتاری دەقی ئەدەبی لەگەڵ ئەوەی هەندێک بنەمای هاوبەشی لەگەڵ گوتاری دیکە هەیە، بەڵام بەهۆی پابەست بوون بە ژمارەیەک شێواز و ستایلی تایبەتمەند و دەربڕین و ڕوانبێژیی و بەدیهێنانی مەبەست و جێبەجێ کردنی ژمارەیەک ئەرکی کردە (کردە قسە) ئەو زمانەی دەقی

ئەدەبی لەڕووی هونەرییە پێ دەنووسرێت، دەتوانرێت جیاوازیی و تایبەتمەندی ئەم وبارە دیاریی بکرێت.

## زمانی شیعریی

(گراهام گرین) لەبارەی زمانەوە دەڵێت نووسین شێوازێکی چارەسەرە و من دەپرسم ئەو کەسەی بۆی ڕێک ناکەوێت بنووسێت یان مۆسیقایەک دابنێت، یان وێنەیەک بکێشێت چۆن شێت نابێت. هەشە پێی وایە زمانی شیعر (زمانێکی دروستکراوە) . (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ١٣٧). وشە سەرچاوەی پێکهێنەری زمانی شیعرە و ئامرازی دەستی شاعیرە و جگە لەمەش (دێل کانجی) ئاماژە بۆ ڕۆڵی وێنە دەکات لەزمانی شیعرکە بەلادان لەزمانی ئاسایدا دروست دەبێت وەکو (سیمۆندس) دەڵێت شیعر وێنەیەکی دوواوە و ئەندێشە دەخولقێنێت، چونکە لەڕێگەیەوە شاعیر دەتوانێت دەست بەسەر خوێنەر دابگرێت، لەهەمان کاتدا گوتیانە زمانی شیعر زمانی وروژاندنی هەستە. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ١٣٨). (حەمەسەعید حەسەن) دەڵێت: ئەوە وەک نەنگی وایە، بێ ئەوەی بزانین، ئەدەب بەهۆی وەگەڕخستنی خەیاڵەوە، دونیا لێک دەداتەوە و بێ ئەوەی شارەزاییمان لە فەلسەفە، سایکۆلۆژیا، کۆمەڵناسی، میسیۆلۆژیا و مێژووی فیکردا هەبێت، بچین بەرهەمی ئەدەبی هەڵبسەنگێنین. (حەمەسەعید حەسەن، ٩ی ئایاری ٢٠١٥).

# بەشی دووەم

## شیکردنەوەی دەقی وێنەی پیاوێکی زمان شکاو- ی

سمکۆ موحەمەد

بەڵگە، یان ئەو نیشانانەی لەنێو زماندا هەن و لەنێو دەقدا نووسەر ئاگای لێبێت، یان نا، هەمیشە وەکو ژمارەیەک شت و نیشانە و هێما و سیمبول بەکاریان دەهێنێت، کە لەڕاستیدا هەولدانە بۆ هێنانەوەی (بەڵگە) تاکو خوێنەر بخاتە سەر قەناعەتێک و متمانەی پێ بکات. وەکو (بۆریس) ئاماژەی پێ دەکات (ئایا دەتوانین بێ بەڵگە بیر بکەینەوە). (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٣٤). پێموایە، کە هەر وشەیەک لەکاتی بەکارهێناندا خۆی دەبێتە بەڵگە و متمانە و سەرچاوەش بۆ گێڕانەوەی ئەو شتانەی قسەکەر دەیەوێت بە وەرگرەکانی بگەیەنێت.

**بۆ نموونە کە دەڵێین:**

**ژانە سەرمە.**

ئەمە واتا و بەڵگەی ئەوەیە، کە من تەندروستیم باش نییە، یان زۆر ماندووم و پێویستیم بەپشوو و جێگایەکی ئارامە. رەنگە ئەم ژانە سەرە نیشانەیەکیش بێت بۆ ئەوەی بە گوێگرەکەم بڵێم، دوور نییە نەخۆش بکەوم، هەروەها جۆرێک (هۆشداریی و ئاگاداریی و پێدانی زانیارییش) لەنێو قسەکانی مندا هەیە. (ژانە سەر) بەپێی بەکارهێنانی دەوروبەرەکەی وتا و مەبەستی فکری و تێڕوانین و لێکدانەوەی دیکەی وەکو بوونی کێشە و گرفت و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریش دێت. لەبیری نەکەین پەیوەندییەکی پتەویش لەنێوان (بیرکردنەوە و بەڵگە و سەرچاوە) دا هەیە.

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**پیاوێکی زمان شکاو**

لەم وێناکردنەدا، وێنەی پیاوێکیمان بۆ دەکێشێت کە تووشی بێدەنگی و وەستان و لەزارکەوتن و کێشەی بەکردەوە کێشە نیشان دەدات. ئەمە ناوونیشانی دەقە شیعرەکەی شاعیرە. لەم گوتنەدا بەڵگەی ئەوەمان نیشان دەدات، کە (یەک پیاو) ئاماژەی پێکراوە و (پیاوەکە) لەدۆخی نەناسراو دایە. لەدۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی خراپ و نەرێنی دایە، چونکە (زمانی شکاوە). لەهەمان کاتدا منی خوێنەریش مەزەندەی ئەوە دەکەم شاعیر لەفکر کردنەوەیەکی قووڵ

دایە، چونکە وێناکردن بریتییە لەوێنەکێشانێکی فکری دەربارەی بابەتێک و بەسەرهات و کات و شوێنێک.

لەم وێنەیەدا (زمان شکاو) بەواتای (شکاندن) و (لەتبوون و لەبەریەک هەڵوەشانەوە و لەتکردنی پارچە شتێک) نایەت، بەڵکو مەبەستی بەدیهێنانی واتایەکی ناخەکی فکریی بەستراوەیە بەمێشک لەنێو واتایەکی سروشتی باوی ئاساییدا. شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەم پیاوە نەناسراوە تووشی دۆخێکی دەروونی نەگونجاو بووە، تووشی (نائارامی و فشارێکی زۆر بووە و لەبەر ترس، کاردانەوەیەکی بەهێز هەیە باری دەروونی شێواوە). تووشی شکانی زمان هاتووە، دەنا زمانی گۆشت و نەرمە چۆن دەشکێت؟ لەبەکارهێنانی زمانەوانیدا، کە پەیوەندی بەسروشتی ئازار و وەسفی زمانەوە هەیە دەتوانرێت بڵێین (زمان دەسوتێت، دەبڕێت، بریندار دەبێت، دەگەزرێت...) تاد. شاعیر واتایەکی نائاسایی نوێی لەڕێگەی بەڵگەیەکی زمانەوانی ئاسایی دروستکردووە.

(سمکۆ موحەمەد) لەهەموو دەقەکەیدا بەشێوەیەکی لۆژیکی دەیەوێت بۆ بڕواپێهانی خوێنەر و وەرگرەکانی دەقەکەی بەڵگە دروست بکات، زانیاریی پتر و بڕواپێهێنەر لەوەسفی هەر دۆخێکی دەروونی و فکری و کۆمەڵایەتی پیشکەش بکات، بەڵگەکانیش بەستراونەتەوە بەژمارەیەک سەرچاوەی فەلسەفی و مێژوویی و کەلتووریی و ڕێزگرتنی ئەو سەرمایە مرۆییە کۆنەی لەمێژووی ناوچەکە و پێکهاتە شارستانییە کۆنە جیاوازەکاندا بۆمان ماوەتەوە.

بیرکردنەوە و بەڵگە و سەرچاوە بەیەکەوە بەستراون، ئەمەش وا دەکات ئاسانتر لەچەمکی شتەکان و گوتاری دەق بگەین، چونکە

(بیرکردنەوە بەهاریکاری بەڵگەکانەوە ئەنجام دەدریت. ئەمە تاکە شتە دەتوانریت بەهاریکاریی واقیعی دەرەکی ئاشکرا و ڕوون دەربکەویت. ناتوانریت هیچ فکریک بناسریتەوە، تەنیا لەڕیگەی واقیعی دەرەکییەوە نەبیت، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات، کە هەر فکر کردنەوەیەک بیەویت هەبیت، دەبیت لەڕیگەی هاریکاریی بەڵگەکانەوە بوونی خۆی نیشان بدات. لەهەمان کاتدا هەموو فکر کردنەوەیەک بریتییە لەبەڵگە. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٣٥).

**سمکۆ محەمەد دەڵێت:**

**من ئەم قسەیەم لەمێژە بیستووە**
**لەوەدەچێ مانیفێستێکی نوێ هاتبێ بۆ ژیان**
**مانیفێستێک بەماسکەوە**
**سنووری سووری ژیان ماڵە**
**سنووری سووری هەناسە بوتڵی بەتاڵە**
**سنووری سووری ژیان گەمەی منداڵە**

مانیفێست واتە (فکر و فکردنەوە و بەکردەوە بەکارهێنانی بیروڕا). ئەمە وێنەیەکی زهنییە، کە پێویستی بە بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کردەی فکر کردنەوە لای قسەکەر هەیە. بەڵگەکە بریتییە لە (سنوور) و (سوور) و (ماسک) و ( ژیان) و (ماڵ) و (هەناسە) و (بوتڵی بەتاڵ) و (گەمە) و (منداڵ). لەم وێناکردنەدا ژمارەیەک نیشانەی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و دەروونی و هەست و نەست بەکارهێنراوە. نیشانی دەدەن نیشانەکانی نێو دەقەکە ژمارەیەک

نیشانەی بەڵگەدارن لەپێناو نیشاندان و سەلماندنی بوونی کردەی بیرکردنەوە. کە لەکردەودا شتەکان لەنێوان (مانیفێست) و (ژیان)دا بەرجەستەکراوە، بەڵام لەڕێگەی ژمارەیەک بەڵگە و شتی بەرجەستەی واقیعی، کە بریتین لەواقیعیەتی دەرەکی، بەواتایەکی دیکە ئەو شتانەی (دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت). ئەم شتانەی نێو واقیعیەتی دەرەوە هەن و بوونەتە هۆکار و هاریکار بۆ سەلماندنی بوونی کردەی فکرکردنەوە و تێفکرین.

گەڕان، یان دۆزینەوەی بەڵگە و پشکنینی ئەو هۆکارانەی دەبنە دەستپێکی نوێ، لەنێو ئەم دەقە شیعرییەدا بەرجەستەکراوە. ماڵێک هەیە، بێگومان هیچ ماڵێک بێ هۆکار و شتەکان و بابەت و کەرەستە و کەسەکان و پێکهاتەکانی ژیان، بەماڵێکی بەڵگەداری پڕ لەژیان و بوون دانانرێت. شاعیر دەڵێت: "من ئەم قسەیەم لەمێژە بیستووە". واتە قسەکەر بەگوێگرەکانی ڕا دەگەیەنێت هیچ گومان مەکەن، ئەو قسەیەی، کە بە ئێوەم گوتووە، لەمێژە بیستوومە، واتە قسە و زانیارییەکی پشت ڕاستکراوەی دەرکاندووە. یەکەمیان لەبارەی کاتەوەیە (مێژوویێکە و لەزەمەنێکی دوور قسەکە گوتراوە) و ئەویش (لەمێژە ئەم شتەی بیستویەتی جۆرێک لەڕاستیی و ڕاستگۆیی تێدایە و پشت ڕاستکراوەیە. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەستنەوەی ڕووداوەکەیە بەسەرچاوەیەکی بەڵگەداری پڕ متمانە، کە نێوەڕۆکێکی ڕاستی لەنێو ئاخاوتنەکەدا لەخۆگرتووە). (بەڵگە و سەرچاوە) دوو بواری گرنگی بەرهەمهێنانی گوتارن، هەرچەندە لەسەرەتای ئەم دەقەدا دیار نییە سەرچاوەی قسە بیستراوەکە کێیە و چۆنە؟ بەڵام نێوەڕۆکی متمانەداری قسە ئاراستەکراوەکەی سەرزاری شاعیر، قسەیەکە بەم

جۆرە بەرهەمهێنراوەتەوە، کە متمانەی لەڕێگەی بەڵگەوە لەخۆگرتووە. (قسە کردن لەبارەی قسەکەرێکی دیکە، یان لەسەرچاوەیەکی دیکە لەمێژە ئەو شتەی وەرگرتووە، شاعیریش ئێستا بەوەرگرەکانی خۆی دەبەخشێتەوە).

دڵنیانییە چونکە گوزارشتی (لەوەدەچێ) گریمانەیە و تەنیا تێڕوانین و لێکدانەوەیەکە، کە هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە بە واتای ئەوەیەی ئەم وشەیە کردەی تێفکرین و وێناکردن و مەزەندەی تێدایە. شاعیر قسە لەبارەی (هاتنی مانیفێستێکی نوێ بۆ ژیان) دەکات، بەڵام لەجۆری مانیفێستەکە دڵنیا نییە و بەشێوەیەک وەسفی کردووە، کە جۆر و شێوەی خودی مانیفێستەکە وەکو بەڵگەیەک بە (ماسکەوەیە) و ماسکی بەستاوە. ڕێک ئەم مانیفێستە بەسەردەمی (کۆرۆنا) دەچێت، شتێکی نوێ، بۆ ژیانێکی نوێ، هۆکارێکی نوێ بۆ ئەنجام و بەرهەمێکی نوێ قەوما. بەپێی لێکدانەوە و بەدواداچوون و هەندێک ڕووداوی نێو دەقەکە، (سمکۆ موحەمەد) پێش بڵاوبوونەوەی دەقەکە لە ساڵی ٢٠٢١ دا، بەشێک لەم دەقە شیعرەی لە ٢٥- ٩-٢٠١٩ لەئەکاونتی خۆدی شاعیر لەفێیس بووک بڵاوکرداوەتەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە پێش دەرکەوتی پەتای کۆرۆنا ئەم دەقە نووسراوە و پێشبینی هاتنی ماسک و پەتایەکی نوێ دەکات.

https://www.facebook.com/smko.maaruf و دواتر لە ١٩-٩-٢٠٢١ لە (کوردستانی نوێ) بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا لەئاماژەکردن بەماسک پێشبینی دەرکەوتنی کۆرۆنای کردووە و دواتریش پێشبینی

ڕووداوەکانی ئێستای جیهان دەکات. ئەمەش لەڕێگەی واتای نێو واتاکان و تێفکرینە فکرییەکان بەرجەستەکراوە.

مانیفێستی نویٚ بەرەو جیهانی دوای کۆرۆنامان دەبات، یان دەتوانم بڵێم شاعیر لەئەنجامی تێفکرینی نێو دەقە شیعرییەکەی وێناکردنێکی فکری لەبارەی جیهانی دوای تێکشکانی مانیفێستە کۆنەکان وێنە کێشاوە.

ئیدی لەنێو گومان و گریمانەکەوە بەرەو جیهانێکی ڕوونتر دەپەڕێتەوە، کە بریتییە لەچاوەڕوانکردن و پێشبینی شێوە ژیانێکی نویٚ، ئەمەشی لەنێو سنوورێک نمایش دەکات، کە خۆی بەم شێوەیە وێنای کردووە: (سنووری سووری ژیان ماڵە). واتە ژیان دەچێتەوە نێو ماڵەکان، ئەو ماڵانەی بە (ماسکەوە) دەناسرێنەوە. ئیدی لێرەدا (ماڵ) بەپێناسە و ناسنامەیەکی نویٚ و شێوازێکی تازەوە دەردەکەوێت و پێشبینی کراوە، کە پەیوەندییەکی نوێی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەنێو ئەو سیستەمە نوێیەی کە ڕەمز و هێماکەی (ماسک) دەبێت، دروست دەبێت.

بەکردەوە پێشبینییەکانی (سمکۆ موحەمەد) هاتە دی و (ماسک و نێو ماڵ و هەناسە و بوتڵی بەتاڵ و گەمەی منداڵان) بوونە سنووری نوێی ژیان. لەهەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئاماژەکردنە بە (مانیفیستێکی نویٚ)، کە هەنووکە ناوەندەکانی لیکۆڵینەوە جیهانییەکان دەیانەوێت بە (جیهان و سیستەمی دوای کۆرۆنا وەسفی بکەن). تەنیا شاعیر بۆ ئاشکراکردنی ئەم ژیانە نوێیەی نێو مانیفێستە تازەکە بەهێما و نیشانەی سیمیۆلۆژی خاوەن واتاوە، شتێکی نوێمان بۆ وێنا دەکات، ئەویش (سنووری سووری هەناسە بوتڵی بەتاڵە) و

(سنووری سووری ژیان گەمەی منداڵە). (سوور) نیشانە و هێمایە بۆ بەرهەمهێنانی واتای (مردن، ناخۆشی و ئازار و کارەسات و خوێن و توندوتیژی) و لەهەمان کاتیشدا (ئاماژەیەکی فکری لەبارەی ململانێی چینایەتی و فکری هەڵگری ڕەمزی سووری هەژارەکان) تێدایە و (هەناسە بوتڵی بەتاڵە) هێمایە بۆ جۆرێکی نوێ لەگەڕان بەدوای پاراستنی ژیانی مرۆڤ، کەچی دیکە ناتوانێت لەنێو ئەم سنوورە بەرتەسکەی ماڵ بەسادەیی و ئاسودەیی و متمانەوە هەناسە بدات.

ڕێک وای لێهات لەسەردەمی کۆرۆنا هەموو ماڵێک بوتڵێکی بەتاڵی ئۆکسیجۆنی تێدا بوو، بۆ ئەوەی لەبێ هەناسەیدا بەتاڵ نەبێتەوە و نەمرێت. مردن بریتییە لەبەتاڵ بوونەوەی ژیان. ژیان هێندە سەخت و مەترسیدار دەبێت وەکو (گەمەی منداڵان) لە (خۆڕاو و بێ بەرنامە و بێ ئامانجی پێشوەختە و بەسادەیی) تێ دەپەڕێت. (گەمەی منداڵان) جۆرێک لە (بەرائەت و سادەیی و بێ ئاکامیی) تێدایە. (یان جۆرێک لەفشەچیاتەی پێوەیە). کە لەزمانی کوردی و لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی کوردیدا دەڵێین: "فلانە شت دەڵێی گەمەی منداڵانە"، واتە (هیچ نییە و فشەیە و ئاڵۆز و بێ سەروبەرە).

لەهەمان کاتدا ئەم دیاردانەش لەڕێگای زانستی سیمیۆلۆژیا لێک دەدرێنەوە، کە پەیوەندییان بەباری هوشیارییەوە هەیە وەکو (هەستکردن و دەرککردن و بەئاگاهاتنەوە و بەڵگەهێنانەوە). (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٣٦).

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**پیاوێکی ترساو**
**وەک ئەوەی بەزەردە برینی مەسیحەوە موژدەی پێ بێ**
**چەند یاردەیەک لەولای تاریکییەوە ڕاوەستاوە و**
**بۆ ئاسۆیەکی ڕوناک دەڕوانێ و**

لەنێو ئەم دەربڕین و گوزارشتە هێمایی و وێناکردنانەدا چەندین دۆخی هوشیاریی دەدۆزینەوە و لەزۆر شوێنی دیکەی دەقەکەشدا ئەم جۆرە دەربڕینانە بەرجەستەکراون، بۆ ئەوەی گوتارێکی کاریگەری فکری دروست بکات، لەوانە:

هەستکردن: (پیاوێکی ترساو). فکر کردنەوەیە لەڕێگە و شێواز و هۆکاری (هەستکردن) بەدۆخی پیاوێکی (ترساو)، ئەم پیاوە ترساوە هیچ قسەیەک ناکات و زمانی شکاوە، یان نوتقی گیراوە و ناتوانێت زاری لێک بکاتەوە. بەرد قسە بکات، ئەو نابێتە ئاخاوتن. شاعیر شتەکان دەگێڕێتەوە، فکر دەکاتەوە و لەڕێگەی بەڵگەکانەوە هەموو ئەو نیشانە واتادارانە دەنەخشێنێت، کە دەبنە مایەی فکر کردنەوە و دروستکردنی وێنەیەکی زهنی پڕ لەجووڵە و بەرهەمهێن و خاوەن فکر لەنێو مێشک و لێکدانەوەی خوێنەرەکانی. شاعیر بەتەنیا وەسفی پیاوێکی ترساومان بۆ ناکات، بەڵکو دەیەوێت وێناکردنێکی فکری پەیوەست بەهۆکارەکانی ئەم ترس و هەستەمان بۆ نمایش بکات، کە هێشتا ئێمە نازانین هۆکاری ئەم ترسانە چییە.

دەرککردن: دەرک بەوە دەکات، کە لەشێوەی برینێکی زەردی مەسیحەوە موژدەی پێ بێ، بەڵام کە دەڵێت (وەک) ئیدی شتەکانی

نێو ئەم واقیعیەتی لەسەرە ئاماژەی پێکراوە، لەنێو جیهانی واقیعیدا بیرکردنەوەی نێو دەقەکەمان بۆ دەنەخشێنێت، دڵنیا نییە، یان جۆرێک لەڕاراییی و یەکلانەبوونەوە پیشان دەدات. (زەردە برین) جۆرێکە لەوێناکردنێکی نوێ، کە واتای نوێ و کەرەستە و بەڵگەنامەی نوێش لەگەڵ خۆی بۆ هاوکاریی ئەو کەسە دەهێنێتەوە، کە لەدۆخی فکر کردنەوەدایە. (برین هەمیشە سوور) دەبێت، بەڵام (برینی مەسیح) لەوێناکردنێکی نوێدا بە زەرد وەسفکراوە، چونکە برینێکە پیسبووە، پڕ زووخاوە، کێمی کردووە. واقیعی دەرەوەی برین (سوورە)، بەڵام لەنێو فکر کردنەوەی قسەکەری خاوەن گوتاری نێو دەقەکە (برینێکی زەرد) نمایش کراوە، واتە برینێک بە شێوەیەک پیس و بۆگەن بووە، بۆتە کێم و زەرد هەڵگەڕاوە. ڕەنگی زەرد کاریگەریی نەرێنی هەیە وەکو (نیشانەی لاوازییە، ترسی پێوە دیارە، دڵتەنگی و نیگەرانی لەگەڵ خۆی دەهێنێت و زەنگی زەرد نیشانەی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشییە) لەکاتێدا ڕەنگی زەرد ڕەنگێکی جوانی نێو سروشتیشە و ڕەنگی گەشبینییە و ڕەنگی داهێنانی ژیانیشە. ڕەنگی شانازیکردن بەخۆیە، لەهەمان کاتدا ڕەنگی فکر و فکر کردنەوەیە و لەڕاستیدا ڕەنگی زەرد نیشانەی زیرەکییە). (مونیکا نشآت، ٢١ یونیو ٢٠١٦). لێرەدا نیشانە لەنێو نیشانەدا هەیە واتە چەندین هێما و ڕەمزی سیمیۆلۆژیی دەدۆزینەوە، کە هەر یەکێکیان گوزارشتە لەشتێک و دۆخێکی دەروونی و هەڵسوکەوتێکی جیاواز، هەمووشیان بەیەکەوە وێنەیەکی واتاداری نێو واتای شتەکان دەگەیەنن.

بەئاگاهاتنەوە: ئەمە کردەی بەئاگاهێنانەوەی تێدایە، کە ئەو کەسە، ئەو شتە تەنیا زۆر نزیک لەتاریکیی وەستاوە. تاریکیی لێرەدا نیشانە و سیمیۆلۆژیاییە بۆ نەزانین، واتە خودی ئەو تاریکییە نییە، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، بەڵکو ئەو لەنێو نەزاین دایە، بۆیەشە دوای ئەوە ئاماژە بە (مانیفێستێکی بەماسکەوە) دەکات.

بەڵگەهێناوە: ئەو لەنێو ئەم وێنە شیعرییەدا، کە (فکر کردنەوەی) لەخۆگرتووە، فکر کردنەوەکەش بەشتە هەقیقییەکانی دەرەوەی ناخی مرۆڤ دەسەلمێنرێن، بەڵگە دەهێنێتەوە (برینی زەرد) و (تاریکی) و (ڕوناک) و (ئاسۆ). ئەمانە بەڵگەن بۆ ناکۆکییەکان نێو وێنەکانی بیرکردنەوە، وێناکردن و نیشانە سیمیۆلۆژییەکانی پێکهاتەی کەسایەتی ئەو کەسەی لەمێژە قسەی لەبارەوە کراوە و ئێستا بەزمانێکی سەردەمیانە و بەڕۆحێکی نوێ و بەگەڕان بەدوای مانیفێستێکی هاوچەرخ تێ دەکۆشێت.

شاعیر بەڵگە دەهێنێتەوە، کە ئەو (بۆ ئاسۆیەکی ڕوناک دەڕوانێت) واتە لە (دۆخی نادڵنیایی و وەستان لەنێو نەزانین) دەپەڕێتەوە بەرەو (ئاسۆیەکی ڕوناک) و (بیرکردنەوە) و هەولیش دەدات ئەم بیرکردنەوەی لەڕێگەی (بەرهەمهێنانەوە) پتەو و قایم بکات، لەڕێگەی وێنەیەک، کە لەنزیک تاریکی وەستاوە و ڕوناکی ئاسۆ دەبینێت، ڕۆبنێتەوە.

ئەم وێنەکردنەوە، وێنەیەکی سینەمایش لەخۆ دەگرێت، قسەکەر و خاوەنی گوتاری شیعرەکە، لەچوارچێوەی گوتاری شیعرییدا شتێکمان بۆ دەگەڕێتەوە، کە (پیاوێکی ترساو) ئەم شتانەی تێدا

بەرجەستەیە. بێ ئەوەی شاعیر وەسفی ئەم پیاوە ترساوە بکات، (دۆخی دەروونی و نیشانەکانی فکر کردنەوە و دۆخی کێشە و بابەت و ئینجا لێکدانەوەمان) بۆ دەکێشێت.

(سمکۆ موحەمەد) لەنێو شیعرەکانی و لەنێو گوتارەکانی ئەو بابەتانەی لەنێو کتێبە کۆمەڵایەتی و فکری و ڕۆشنبیرییەکانیدا دەیانووسێت، دوو شتمان بەئاشکرا پێ دەڵێت، کە (فکر کردنەوە و بەڵگە) دوو بنەمای گرنگن بۆ لێکدانەوە و بەهەمهێنانی گوتارێکی کارا و نوێ. ئەمەش پەیوەندی بە سیمیۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی گوتاری دەقەوە هەیە. پەیوەندییان بەخستنە بەردەستی هەموو ئەو شتانەیە، کە لەنێو واقیعی دەرەکەیی، واتە لەدەرەوەی (فکر و مێشک و تێفکرینی مرۆڤدا هەن) لەپێناو هاریکاری دەرخستن و ناسینەوەی هەقیەتی فکر کردنەوەکە.

گوتاری نێو ئەم وێناکردنە، یان لەم بەشەی دەقەکەیدا بەڕای من بۆ سەر چەند بەشێک و فکر کردنەویەک و کەرەستە و دۆخێکی جیاواز و لەهەمان کاتیشدا یەکگرتوو، ئینجا بەیەک بەستراو دابەشکراوە، کە بەم شێوەیە وەسفی دەکات:

(دەڵێ هەموو نهێنییەکان سبەی لەسەر بانەوە دەیبیستن). ئەمە گوتاری ئەم بەشەیە، یان کۆدی ئەم بەشەی نێو وێنە شیعرییەکە. شاعیر بۆمان دەگێڕێتەوە و قسەی ئەوی نادیارمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە (پیاوێکی ترساو)ە. ئەم پیاوە (کێیە و لەکوێیە و چ ڕەنگ و هێز و مەخلوقێکە) دیار نییە، تەنیا هێندە نەبێت، ئێمە دەخاتە نێو بیرۆکە و بیرکردنەوەی هەمەجۆری ئەوتۆ، کە ئەو (پیاوێکی ترساوە)، بۆچی؟

هێشتا دیار نییه. لەسەر زاری ئەم پیاوە پێمان دەڵێت، هەواڵ و زانیاریی و بەڵگەی ئەوەمان پێ دەبەخشێت، کە (هەموو نهێنییەکان) واتە بابەتەکە بریتییە لەنهێنییەکان و (سبەی) وەکو کات، وەکو بەئاگاهێنانەوەی ئەوەی چاوەڕوان بن و بیر بکەنەوە سبەینێ ئەم بابەتە ڕا دەگەیەنرێت و شوێنی ڕاگەیاندراویش (سەربانە).

سیمیۆلۆژیا لەشیکردنەوەی گوتاری هەر دەقێکدا هاوکاریمان دەکات، کە (سەربان) لەنێو ڕووداوەکانی ئەم بابەتەی پەیوەندیی بە (شتی نهێنی) هەوە هەیە، چ واتا و هێما و نیشانەیەکەمان پێ دەگەیەنێت. لێرەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت لەڕووی شێواز و شێوەی ڕاپەڕاندنی کارەکەدا (سەربان) هێما و ڕەمز و نیشانەیە بۆ (بەئاشکرا قسەکردن)، (بەکراوەیی و بێ ترس و ئازدانە ئاخاوتن و ڕاگەیاندنی ئەو شتانەی بڤەن).

لەم دەربڕینەدا، کە دەڵێت: "دەیبیستن" گەلێک شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، یان لەڕێگەی نیشانە زمانەوانییەکان و ڕێزمانییەکە، دۆخی دەروونی، گوێگر و قسەکەر و ئەو کەسەی شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە بەدیار دەکەوێت. سەرباری ئەوەش قسەکەری یەکەم، کە خودی شاعیرە شتەکانی ئەومان بەزاری خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، لەکاتی (ئاشکراکردنی نهێنییەکان لەسەر بان) ئەو خۆی لەوێ نابێت، کە دەڵێت: "دەیبیستن" واتە (ئێوە)، بێ ئەوەی (ئەو) خۆی لەگەڵ گوێگرە قسە ئاراستەکراوەکان بێت، نیشانی دەدات (ڕاستەوخۆ گوێبستی قسەکانی ئەو) دەبن، بەڵام خۆی بەپێی واقیعی دەرەکی نێو ناخی فکر کردنەوە هیچ ئامادەییەکی نابێت.

مەبەستم ئەوەیە لەکاتێکدا شاعیر (سمکۆ موحەمەد) قسەی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەگێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکی ڕووداوەکان لەگەڵمانە و بەشدارە و بوونی هەیە، بەڵام کە (سبەینێ ئەو قسە دەکات)، ئەو خۆی خستۆتە دەرەوەی ئەو بازنەیە، کە شتە بنەڕەتییەکانی تێدا ڕوودەدات.

سەیری ئەم گەمەی لەوێ بوون و لەوێ نەبوونە بکە، شاعیر خۆی هەقایەتخوانە، بەڵام بۆ ئەوەی بەخوێنەرەکانی بڵێت ڕووداوەکان و بەئاشکرا ئاشکراکردنی شتەکان لەسەر بان، لەدەرەوەی کۆنترۆڵی منە، ئەوە منم نیم قسەکەر، بەڵکو ئەو ئاخێوەرە و من گوێگرم.

**تاکو دەڵێت:**

**وادیارە بانگی ئاشکرا هێشتا شکۆفەی نەکردووە**

ئەمە مانای شاراوەی ڕووداوێکە، پێمان دەبێژێت لێرەدا دۆخەکە دەگۆڕێت، جۆرێک لەهەژانی ناخەکی دروست دەکات و دەڵێت "بانگی ئاشکرا شکۆفەی نەداوە" و لەهەمان گاڤیشدا هەر خۆی (ئاگادارمان دەکاتەوە و پێمان ڕادەگەیەنێت و بەڵگەمان پێ دەبەخشێت)، کە (نەبوونی بانگی ئاشکرا، مانای شاراوەی هەیە)، دەبێت خوێنەر بەدوایدا بچێت. هەموو شاراوەیەکیش پەیوەندی بەنهێنی و پێشبینییەوە هەیە.

ئەو لەنێو واتای نێو واتاکەدا وێنەیەکی بۆ دروستکردووین، کە (شتی شاراوە) هەیە. ئەم شتە شاراوەیەوە لەمێژە بەردەوامە و نەبڕاوەتەوە. واتە مرۆڤ لەنێوان (بانگی ئاشکرای سەربان و هێشتا

شکۆفە نەدانی بانگی ئاشکرا) لەململانێ و ناکۆکی و ترسێکی زۆر دایە، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری (ترسانی ئەو پیاوە) بێت، کە هێشتا ناسنامەی دیار نییە و ئێمە نازنین چ جۆرە پیاوێکە و لەچ دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و خودیدا دەژیت.

ناسنامەی پیاوە ترساوەکە دیار نییە (خەڵکی کوێیە، تەمەنی چەندە ، لەچ ئاستێکی ڕۆشنبیرییە، سەر بە چ چینێکە، شارییە یان گوندی) و لێ هەندێک نیشانە، هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەتی لەبارەوە وێناکراون پێشبینی دەکرێت، وەکو پێناسە و ناسنامەیەکی گشتی بۆ کەسەکە ببنە نیشانە و هێمای کۆمەڵایەتی و زمانەوانی بۆ ناساندن و ناسینەوە کارەکتەرەکە.

با لەم وشانە ورد بینەوە: (بانگدان) واتە (خاوەنی فکر)، (بانگدان واتە خاوەنی مانیفێست)، واتە (ڕۆشنبیر و خوێندەوار)، لەهەمان کاتدا نیشانەکان نیشانەن، وتاکان، واتان بۆ ئەوەی (هێشتا شکۆفەی نەدواوە). هۆکارەکانیشی (شاراوەن). ئەم شاراوەییە نیشانەی سیمیۆلۆژییە بۆ دەرخستن و وێناکردنی وێنەی دەروونی پیاوێک، کە (پیاوێکە) لەدۆخی (نەناسراوی)، (تاکە کەسێکە)، (ترساوە)، یان (تۆقێنراوە).

ئێمە کاتێک لەنێو واتادا بیر لەواتای (کات)، یان لەنێو شوێندا واتای (شوێن) و لەنێو ناسنامەی کەسی کەسەکەدا، واتای (کەسایەتی) و ئەرکی کارەکتەر و چۆنیەتی بیرکردنەوەی دەدۆزینەوە. لەنێو نیشانە باوەکاندا (نیشانە سیمیۆلۆژییە) هەمەجۆرەکان شیکار دەکەین.

من لەگۆشەنیگایەک دەق دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ گوتارەکەی بەرهەم بهێنمەوە، کە مەرج نییە هەمان دیدگا و بۆچوونی دەقنووس بێت، دەقنووس لەگۆشەنیگایەک دەق بەرهەم

دەهێنێت، کە مەرج نییە سەرتاپای پەیوەست بێت بەمەزاجی خوێنەر و ڕەچاوکردن و مەزەندە و خواستی وەرگرەکانی تێدا ڕەچاو کرابێت، تاکو گوتارێک دروست بکات (هەست و نەستی) خوێنەر بەتەواوی بجووڵێنێت و کاریگەری لەسەر دروست بکات و بیروبۆچوونێکی لادروست بکات، کە تەنیا خۆی مەبەستیەتی. کاڤێک گوتاری دەقەکە بەرهەم دەهێنرێتەوە، کە خوێنەر بەشداری لەتەواوکردنی پێکهاتەکانی نێو دەقەکە و لێکدانەوەیان و سەرلەنوێ پێدانەوەی مانای نوێ دەکات، ئەو کات دەزانین ئەم نووسینە کاریگەر و فرە ڕەهەند و مرۆڤ دۆستانەیە.

**سمکۆ دەڵێت:**

**هەستم ڕاگرتووە**
**ئەمە کۆتایی دیمەنە کۆنەکانی مێژووە**
**دووبارە بوونەوەی تاعون و مالاریایە**
**ئاماژەکان نوزەیان لێبڕاوە و پیاوەکانیش زمانیان**

شاعیر ئاماژە بەدۆخێکی دەروونی دەکات، ئەم دۆخە دەروونییە لەچوارچێوەی لۆژیکی فکر کردنەودا وێنا دەکات و بەهەندێک ڕووداوی بەڵگەداریان دەبەستێتەوە. (هەستم ڕاگرتووە) دەقا و دەق واتای ئەوەمان پێ دەدات، کە بیر لەدۆخێکی تایبەت دەکاتەوە و سەرنجێکی قووڵی بەرانبەر بابەت و ڕووداو و شتێک هەیە و دەیەوێت هەندێک نیشانەی نادیاری نێو نیشانە دیارە چاوەڕوانکراوەکانی ئێستامان بۆ وەسف بکات، یان پێڕا بگەیەنێت،

کەلای خوێنەر دیار نییە، یان هەستپێکراو نییە، بەڵام ئەو بۆ سەلماندێکی لۆژیکانە بیرکردنەوەی خۆی بەشت و بابەتی بەڵگەدار دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی باشتر لەگەڵ وەرگرەکانی گفتوگۆ بکات. بەڵگەی (بوونی تاعون و مالاریا) لەمێژوودا.

زانست هەمیشە پشت بەلۆژیک دەبەستێت و لۆژیکیش لەڕێگەی بەڵگەوە پشتڕاست دەکرێتەوە، پشتڕاستکردنەوەش بەرهەمهێنانی وێنەیەکی شیعرییە لەنێو گوتارێکی شیعریی هاوچەرخدا. شاعیر لەم دەقەدا پەیوەندییەکی پتەوی بەمێژووەوە هەیە، بەڵام پەیوەندییەکی لۆژیکی، ئەو مێژوو ڕەتناکاتەوە، بەڵکو مێژوو وەکو بەڵگەیەک بۆ هاریکاریی و سەلماندنی ئەم نیشانە فکریی و تێفکرینە زهنیانەی خۆی بەکار دەهێنێت، کە وەکو نیشانەی سیمیۆلۆژی لەنێو زمانی دەقدا دەبینرێن.

لێرەدا (کۆتایی دیمەنە کۆنەکان) و (دووبارە بوونەی تاعون و مەلاریا) سەرەتا وەکو وێنەیەکی دوور لەمەزەندەی خوێنەر دەردەکەون، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کات و دەرکەوتنی ڕووداوە هەقیقییەکان، دەبینرێت پەتایەکی ترسناکتر، کە نیشانەکانی نێو شیعرەکە وێنای کردووە، دەردەکەوێت. نازانم شاعیر بەمەبەست ئەم وێنەیەی خولقاندووە، یان تووشی کورتبینی لەلێکدانەوە هاتووە. گرنگ هەرچیەک بێت، ئەمە دەبێتە نیشانەیەک بۆ نیشانەکانی مێژوو، لای منی خوێنەر، بەڵگەکان ئاشکران، ئاشکراییەکە وەکو نەگونجان خۆی نمایش دەکات، بەڵام (دووبارە بوونەوە) وەکو واتایەکی نیشانەیی، کە بەردەوامی هەیە لێکدانەوە و شیکردنەوەی تازەمان لا دروست دەکەن، ئەویش پەیوەندیی بەوردیی و قووڵی تێڕوانینەکانی شاعیرەوە هەیە.

ئەگەر شاعیر بیەوێت وەسفی (ئێستا) بەم جۆرە بکات، پێشبینی ئەوەی کردووە کارەساتێکی دیکەی وەکو تاعون و مەلاریا ڕوو دەدەن، بەڵام کاتێک دەڵێت (ئەمە کۆتایی دیمەنە کۆنەکانی مێژووە)، فکر و نیشانە و واتاکان بەرەو مێژوومان دەگێڕنەوە، نەک فکر کردنەوە لەنێو ئێستادا و بەستانەوەمان بەئێستا. ئەگەر بگوترابایە ئەمە (بیرهێنانەوەی دیمەنە کۆنەکانی مێژووە) ڕەنگ بوو باشتر ئەم بەشەی وێنە شیعرییەکە لەگەڵ بەشی دووەمی وێنە شیعرییەکە لەڕووی واتا و مەبەست بگونجابایە و هاوسەنگییەکی لەبارتر دروست ببووایە.

من لەشیکردنەوەکاندا پشت بە تیۆر و بنەماکانی پراگماتیک دەبەستم، چونکە ئامانجی من پشکنینی بەدیهێنانی (واتا و مەبەستە) لەڕێگەی بەکارهێنانی زماندا، دەق لەکردەوەدا بەکارهێنانی زمانە، نەک لەشێوەدا، یان ڕێزمان و فۆرم، بەڵکو گوتارە لەپێناو دروستکردنی واتا و گەیاندنی فکرەیەک و پەیام و جێبەجێکردنی ژمارەیەک مەبەست و ڕاپەڕاندنی ژمارەیەک ئەرک. سیمیۆلۆژیا وەکو زانستێکی سەربەخۆ خزمایەتییەکی پتەوی لەگەڵ پراگماتیک هەیە، کە هەردووکیان دەیانەوێت (ئەرک و توانا و هێزی) بەکارهێنانی زمانمان بۆ پێناسە بکەن.

سیمیۆلۆژیا بایەخ بەهەقیقەتێک دەدات، کە توانای دەرککردنی تێدایە و بەستراوەتە بەدۆخی هوشیاریی و مەبەستێک دروست دەکات تاکو هوشیارانە ئەم دۆخانە بزانرێن، لەپێناو ئەوەی کەسی بینەر بیروبۆچوونەکانی بناسێتەوە. کردەی پەیوەندیکردن بابەتی سیمیۆلۆژیایە). (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٣٨).

## واتا و مەبەستی گوتاری شیعریی

لای (میشیل فۆکۆ) گوتار زاراوەیەکە هەموو شێوەکانی ژیانی ڕۆشنبیریی و پۆلێنکردنەکانی لەخۆ گرتووە. (جان ستروک، ١٩٩٦، ٩٨). ئەم گشتگیرییە لە گوتاردا، توانای هێزی دەربڕین و وێناکردن لەدەقی شیعریی لاواز دەکات، شیعر لەشتە تایبەتەکان دەدوێت، وێنەکان چەندە گشتگیرش بن، بەڵام دەیان نیشانە لەخۆ دەگرن بۆ خودی وێنەکان، وەکو چۆن دەڵێن (واتای شیعرەکە لەدڵی شاعیر دایە) هەرچەندە ئەمە بۆچوونێکی کلاسیکییە، لەشیکردنەوەی نوێی دەقدا پەنا وەبەر شێواز و ڕێبازی دیکە دەبرێت بۆنمونە (دریدە) لەهەڵوەشانەوە گەرایدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەر تەنیا شاعیر شتەکان نازانێت. لەکاتێکدا گوتار ئاسانکاریمان بۆ دەکات شتە شاراوەکان ئاشکرا بکات، یان هۆکار و ڕێگە و بنەماکانی ئاشکرابوونیان بداتە دەست خوێنەر. سیمیۆلۆژیا کار دەکات ئەو شتانە پێکبهێنێت، کە دەتوانرێت ببنە سەرەتا بۆ دەرککردنی نیشانەکان. گوتار خاوەنی کەشێکی مەعریفی و دەروونییە هاوکارمان دەبێت بۆ ئەوەی نیشانەکان شیکار بکەین. سیمیۆلۆژیا نیشانەکان دەدۆزێتەوە و دیاریان دەکات و هێماکان ساخ دەکاتەوە، گوتاریش ژمارەیەک ئەرک ڕادەپەڕێنێت، لەبیری نەکەین هەردوو تیۆر ئەرکیان بەدیهێنانی (کردەی پەیوەندیکردنە).

شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی پێکهاتەی دەقەکانی (فکر و واتا و مەبەست) و (شێوەی شیعرەکە) کردەی پەیوەندیکردن لەگەڵ وەرگر و خوێنەرەکانی دروست بکات. (سمکۆ موحەمەد) لەتەک پێڕەوکردنی

چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی شیعریی و دروستکردنی فکرە و وێنە لەنێو گوتاری شیعردا، لەبیری ناچێت (دەقی شیعریی) دونیایەکی (خەیاڵیی) دروست دەکات. فکر و تێفکرین لەنێو دەقدا هەندێک جار هەقیقەت و واقیع لەشێوەی فکرێکی خەیاڵی وێنا دەکاتەوە. لەگوتاردا مەبەست و بابەت و پەیام بەرهەم دەهێنێت. لەم دەقەدا شاعیر (مەبەستێکی فکری) لەپشت مانیفێستێکی نوێ هەیە، وێنەیەکی تازە لەدووبارەبوونەوەی تاعون وێنا دەکاتەوە و واتایەکی قووڵی فکری دروست دەکات، کە پەیوەندی بەچارەنووسی مرۆڤ و بەرتەسکبوونەوەی سنوورەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

هەندێک پێیان وایە شیعر ئامرازی گواستنەوەی فکرە، (سۆسێر)یش پێی وایە زمانەوانی بەشێکە لەدەروونناسی کۆمەڵایەتی و (چۆمسکی) یش ڕای وایە زمان بەشێکە لەدەروونناسی مەعریفی. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٥١ ). بەپێی ئەم لێکدانەوانە گوتاری شیعری ئەرکی گواستنەوەی پەیامێکە لەنێرەر بۆ وەرگر، کە ئەمەش لەڕێگەی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردنەوە بەدیدێت.

لای (فۆکۆ) گوتار بەرانبەر بێدەنگییە، جیاوازی لەنێوان هێما و هێمابۆکراو، خودیی و بابەتیی، هێما و واتا نییە. (جان سروک، ١٩٩٦، ١٠٣)، هەروەها لەبارەی گوتار (فۆکۆ) دەڵێت گوتار ژیان نییە، کاتەکەی هەمان کاتی ئێوە نییە، شتی تێدایە لەگەڵ مردن ناگونجێت.. لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی دەیڵێن، ئێوە کەسێک دروست دەکەن، کە خودی ئەم کەسە پتر لەتەمەنی خۆی دەژیت، واتا ژیانی لەوە درێژتر دەردەکەوێت کەبەکردەوە چەند ژیاوە. (جان ستروک، ١٩٩٦، ١٠٠).

**سمکۆ دەڵێت:**

**زەین بدە**
**هەر ستوونەکانی شار نیین دەبن بەقامیش**
**هەر کڵاوی قیتی چیاکان نیین دەبن بەقەلەڕەش**
**هەر سینگی وشکی ئەم زەوییە نییە دەبنە مەیدانی جەنگ**
**هەر دەریاکان نیین دەبنە جۆگەلەی بۆگەن**
**زایەڵدارەکانیش بە گوێی خۆیاندا دەنگدەدەنەوە و جنێو بەخۆیان دەدەن**

کردەی ئاگادارکردنەوە: (زەین بدە) لەڕاستیدا ئەمە کردە قسەیە و کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان قسەر و گوێرەکانی لەڕێگەی بەئاگاهێنانەوە و ئاگاداری و بانگکردن و زەنگ بۆ لێدان ڕادەپەڕێنێت.

کردەی ڕەتکردنەوە: (هەر ستونەکانی شار نین دەبن بەقامیش) واتە ڕەتی دەکاتەوە شتێک ببێتە شتێک، نیشانەیەک لەشێوەی (ستوونی شار) و نیشانەیەکی دیکە لەشێوەی (قامیش) وێناکراوە. کردەی نەفی و ڕەتکردنەوەیان تێدایە. کاتێ کڵاو نابنە قەلەڕەش و سینگی وشک و مەیدانی جەنگ. لەڕووی واتاییەوە ڕستەکە واتای پێچەوانەیان هەیە، ئەم شتانە هەر بەتەنیا نەبوونەتە ئەم شتانە بەڵکو (زایەڵدارەکانیش) لەگوێی خۆیاندا دەنگ دەدەنەوە و جنێو بەخۆیان دەدەن.

شاعیر لەم وێناکردنە شیعرییەدا (فکر)ەیەکی قووڵمان لەبارەی کارەساتی جەنگ پێ دەدات، بیرۆکەی ئەوەشمان پێشکەش دەکات، کە چۆن شتەکان لەسایەی ئەم پەیوەندییە خراپە گۆڕانی تێدا ڕوودەدات. لەسایەی پەیوەندییەکانی نێو شار، (بەڵێ شار) خەریکە زەوی دەبێتە

مەیدانی جەنگ.. لەشاردا (زایەڵدارەکانیش) ڕقیان لەخۆیان دەبێتەوە و جوێن بەخۆیان دەدەن و بەگوێی خۆیاندا دەنگ دەدەنەوە.

(ڤان دایک) لەگۆشەنیگایەکی جیاوازە شیکاری گوتار دەکات و پێ وایە دەقی گوتار پەیوەستە بە، یەکەم: گۆشەی ڕووداوەکان، دووەم: بەکارهێنانی ڕستەکان، سێیەم: کردە قسەکان. (احمد فواس، ٢٠٠٤، ٢٣). کردە قسەکانیش لەڕێگەی تەنیا قسە بێ ئەوەی جەستە بەشدار بێت ژمارەیەک کردە ڕادەپەڕێنێت، کە هەندێکیان بریتیین لە (هوشیارکردنەوە، ڕاگەیاندن، نمایش، ڕیکلام، بڕیار و حوکم، ئاگادارکردنەوە، هاندان.. تاد). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کردە قسە و پێکهاتەکانی بڕوانە (غازی حەسەن، ٢٠١٧، نامەی ماستەر زانکۆی سۆران).

لەشیکردنەوەی ئەم گوتارە شیعرییەی لای (سمکۆ موحەمەد) بەرهەمهێنراوە، ئەم بێدەنگییە تێک دەشکێنرێت و لەئاکامدا دەنگ دەداتەوە. هێماکان بەرانبەر هێماکانن و واتا بەرانبەر واتایە و هاوکێشەکان وەکو یەکن و لەیەک دەچن. (شار و چیاکان و دەریا و سینگی زەوی) هێمان، لەهەمان کاتدا هێمابۆکراون بۆ واتا و مەبەستێک، کە قووڵتر و فراونترە لەم بوونە واتاییە سروشتییەی لەنێو وشەکاندا، یان ئەو شتانەی ئاماژەیان پێکراوە هەیە.

کردەی نمایش: بەکارهێنانی (هەر) و دووبارە بوونەوەی لەنێو ڕستە و وێنە شیعرییەکاندا کردەی نمایش و نواندنمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە نمایشی شتێک لەنێو شتێکی دیکە نیشان دەدات. زمان لەئەنجامی بەکارهێناندا ژمارەیەک کردە ڕادەپەڕێنێت، کە لەبواری پراگماتیکدا بە (کردە قسە) ناسراوە. (غازی حەسەن، نامەی ماستەر، ٢٠١٧).

بۆ نموونە (ستوون لەنێو قامیش) و (کڵاوی قیتی چیاکان لەنێو قەلەڕەش) و (سینگی وشکی زەوی لەنێو مەیدانی جەنگ) و (دەریا لەنێو جۆگەلەی بۆگەن) نمایش دەکات، ئامانجیش لەمە ئەوەیە شتێکی گەورەی وەکو کردەیەکی نەکردە لەنێو شتێکی بچووکتر نیشان بدات. لەواقیعی سروشتیدا هیچ کەلوپەلێکی گەورە ناخرێتە نێو کەلوپەلێکی دیکەی بچووک، واتە لەڕووی قەوارە و شوێن ئەمە ڕوونادات، بەڵام لەڕووی واتایی و لەزمانی شیعر و لەنێو وێنەی هونەری شیعریدا ئەمە ئاساییە و جوانی و هێز و گوزارشتێکی خەیاڵی دروست دەکات، بۆیەشە دەیوانین بڵێین لەکردەوەدا خەیاڵ گوزارشت و زمانی دونیای شیعرە.

بەپێی بۆچونەکانی (فۆکۆ) جیاوازیی لەنێوان مانا و بەها و هێما و نیشانەکانی ئەو شتانە نامێنێت و ئەو شتە سروشتیانە بە (نیشانە و هێما و ڕەمزی) واتایی و مەبەستداری وەکو ( قامیش، قەلەڕەش، مەیدانی جەنگ، جۆگەلەی بۆگەن و جنێو بەخۆدان) دەگۆڕێت، لەکاتێکدا ئەمانە ئاماژەن بۆ (مەبەست و خواستێک)، کە بەڵگەی شتەکانمان بۆ دەردەخات و دەتوانن هاوکاریمان بکەن بۆ دۆزینەوەی (نیشانە سیمیۆلۆژییەکان)ی نێو دەقەکە.

یان بەیەکچوواندنی(ستوون و قامیش) و (کڵاوی قیت و قەلەڕەش) و (سینگی وشک و مەیدانی جەنگ) و (دەریاکان و جۆگەلەی بۆگەن) و (زایەڵدارەکان و زرینگانەوە بەگوێ خۆیاندا). ئەم شتانە نیشانە و هێمان و لەهەمان کاتدا واتاشن بۆ کۆمەڵێک کردەی جیاوازی فکر کردنەوە و بیرۆکە و لێکدانەوەی نێو گوتاری دەقەکە.

زمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لەگەیاندنی هەواڵ و بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن دەگێڕێت، لەڕێگەی زمانەوە، یان شێوازی دەربڕین و ئاماژەوە کردە قسە ڕادەپەڕێنرێت، بۆیەشە هەندێک پێیان وایە قسەکردن بە زمان بریتییە لەبەدیهێنانی کردە قسەیەک، وەکو کردەیەکی سەلماندنو ساخکردنەوە و فەرمان و سەرسوڕمان و گفتدان ... تد. (عمر بلخير، نوارة بوعياد، revues.univ-ouargla.dz//).

دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم دەقی (وێنەی پیاوێکی زمان شکاو) ژمارەیەک کردە قسەی تێدایە، لەپێناو بەدیهێنانی پەیوەندییەکی چالاک لەنێوان قسەکەر و گوێگر ئەرکێکی ئەخلاقیی و فکری ڕادەپەڕێنێت. ئەو نایەوێت شتێک بۆ هەنووکەی مردوو بڵێت، بەڵکو قسە لەبارەی سبەینەیەکی زیندووی پڕ لەکێشە و ترس و کارەسات و تاعونێکی دیکە و ئاسمانێکی بەدوکەڵی دەستی ئەفسەرێکی شێت دەکات.

## واتا

واتای ڕستە لەواتای وشەکانەوە دەرناکەوێت، دەبێت دەوروبەر بێنینە ناوەوە ئینجا لەمەبەستەکە دەگەین. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ١٨٦). لەم گوتەندا من پێم وایە تێگەیشتن لەوشە پەیوەستە بەتێگەیشتن لەواتا و تێگەیشتن لەدەوروبەری واتای ڕستەش بەهۆی فروانبوونی ئەرکەکەی پتر بەلای واتا و مەبەستدا دەشکێتەوە. واتە دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە (واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی) هەیە، نەک هەر ئەوە بەڵکو پراگماتیک بەشێوەیەکی قوڵتر لەئەرک و بەکارهێنانی زمان و واتاکەی دەکۆڵێتەوە، لەوانە (هێز و ئاوازە و

گریمانه) دەربارەی بەکارهێنان و واتای زمان، ئەو واتایانەی (واتاسازی) بەتەنیا دەسەڵاتی شیکردنەوەیانی نییە، ئەو دەربڕینانەی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەوانبێژین) پێویستیان بەشیکاری چوونە پشت واتای فۆرمە ئاشکراکە هەیە.

زانایەکانی بواری فەلسەفەی زمان پێیان وایە (فرە واتایی پەیوەستە بەدیاریکردنی فرەیی لەبەکارهێناندا لەهەلومەرجە جیاوازەکاندا). (د. محمود فهمی زیدان، ١٩٨٥، ٤٠). ئەمەیە ئەرکی زمان لەدروستکردنی مەبەست و واتا، دەق بێ مەبەست و گوتاری دابڕێنراو لەمەبەست وەکو قەپێلکێکی بۆش دەردەکەوێت. هێزی زمان و بەکارهێنانیش لەنێو گوتاری شیعریدا پەیوەستە بەهێزی فرە واتایی.

ئەو وشانەی نووسەر بەکاریان دەهێنێت پێشوەختە ماناکانی دیاریی کردووە، کە دەیەوێت بیانگەیەنێت و هەروەها ئەنجامیشن. بۆیە زمانەکەی لەڕووی واتا و ئامانجەوە ڕوون و ئاشکران. (جان ستروک، ١٩٩٦، ٧١). نووسەر دەبێت بزانێت لەکوێ و بۆچی وشە هەڵ دەبژێرێت و بەکاریاری دەهێنێت. هەر وشەیەک خاوەنی واتایەکی دیاریکراوی خۆیەتی، دەوروبەری بەکارهێنەکەی لەنێو ڕستەدا وزە و توانا و مەبەستێکی نوێ بەوشەکە دەبەخشێت. (پیاوێکی زمان شکاو) ئەگەر (مەبەست و واتا و ئەرکێکی) جیاواز دروست نەکات، شتێکی سادەی مردوو دەبێت، بەلای کەمەوە شتێک دەبێت، خوێنەر بڕوای پێ ناکەن، بەڵام کاتێک وەکو هێما و قسەی نەستەق و ڕەوانبێژیی و فرە واتایی سەیری دەکرێت، جۆرێک لەبوژانەوەی تێدا بەدی دەکرێت.

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**تەنها شتێک لەپاش مەرگ خۆش بێ. (لاواندنەوەیە)**

(مێژووی ئاین و فەلسەفە چەمکی میتافیزیک و ئایین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە، کە مرۆڤ خۆی جیاکردۆتەوە لە زیندەوەر و گیانلەبەرەکانی دیکە. واتە بۆ ئەو مەرگ کەوتە بەر تیشکی وشیاری مرۆڤەوە هەر بۆیەش پێوەندی نێوان فەلسەفە و میتافیزیک و ئایین لەگەڵ مەرگ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیە و ساتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان ڕاستەوخۆ دەرەنجامی وشیاری پێشوەختە بە دیاردەی مەرگ). (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ١٣٧).

مرۆڤ لەدوای مردن هیچ هەستێک و بیرەوەرییەک و لێکدانەوەیەکی هەقیقی نامێنێت، کەسیس لەدوای مردن نەگەڕاوەتەوە بزانێت (لاوداندنەوە) چەندە خۆشە. شاعیر واتایەکی نوێ و دیمەنێکی نوێی لەنێو واتا و وێنە سروشتییە ئاساییەکە دروستکردووە. پێشمان دەڵێت دوای مردن تەنیا شتێک خۆشبێت (لاواندنەوەیە). ئەمە دەمان گەڕێنێتەوە نێو کردەی (نمایش، بەئاگاهێنانەوە و بیرەوەریی). تاکی ئێمە (لەگەڵ مێژوو و بوون و داهێنان) ناژیت، بەڵکو لەخەمی (خەمە)، تاکو بزانێت کێ دەیلاوێنێتەوە و بیری لێ دەکاتەوە و سووی بۆ دەبێتەوە. ئەمە کەلتووری بیرکردنەوە و ژیانی ئێمەیە. واتا (لاواندنەوە) هەر تەنیا لاواندنەوە و گریان و سەردولکە و ئەم شین و شەپۆڕە نییە، کە زیندوو بۆ خۆشەویستەکانیان دوای مردن دەیکا، بەڵکو پەیوەندیی بەشێواز و ستایلی بیرکردنەوەی تاکی کورد هەیە. ئەمە کەلتوور و ئاستی

ڕۆشنبیریی و دونیابینی کەسەکانە، کە خەمی دوای مردنیانە، نەک پێش مردن و ژیان. ئێمە لەنێو (مردن)دا دەژین، نەک لەنێو (ژیاندان بژین).

زانستی واتاسازیی لەبارەی واتاوە (meaning) لەسێ جۆر دەکۆڵێتەوە لەوانە (بیرکردنەوەیZ و ڕەچاوکردنەکانی Z بیروباوەڕ و متمانەیZ و ئەم پەیوەندییە سروشتییەی لەنێوانیاندا هەیە). (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٥١). (سمکۆ موحەمەد) پێی وایە (ئینسان خۆی ماددەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لەنێو کۆمەڵگە و بنەماڵە و خێزان پەروەردە دەبێت و لەوێشەوە کێشەکانی سەرهەڵدەدەن و لەوێشەوە مردن دەبێتە پرسێکی کۆمەڵایەتی). (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ٨٨).

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**ئەوان لەبڕی ئەوەی بە مۆزیک مردن پوچەڵ بکەنەوە**
**بیللییەک فڕێدەدەنە سەر مێز و جگەرەی بێئومێدی دادەگیرسێنن**

کردەی بیرکردنەوە لەنێو ئەم گوزارشت و وێناکردنە بریتییە لە (مردن پووچەل بکەنەوە) ئەمە بیرکردنەوەیە لەشتێک کە ئاسان نییە ڕووبدات، مردن پووچەل بکرێتەوە، دوا بخرێت. لە هەمان کاتدا کردەی چاوەڕوانکردنیشی تێدایە، کە (بیللییەک فڕێ دەدەن)، ئەمە لەیاریی کردندا (واتای داکشانی پتر بەرەو بردنەوە) نیشان دەدات، بەڵام لەکردەی (بیروباوەڕ و متمانەدا) ئەوەیە لە (جیاتی بەکارهێنانی) میوزیک (قومار) دەکەن. ئەمە واتا بنەڕەتییەکەی ئەم وێنە شیعرییەمان بۆ وێنا دەکات، کە چۆن ئەمانە لەڕێگەی (ئارامبوونەوە و پەنا بردنە بەر جوانی و دامرکانەوەی دەروونی لەڕێگەی مۆسیقا، پەنا وەبەر

بیرکردنەوە و ڕەچاوکردن و ئومێدێک دەبەن، کە بریتییە لە (قومار) کردن بە ژیان. شاعیر ئەمەش دەبەستێتەوە بە(خەتای خەتابارێک)ە، کە (نەیهێشتووە لەسەر زەوی گرەو بکەین).

با نموونەیەک بهێنینەوە، ئێمە دەزانین وشەی مێز دەربڕی شتێکی ماتریالییە، کە بەهەستەکان هەستی پێ دەکرێت، بەڵام وشەی شعور دەربڕی شتێک و دۆخێکە، کە ماددی نییە، یان دەربڕی ژمارەیەک توانای عەقڵی و دۆخی دەروونییە. (د. محمود فهمی زیدان، ١٩٨٥، ٢٣). واتا بەشێوەیەک دروست دەبێت، کە پەیوەندیی بەشێوازی بەکارهێنانەوە هەیە. ئەگەر سەرنجی بۆچوونێکی دیکە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت، یەکەم: سینتاکس. دووەم: واتاسازی. سێیەم پراگماتیک (pragmatics) بەواتای پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی (User)، واتە (قسەکەر و گوێگر). (د. محمدمعروف فتاح) دێت، لەلیکۆڵینەوەی دەقی گوتار دەبێت ڕەچاوی هێما و شێوازی بەکارهێنەکان بکەین، دەوروبەریش پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان و ئەرکی زمانمان لەنێو دەقدا بۆ بەرجەستە دەکات.

**سمکۆ دەڵێت:**

**هیچ هۆشیارییەک ناتوانێ رۆژگار بژمێرێت**
**هیچ هەڵمێک دڵۆپە ئاوێک وێنا ناکات**
**هیچ وەرزێکی نوێ لەسەر رۆخی ئەم تابلۆ تێکشکاوانە نانووسێ**
**هیچ شتێک جارێکی تر بریسکە ناداتەوە**

فەلسەفەی نوێ پێی وایە نە ژیان و نە مەرگ ڕەها نین، بەڵکو ڕوانینی مرۆڤ ئەو ڕەهاییە دروست دەکات. یان هەندێک مەسەلەکەیان لەڕوانگەی فەلسەفە وا وەسفکردووە کە ئەوەی لەناخی ئێمەدا شاردراوەتەوە مردنە، ئەوەش کە بیرمان دەچێت هەر مردنە، ئەوەش کە سێرەمان لێ دەگرێت نەمرییە، بۆیە بەردەوام لەگەڵ ژیاندا لەململانێ داین دژی مردن. (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ٢٢).

ئەمە ئەو هێمایانەن هەموویان بە (هیچ) بەستراونەتەوە، کە کردەی ڕەهای (ڕەتکردنەوە/ نەفی) لەنێو دەقەکەدا بەرهەم دەهێنێت. لەبەکارهێنانی ئەم وێنە و دەربڕین و واتا و هێما زهنیانەی شاعیر لەنێو مێشک و لێکدانەوەی خۆیدا دروستی کردوون، پێمان دەڵێت ئیدی تەواو هوشیار ناتوانێت کار بکات و هەڵم دڵۆپە ناکات و وەرزی نوێ نابێت و شتەکان نابریسکێنەوە. پێمان دەڵێت ئیتر ناتوانرێت مردن پووچ بکرێتەوە. بەواتایەکی دیکە ژیان تەسلیم بە مردن دەبێت. ئەمە واتایەکمان بۆ دروست دەکات، کە بەهیچ شێوەیەک وێنەی (ژیان) مان بەواتا سروشتییەکە بۆ وێنا ناکات، بەڵکو بەخەیاڵێکی ناڕاستەوخۆ باسی ژیان و کارەسات و گۆڕانە خراپەکانی بەردەم ژیان و پووچانەوەی ژیان دەکات، بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا وێنەی سروشتی مردن و هۆکارەکانی مردن و خۆبەدەستەوەدانمان بۆ وێنا دەکات.

(هایدگەر قوڵتر لەبوون تێڕادەمێنێت و لەخودی بووندا بەدوای بوونێکی قوڵتر لەبوونی ئینساندا دەگەڕێت، چونکە ئەو ئەگەرەکانی بوون بۆ خاوەندارێتی و ڕەسەنێتی و ناڕەسەنێتی دەگەڕێنێتەوە، کە لەخەسڵەتی بوونی ئینساندا هەیە. ئەو دواتر ئەو بوارە گفتوگۆی

لەبارەوە دەکات. ئەو جیهانەی زیاتر لەمانەیەکی هەیە بۆ بوون، بەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە تێگەیشتن لەبوون و هەموو هەبووەکانی دیکە لەگەڵ شتەکان و دەوروبەر لەگەڵ کەسانی دیکە ئاشکرا دەبن، ئەلێرەوە هەموو خودناسێک پرسیار لەبوونی خۆی دەکات و پرسیارەکەذ ئەپستمۆلۆژیانەیە و ئەو گومانە دەخاتە نێوان ئیدیالیزم و ڕیالیزم، بەمانەیەکی دیکە مردن خود بەرەو ڕەسەنایەتی دەبات. (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ١٦).

## شیکردنەوەی شێواز (ستایل)

یەکێک لەو ئەرکانەی لەشیکردنەوەی دەقدا پێویستە بیری لێبکەینەوە و لێی تێبگەین شیکردنەوەی ستایلە، نووسەر لەڕێگەی شێوازدا دەتوانێت پتر لەشتێک، مەبەستێک لەئەنجامی تەنیا یەک وشەدا بەرهەم بهێنێت، بەواتایەکی دیکە جۆری شێوازی نووسین، دەسەڵات دەداتە وشە و خودی نووسەریش. ناویان لەم بوارە ناوە (شیکردنەوەی ستایل) و (فۆکۆ) پێی وایە (ستایل بریتییە لەوەی دەتوانرێت هەمان شت بەشێوەی جیاواز بگوترێت لەژێر فشاری پێویستیی باڵای وشە بەکارهێنراوەکاندا). (جان ستروک، ١٩٩٦، ١٠٣).

بەپێی بۆچوونەکانی (فنگشتاین) ڕاپۆرتی واقیع تەنیا ئەرکی بنەڕەتیی زمان نییە، بەڵکو ژمارەیەک ئەرکی گەورەی هەیە وەکو فەرماندان، یان گوزارشت لەشتێک، یان نمایش و تەمسیلی لەسەر شانۆ، گێڕانەوەی حیکایەت و ڕاپەڕاندنی کردەی سەڵاو و سوپاس، هەروەها ئەوەیشی دەرخست، کە وشە لەنێو زماندا هەر تەنیا یەک

واتای دیاریکراوی نییە، بەڵکو واتای وشە پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمانەکەوە. (د. محمود فهمی زیدان، ١٩٨٥، ٤٠).

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

هیچ هوشیارییەک ناتوانێ ڕۆژگار بژمێرێت

لە ریگەی ئەم شێوازە بەکارهێنراوەدا (سمکۆ) ڕاستەوخۆ باسی ئەوەمان بۆ ناکات، کە (کات/ زەمەن) زۆر خێرا دەڕوات، بەڵکو دەڵێت (هیچ هوشیارییەک)، هوشیاریی لێرەدا دەکرێت یەکسان بکرێت بەژمارەیەک شت لەوانە (ئامێر، زانست، توانای زانستی مرۆڤ لەلێکدانەوەی دیاردەکانی نێو ژیان.. تاد).

ئەمە ستایلێکە ناڕاستەوخۆ شتێکمان پێ دەڵێت، کە هەموو شتێکی لەبارەوە نەگوتراوە. ئەو باسی (کات/ ڕۆژگار)مان بۆ دەکات، کات خێرا دەڕوات و هیچ، بەڵێ هیچ هێزێک نییە بیژمێرێت. شاعیر شتێکی گوتووە، لەڕێگەی شتێکی دیکەوە. (هیچ هوشیارییەک) واتە (هیچ مەعریفە و زانست و تەکەنەلۆژیا و هێزێک) ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات. (ئەم هیچ)ە واتای سڕینەوە و بەتاڵکردنەوەی هەموو شتێکی دیکە دێت، یان وەکو (فۆکۆ) دەبێژێت (هەمان شت بەشێوەیەکی دیکە بگوترێت). ڕێک ئەم شێوازە، کە لەنێو دەقی شیعریدا باڵادەستە، وا دەکات نووسەر بەردەوام بەدوای دروستکردنی وێنەی شیعریی و زمانێکی ئاوس بەواتا و دەربڕینی کاریگەر و وروژێنەر و مەبەستی نادیار و خەیاڵیش ببات.

زمان دەچێتە پشت گفتوگۆی شیکاریی، مرۆڤ شتەکان بەوشە دروست دەکات. (جان ستروک، ١٩٩٦، ١٤٨). زمانی شیعر ئەو توانایەی هەیە، هەمیشە بچێتە ژێرکەوڵی وشەکان، لەنێو دەماری واتادا وزە ببەخشێتە فرەواتایی و لەپشت گفتوگۆکاندا دەکرێت پتر لەتەنیا مەبەستێک و واتایەک و وزە و گوزارشت و وێنەیەک دروست بکات.

(هیچ.. هیچ) گفتوگۆیە لەنێوان وشە و عەقڵی وەرگرەکانی دەقەکە، شاعیر بە خوێنەرەکانی دەڵێت (ئێوە دەزانن، هوشیارن، ئاگاتان لەوەیە ئیدی هیچ شتێک لەنێو ئەو شتانە نادۆزنەوە کە ئومێد بەخش بێت و مردن پووچ بکاتەوە). بۆیەشە دەڵێت:

(هیچ وەرزێکی نوێ لەسەر ڕۆخی ئەم تابلۆ تێکشکاوانە نانووسێ). با من وەکو خوێنەر نەخشەیەکی زمانەوانی، نەخشەیەکی پراگماتیکی واتا و نەخشەیەکی مەبەستەکانی نێو گوتاری شیعرەکە بنەخشێنم، بەم جۆرە:

(هیچ یەکسانە بە لەناوچوونی وزە و ئومێد و سڕانەوە و توانەوەی هەموو توانستێک). (وەرز) بریتییە لەبەردەوامی و گۆڕانکاریی و پێشکەوتنی ژیان. (تابلۆ بریتییە لەوێنە و خەیاڵ و خواست و ئیرادە و کارەکانی مرۆڤ، واتە داهێنانی مرۆڤ و لەهەمان گاڤیشدا جۆرێکە لە بەڵگە و سەرچاوەیەکی بەرجەستەی ماتریالیی)، (تێکشکاو واتای لەدەستچوون و خراپبوون و شێوان و بێ ئومێد بوون و کاولبوون، مایەپووچ بوون) دەگەیەنێت. (نانووسێ). ئەمە (مەبەست و پەیام و ئامانجی گوتارەکەیە، کە

شاعیر دەڵێت (ئیدی هیچ نانووسێت). ئەمە (دەستبەرداربوون و خۆبەدەستەوەدان و کۆتاییهاتن و دەرچوونە لەتۆمارکردنی مێژوو و بیرەوەریی و بووندا). ئەگەر (گاندیانە) سەیری هیچ و مردن و سڕینەوە بکرێت، ناچارکردن نییە، بەڵکو قەناعەت پێکردن گرنگە. ئەو بڕوای وایە (بەرگریکردن خاڵییە لەتوندتیژی، ناچارکردنی بەرانبەر نییە بەڵکو قەناعەت پێکردنێتی). (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ٢٤). بڕوانە (رامین جیهان بەگلو، ١٧٧).

واتە لەڕێگەی پراگماتیکدا دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە (نەنووسینی وەرزەکان بەواتای وەستان و کۆتایی گۆڕانکاریی و نوێبوونەوە و وەستانی کات) دێت. (یان بەهۆی نەنووسینی نوێ) واتە (هەرچی هەیە و دەمێنێتەوە لەنێو یادگاریی و مێژوو، ڕۆخی تابلۆ تێکشکاوەکە هەموو شتە کۆنە باوە بەسەرچووەکانە). ئەمەش شاعیر دەگەنێتە ئاستێک بڵێت:

هیچ شتێک جارێکی تر بریسکە ناداتەوە.

بەواتای ئەوەی لەڕووی دەروونیی و فکرییەوە شاعیر پێی وایە (هەموو شتێک بەرەو وەستانە) و (بریسکە جارێکی دیکە دیار نامێنێت). ئەمە بەواتای کوژانەوەیە، بەواتایی دابڕان و وەستان و چوونە بەرەو مەرگ، کە پێچەوانەی ژیانە. (هیچ و جارێکی تر) جۆرێک لەیەکلابوونەوە و بڕیار و ساخکردنەوەی تێدایە لەڕێگەی دروستکردنی بەڵگە لەڕێگەی واتای نێو واتاکانی دەقەکە.

شاعیر بەڵگەی ئەوەمان بۆ دروست دەکات کە (تابلۆی شکاو) و (وەرزی نوێ نەبۆوە) و (هوشیاریی نەکارێت شتێک بکات) و

(شتەکان لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان نەڕۆن) ، ئیدی گرەو لەسەر زەوی هیچ سوودی نییە و لەئاکامدا مردن پووچ ناکرێتەوە.

(فۆکۆ) پێی وایە لەنێوبردنی یەکجارەکی مەرگ شتێکی گرنگ نییە، هەرچەندە جاران مەرگ سەرچاوەی هەموو شتێک بووە، چونکە ژیان خۆی هەر پوچگۆیی و گەڕەلاوژە و قسەی قۆڕ و سوڵجانی شێتەکان بووە. سەری مرۆڤ بەتاڵە و دواجار هەر دەبێتە کەللەسەر، شێوەیەک خۆی لەهەموو ئەو ئاماژانە وەلاناوە کە ئاماژەبوون بە ئامادەگی بەتینی ئەو، هەروەها ئاماژەبوون بەبێ هێزی نێچیرەکەی ئەوەی مەرگ ئاشکرای دەکات، جگە لە ماسک هیچ شتێکی تر نییە. (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ٢٧). بڕوانە (میشێل فۆکۆ، ، ٢٠١٤، ٢٩).


هێما لای (سۆسێر) یەکبوونێکی لەناکاو، یەکبوونێکیشە لەنێوان دوو جیهانی جیاوازدا، بۆ نموونە فکر لەلایەک و دەنگی مرۆڤ لەلایەکی دیکەدا، کردەی بەیەکەوەبەستنی بەشێکی جیهانی فکر (هێمابۆکراو) و بەشێکی جیهانی دەنگ (هێما) دروست دەکەن. (جان ستروک، ١٩٩٦، ١٤٩). دەکرێت بڵێین جیاوازیی لەنێوان هیما و هێمابۆکراو وەکو جیاوازیی نێوان هوشیاریی و ناهوشیارییە. (وعی و اللاوعی)یە. (جان ستروک ١٩٩٦، ١٥٠).


شاعیریش لەم دەقەدا باسی (هوشیاریی ناکات) بەڵکو ئاماژە بەجیهانێکی پڕ لەترس و نیگەرانی دەکات، کە چی دیکە (هوشیاریی و هیچ هوشیارییەک ناتوانێت ڕزگاری بکات و بیپارێزێت). کە (هەڵم

نەبێتە دڵۆپە ئاو) وەکو مەسەلەیەکی فیزیاویی و کیمیاویی ژیان تووشی وەستان و پووچ بوونەوە دەبات.

ئەو هوشیاریی وەکو مەسەلەیەکی گرنگی (هێما و هێمابۆکراو) لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی زهنی و فکری بەکاردەهێنێت. ئەو باسی(ئاو) مان بۆ دەکات، کە سەرچاوەی ژیانە، بەڵام کە وەرز نەما، کەشوهەوا و وەزرەکانیش دەوەستن، لەئاکامدا (گۆڕنکاریی سروشتی)یش نەما، دونیا بەرەو لەناوچوون و توانەوە و وەستان دەچێت. کە (تیشک و بریسکانەوە نەما)، (هەڵم و دروستبوونەوی ئاو) یش نامێنێت و ئەو کاتە (هەرچی هوشیاریەکی مرۆڤانەش هەبێت، سوودی نابێت)، ئەمەش وەکو بەڵگە بەستراوەتەوە بە (دەرچوونی هەموو شتێک لەڕەوتی ئاسایی). بۆیە ئەگەر دەتەوێت تێبگەی، لەسەرت پێویستە یەکەمجار تێبگەی. ئەگەر ویستت تێبگەی، لەسەرتە تێبگەی. (جان ستروک، ١٩٩٦، ١٦٦). تێگەیشتن و لێکدانەوە و دۆزینەوەی فکر و واتا یەکێکە لەو ئەرکانەی لەشیکردنەوەی گوتاری فکری دەقدا کارێکی پێویستە.

شاعیر لەڕێگەی هێما بۆکراوەکانی نێو هێما زمانەوانییەکی ئەو گوتارە شیعرییەی بەرهەمهێناوە، کە پەیامێکی مەبەستداری تێدایە، لەباسی (هیچ کارا نەمانی ئەم شتانەی ئاماژەی پێکردووە) پێمان دەڵێت: ژیانی سروشتی و ژیانی مرۆڤ و هوشیاریی و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەتەنگەژە دایە، مرۆڤ و کۆمەڵگا بەگشتی بەرەو کارەسات دەچن و شتەکان (هیچیان) کاریگەریی و ڕۆڵیان لەپاراستنی ژیان نامێنێت (مەعریفە و زانست) پێش هەموو شتێک ئەم کاریگەریەیان نامێنێت.


لێکدانەوە
بەڵگە
بیرکردنەوە
وێناکردنی زهنی




**قیسارە و پشیلە شتەکانی دیکە!**

سیمیۆلۆژیا توانایەکی زۆر هەیە شتێک بڵێت، دەربارەی هەموو ئەو شتانەی لێک دابڕێنراون و یەکبوو نین، پەیوەندی نێوان نیشانەکان ئاشکرا دەکات و بەو پێیەی نیشانە و شێوەی هێمادارن شیکاریان دەکات. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٩)

لە دەقی (وێنەی پیاوێکی زمان شکاو)دا ژمارەیەک (نیشانە) و (هێما)ی مانادار، نەک بێ مانا و بێ ئەرک هەن، لەچوارچێوەی سەردەمێکی نوێ و هاوچەرخ وێناکراونەتەوە، بۆ ئەوەی لەنێو مانا کۆنەکەی کەلتووری کۆنی هەزاران ساڵ بەر لەئێستا، یان کەلتووری کۆنی فیرعەونی و کلدان و ئاشوورییەکان مانایەکی نوێ بە فکر و

ڕەهەندی ژیان بدات. شاعیر ئەم هێما و نیشانە مێژوویی و کەلتووریانەی لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی واتاداری هاوچەرخ بەکارهێناوە. ئەمە نیشانەیە بۆ (پەیوەندی دروستکردنەوە، بوژانەوە، لێکدانەوە)ی ئەو هێمایانەی ئێستا، بەچەمک و تێگەیشتن و مەبەستی هاوچەرخانە بەکار دەهێنرێت. بەواتایەکی دیکە (ڕاکردن لەشار) و گەڕانەوە (بۆ گوند)، یان ڕاکردن لە ژاوەژاو و تاوان و قومارچیەتی شار بۆ (پاکی و بەرائەتی گوند). لەهەمان کاتدا (فەشەلی هوشیاریی و مانیفێستەکان و قومار)ی شار دەبێتە هۆکار بۆ مایەپووچکردنی ژیان.

هەندێک سەرچاوەی مێژوویی و کەلتووریی لەنێو دەقی (پیاوێکی زمان شکاو) بەکارهێنراوە، کە پەیوەندییان بەشارستانیەتی کۆنەوە هەیە و هەر یەکەشیان دەربڕی واتا و مەبەستێکی جیاوازن لەنێو دەقەکەدا. نیشانە و سیمبولن بۆ ژمارەیەک مەبەست، کە گوتار بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەنێوان نێرەر و وەرگر بەکاری هێناون، لەوانە:

**قیسارە:**

پێش ئەوەی بچینە نێو مەبەستەکانی شاعیر پێویستە بەپوختی ئاماژە بەمێژووی ئەم ئامێرە و بەکارهێنانی وەکو نیشانە و هێمایەک لەنێو دەقی هاوچەرخدا بکەین. قیسارە ئامێرێکی مۆسیقایە، بەقیسارەی سۆمەری و ئوریش ناسراوە، بەکۆنترین ئامێری ژێداری مۆسیقا لەمێژوو دادەنرێت. (لیونارد ولی توێژەری بەریتانی ساڵی ١٩٢٩ لەگۆڕستانی ئوری شوێنەواری لەخوارووی عێراق ئەم

ئامێرەی دۆزیەوە، لەنێو گۆڕەکان سێ قیسارەی دۆزییەوە. یەکێک لەوانە پەیکەری سەری گایێکی پێوەیە بۆ ساڵی ٤٥٠٠ پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەروەها لاشەی ژمارەیەک ئافرەتیشان دۆزیوەتەوە، کە پاشماوەی (ژێکانی قیسارەیان) بەدەستەوە بووە و لای سەرەوەی ئامێرەکە بەپارچە زێڕ و زیو ڕازێنراونەتەوە. بەپێی قسەکانی (شتاودەر) ی زانای بواری شوێنەواری مۆسیقا، گا لای گەلانی نێوان هەردوو زێ لەکۆنەوە شتێکی پیرۆز بووە، بۆیە بەبەشی پێشەوەی قیسارەیان بەستاوەتەوە. بەپێی بۆچوونەکانی (د. هارتمان) گا لەسەردەمی کۆندا ڕەمزی خواوەند بووە. (د. فەوزی ڕەشید) یش ئەم مەسەلەیە بەسەربڕینی قوربانییەکان دەبەستێتەوە، دەڵێت ئەگەر قوربانییەکە گا بووایە، ئەوا مۆسیقایان بۆ ژەنیوە. (د. سوبحی ڕەشید) یش مەسەلەکە دەبەستێتەوە بەبیروباوەڕی کۆنی ئایینی سەردەمی سۆمەرییەکان. (https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%8).

پەیوەندییەکی دیکە لەنێوان قیسارە و مردن و ئافرەت لەئەفسانەی یۆنانییە کۆنەکاندا هەیە ، ئەویش بەم جۆرەیە لەئەفسانەکانی یۆناندا هاتووە (کە ئۆرفیۆس ژنەکەی بەناوی یۆرۆدیکی دەمرێت، بەپێی ویستی زیۆسی خوداوەند دەبێت ئامێری قیسارە واتە (چەنگ) بۆ مردوو بژەنرێ، تاکو زیندوو دەبێتەوە و بۆ دونیای خوارەوە کە ڕۆحی چووە بۆ دونیای باڵا، ئیدی ئۆرفیۆس هەتا دەتوانێت قیسارە دەژەنێت لەکەنار ڕوبارێکدا و دواتر ڕوناکیەک دێتە خوارەوە و یۆرۆدیکی زیندوو دەبێتەوە و جارێکی تر شاد دەبنەوە). (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ١٠١).

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

وادیارە ئێرە پێشتر دوورگەی قیسارە بووە
دوورگەی لاماسۆ و عەشتار و پشیلە
بۆیە زمانیش وێنای ناکات
چوون من بیستومە

شاعیر (ئێرە) واتە شوێنی قسەکردنی خۆی (کوردستان)، یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان جیهانی ئێرە بە (دوورگەی)ی مۆسیقا ناو دەبات. لەکۆندا (مۆسیقا) لێرە دەرکەوتووە و جێگەی بایەخ بووە، تەنیا بۆ (گا)یە قوربانییەکانیش مۆسیقایان ژەنیوە، بۆ ئەوەی لەکاتی ئازاری (سەربڕیندا) ئارام بێت و لەرێگەی مۆسیقاوە (لەڕووی دەروونیی و ڕۆحییەوە) لەترس و ئازار و ناخۆشیدا دوور بکەوێتەوە.

کەچی لێرەدا لەم شوێنەدا، کە مۆسیقای تێدا دەرکەوتووە، ژیان بۆتە قوربانیی مردن. مۆسیقا هیچ کاریگەریی و بوونێکی ڕۆحی نەماوە. لەکاتێدا قیسارە لای یۆنانییەکان گیان وەبەر مردوو بەخشیوەتەوە و لای فەیلەسووفەکانیش مۆسیقا کاریگەری ڕۆحی دروستکردووە و ئارامی بەگیانی مرۆڤ و توانای بیرکردنەوە دەبەخشێت.

بەجۆرێک ئەم وێنە مێژووییە پشتگوی خراوە، ئیدی (زمانیش وێنای ناکات). مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە لە بێ تواناییدا دەژین، ناتوانن وێنای، وێنە کۆنە هەقیقییەکانی شارستانیەتی خۆشیان بکەن. شاعیر خۆی وێنای خۆی وەکو (بینەرێکی متمانەدار) کردووە، کە دەڵێت (چوون من بیستومە)، ئەو بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ئەو خۆی ئەو شتانەی بینیووە کە لەوێنە و هێما و نیشانە مێژوویی و

فکرییەکاندا ئاماژەی پێکردوون. دواتر شیکاری پێکهاتە و بوونی مێژووی ئەوانی دیکەش دەکەین.

**ئینجا دەڵێت:**

قیسارە حەزی لە ژێیەکانی خۆیەتی بەتەنها بلەرێتەوە
ئێرە شوێنی زەنگ لێدانی ئێوارە خوانێکی بێدەنگە
بۆ خانەوادەنەکان

شاعیر بەجۆرێک وەسفی قیسارە لەم سەردەمەدا دەکات، کە دەیەوێت تەنیا بێت، ئایا مێژووی ئەو ناوچەیە دەتوانێت بەتەنیایی بەردەوام بێت و بجووڵێت و کاریگەریی هەبێت؟ مێژووی مرۆڤایەتی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، تایبەتمەندی ئەم بەشە مێژووە لەنێو مێژووی گشتی جیهاندا (تەنیاییە).

ئەو ئەم (تەنیاییە) بە (زەنگی ئێوارە خوانێکی بێدەنگ) دەبەستێتەوە. (بێدەنگی و تەنیایی) بریتین لەوێناکردنێکی هونەری لەبارەی پەیوەندییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خانەوادەکان. بەکارهێنانی (قیسارە) وەکو هێمایەکی ڕۆحی بەستراوەتەوە بە (بێدەنگی و ئارامیی و تەنیایی).

مۆسیقا هێمایە بۆ دروستکردنی کەشێکی (دەروونی ئارام و هێمن) بەکاردێت، واتە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئێرە دوور لە ئارامیی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە ئاڵۆزە، زەنگی مەترسی، ئاگادارکردنەوە و بەهۆشهێنانەوە لێی داوە، لەکاتێکدا خانەوادەکان لەئێوارە خوانێکی بێدەنگن. ئەم بێ دەنگییە چ دۆخێکی پڕ گومان و

گریمانە و جۆرێکیش لەدڵەڕواکێ و ترسە ئەزەلییەکە دروست دەکات.

وێنەیەکی سینەماییە. هێمایەکی مێژووییە و بەستراوەتەوە بە ئێستا، نیشانە کۆنە شارستانییەکان، بۆ زیندووکردنەوەی چەمکە دەروونی و ئەخلاقی و ڕۆحییەکان بەکارهێنراوە. (بێدەنگی و زەنگ لێدان) دوو دۆخی جیاوازیی دەروونین (یەکێکیان تەنیایی و ئارامیی و کپبوونە) ئەوی دیکەشیان (وریاکردنەوە و بەئاگاهێنانەوە و شکاندنی بێدەنگی و شکاندنی ئارامییە). لەمەدا پراگماتیک بەشێوەیەکی بنەڕەتی هاوکارمان دەبێت باشتر لەواتا و مەبەستی دەقەکە لەچوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراوی بەکارهێنانی خودی زمان و وشەکان بگەین.

## لاماسۆ، یان گای باڵدار

(لاماسۆ) لەنێو مێژووی کۆنی ناوچەکەدا بەم گایە باڵدارەیان گوتووە، کە تاکو ئێستاش پاشماوەکانی پارێزراون. بە سۆمەری و ئەکەدیی بەم گایە باڵدارەیان گووتوە (شیدو لاماسۆ) ئەمەش لەنێو کتێبەکانی ئاشورییەکاندا ناوی هاتووە، کە لەبنەڕەتدا وشەی لاماسۆ لە دوو بەش پێکهاتووە "لامۆ" لەزمانی سۆمەریدا بۆ ڕەگەزی مێی جنۆکە بەکاهێنراوە ئەرکی پاراستنی شارەکان و کۆشک و پەرستاگاکان بووە، بەڵام جنۆکەی نێر بەسۆمەری پێیان گوتووە (ئادلامۆ) و ئاشورییەکان و ئەکەدییەکانیش پێیان گووتوە (شیدۆ). لاماسۆ پەیکەرێکە درێژییەکەی ٤.٤٢ مەترە و لە ٣٠ تۆن قورسترە.

یەکێکە لەنێرەکان و پاسەوانی دەرگای شارەکەی کردووە. هێما و ڕەمزی (هێز و حیکمە و ئازایەتی و شکۆداریی بووە. شارستانیەتی ئاشوریی بە (گای باڵدار) بەنێوبانگ بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی مەملەکەتی ئاشوردا کۆشکی پاشاکانیان لەشاری نەینەوا لاماسۆیان تێدا هەبووە.

بیروڕای زۆر لەبارەی ئەم پەیکەرە لەسەردەمی ئاشورییەکان هەبووە، هەبووە پێی وابووە ئاشورییەکان ئەم گا باڵدارەیان پەرستووە، بەڵام دواتر (جۆن راسل) لەتوێژینەوەکانیدا ئەم بۆچوونانەی ساخکردەوە و کۆتایی بەم بۆچوونە هێنا و گووتی: لەنێو نووسینەکانی پاشای ئاشوورییەکان سەنحاریب بەم جۆرە باسی ئەم گایە باڵدارە کراوە: ئەو پیاوانەی دیل دەکران کۆشکییان بۆ دروست کردم لەسەر دەرگاکەی دوو (ئادلامۆ) وەستاون، بەمە کۆتایی بەم بۆچووانە هێنا، چونکە ناکرێت خواوەند لەبەردەم دەرگا پاسەوانی بکات. هەندێک بۆچوون دەڵێن لاماسۆ نەبوخوزنەسرە (٥٦٢-٦٠٥) لە تەوراتدا ئاماژەی پێکراوە، کە خوا نەبوخونەسری کردۆتە گا، لەکاتێکدا لاماسۆ تەمەنی لەباپیری نەبوخوسنەسریش کۆنترە.

لاماسۆ یەکێکە لەبوونەوەرە ئەفسانەییەکان، گاییکە دوو باڵی هەیە و بەشی سەرەوەی سەری مرۆڤە و پێیەکانیشی هی شێرە. لەسەر مرۆڤە و لەشێوەشدا گایە، بەدرێژایی مێژوو شێوەی جیاوازی وەرگرتووە، هەتا لەسەردەمی ئاشورییەکانیشدا هەندێک جار لەشێوەی سەری مرۆڤ و لاشەی شێری بێ باڵ دروستکراوە. ئەمە تایبەتە بۆ پارێزگاریی خەڵک لەکاتی چوونە سەرشۆرک بۆ خۆشووشتن، بیروباوەڕ و نەریتی کۆنی ئاشورییەکان پێیان وابووە

لەکاتی ڕشتن و جووڵاندنی ئاوی گەرم گیانی شەڕانگێزی، کە پێیان گووتوە (بازوزو) دەردەکەوێت، تەنیا ئافرەتەکان تاکو ئێستاش لەکاتی گەرماو کردن وشەی (کش) بۆ دوورخستنەوەی گیانی شەڕانگێزی خراپەکار بەکاردەهێنن.

لاماسۆ کۆکراوەی چوار هێزە لەوانە (ئازایەتی شێر و هێزی گا و باز لەپیرۆزی و مرۆڤ لەحیکمەتدا). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( The Doctrine of Sin In the Babylonian Religion", Julian (Morgenstern, P: 25, "Book Tree" Publishing, 2002 و ( The Origins of the Zodiac", P: 172 - Courier Dover Publications, (2001 و ( John Malcolm Russel, "Sinnacherib's Palace Without (Rival At Nineveh", P: 101 و (مقال من موقع روسيا اليوم بتاريخ ٢٦ شباط ٢٠١٥.[وصلة مكسورة] نسخة محفوظة 26 مايو ٢٠٢٠).

https://www.facebook.com/424237394431918/posts/9826914 /05253178/).

یەکێکی وەکو (فازل عەبدولواحد عەلی) یش لەبابەتێکی بەناوی (لە سۆمەرەوە بۆ تەورات) دەڵێت: "لاماسۆ گای باڵدار کە لاشەی لە گا و سەری مرۆڤ و باڵەکانی لە باز پێکهاتووە، ئەمانە ڕەمز و هێمان بۆ ئەوەی مرۆڤ خاوەنی بوونەوەرەکانە و بازیش پاشای ئاسمان و شێریش پاشای دڕندەکان و گاکەش هێمایە بۆ پیت و فەڕ و زۆربوون (زاوزێ). (فاضل عبد الواحد علی، (https://www.metmuseum.org/art/collection/search/322609).

دەگوترێت شاری شوێنەواری نەمرود لەلایەن شا (شلمنسەر) ی یەکەمەوە دروست کراوە، بەپێی زاناکانی شوێنەوارناسی لەم ناوچەیەدا دەیان کیلۆ زێڕ هەیە، کە هی چەند پاشایەکی ئاشوری بووە و پێشتر چەند جارێک چەندین پارچە گەوهەر و بەردی بەنرخ و گران بەها و پارچەی زێڕی گەورە دۆزراونەتەوە، هەروەها یەکێکە لەو شوێنانەی بۆ ئەوە پاڵێوراوە رێکخراوی یونسکۆ بیخاتە لیستی کەلەپووری جیهانییەوە.

دیارترین ئەو هێما شوێنەوارییانەی هەن بریتییە لەپەیکەری گای باڵدار، کە دەموچاوی مرۆڤییان پێوەیە و بە(لاماسۆ) دەناسرێن و لەسەر دەروازەی کۆشکی ئاشور ناسر باڵی دووەم پاشای ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری هەبووە.

دامەزراندنی ئەم شارە شوێنەوارییە بۆ سەدەی سێزدەهەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و ناوی شارەکە لەلایەن زانایانی شوێنەوارناسییەوە لە ساڵی ١٨٢٠ دۆزراوە، دواتر چەندین کاری هەڵکۆڵینی تێدا کراوە و لەساڵی ٢٠٠٣ تووشی بەتاڵانبردن بوویەوە و دواتر لەساڵی ٢٠١٤ داعش شارەکەی تەقاندەوە و زیانی زۆری پێگەیاند.

https://www.aa.com.tr/ks/%DA%98%D9%8A%D8%A7%D9%86%86

ئەم زانیاریانەمان بۆ ئەوەبوو تاکو بزانین (سمکۆ موحەمەد) ئەم ڕەمز و هێمایە شارستانی و کۆنەی لەبەرچی بەکارهێناوە، لەڕووی سیمیۆلۆژییەوە نیشانەن بۆچ چەمک و بیرۆکە و وێناکردنێک. ئەو خۆشی لەبارەی بیرکردنەوە لەم کەلتوور و شارستانیەتانە و بیرهێنانەوەی کەلتووری پێکهاتەکانی کوردستان دەڵێت:

"پشتگوێخستنی ئەدەبی کەمینە لەدونیای کوردیدا، پشگوێخستنی ئەدەب نییە بەتەنها، بەڵکو هەژار کردنی نەتەوەیەکە لەڕابردوو، بۆ نمونە ئەوەی لە کوردستان هەیە چەندین سیمبولی کۆنە، کە تائێستا نەناسراون، نەناسینی سیمبولەکانی وەک لاماسۆ و ساموڕای و عشتار لەلایەن کریستیانەکانەوە، لالش و کەڵەشێر وەکو دوو سیمبولی پیرۆزی ئێزیدی و کاکەیی کە ئەدەبیاتیان لەپشتەوەیە، ئەمە پەیوەندی بەخێرا نەبوونی ئەو ئەدەبیاتەوە هەیە، کە لەڕێگەی زمانێکی نا زیندووی نەناسراوەوە خۆی پێشکەش نەکردووە، بەشێک لەو پانتاییەی نەک هەر ئەدەبی ئەو کەمینانەی پاشخستبوو، بەڵکو گورزێکی کوشندەی لەژیانی کۆمەڵایەتیشیان دابوو، ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەبینرێت و کوردەکان بەهۆی نەخوێندنەوە و بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی کولتوور و ئەدەب و دیکۆمێنتە مێژووییەکانیانەوە، ئەدەبەکەشیان پشگوێ خرا، ئەمەش هۆکاری جیاوازی خۆی هەبوو، یەکەم ئەوەیە کە زمانەکەیان هەم تێکەڵ بە زمانی زاڵی کوردستانی نەبووە و بگرە لە زمانی عەرەبی نزیکبۆتەوە وەکو ئەلتەرناتیڤ، هەم تێکەڵ بەفەزای گشتی نەبوونە وەکو پێکهاتەیەک پێگەیان هەبێت و مۆری موڵکیەتی خۆیان لەو بەرهەمانە بنێن، کە تایبەتی خۆی هەیە، تاکو کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوانی دیکە". (سمکۆ موحەمەد ، ٢٠ ئایاری ٢٠١٦، زاری کرمانجی، **http://zarikrmanji.net/archive/index.php?optio).**

(پێیەر بۆردیۆ) کۆمەڵناسی ناسراوی ڕۆژئاوایی لەبارەی کەمینەکانی دونیاوە باسی ترسێک دەکات ئەو پێکهاتانەی بەکەمینە

ناسراون لەبەرامبەر زۆرینە، ئەمە بەشێکی ئاکار و بەشێکی گوتاری زاڵی ئایینیی دروستی کردووە. ئەو دەڵێت: "ئەوان هەر شتێک بکەن خزمەتی ئەوانی ترە و کاتێکیش خزمەتی ئەوانی تر دەکەن، ئەگەر بزانن و شارەزایانە کارەکە بکەن ئەوا خزمەتی خۆیان دەکەن"، بەڵام ئەمە ئێستا پێچەوانەوە بۆتەوە، چونکە ململانێکان پانتاییەکی گەورەترییان داگیرکردووە لەسیاسەت، کە ململانێکە سیفەتێکی چینایەتی وەرگرتووە. (سمکۆ موحەمەد، زاری کرمانجی).

لەدرێژەی ئەم باسە و ئامانج لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕەمز و هێما کۆنانە، کە نیشانەن بۆ فکر و بیرۆکە و نەریت و ئایین و ئەفسانە لەسەردەمی کۆندا (سمکۆ موحەمەد) دەڵێت: "ڕۆماننووس دەتوانێت سیمبولە ئەفسوناوییەکانی وەکو لاماسۆ واتە قیسارە، یان بۆراق، یان سیمرخ و ئەسپەکەی تەروادە و تاد بەکار بهێنێت، وەکو بەرهەمهێنانی خەیاڵی، کە ئەمە شکاندنی ستایلی باوی ڕۆمانە، بەڵکو بەوان و ڕۆماننووسانی ئێستای بەعەرەبەکانیشەوە نەک هەر ئەو توانایەیان نییە، بگرە شارەزاییان لەمێژوو و ئەفسانەی نەتەوەکان نییە و ناتوانن ئەو سیمبولانە تەوزیف بکەن. (سمکۆ موحەمەد، ڕێگای کوردستان، https://www.regaykurdistan.com/index.php).

تەنیا بەکارهێنانی ئەم ڕەمز و هێما و نیشانە کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەلتووریانە لەنێو ئایینەکانیشدا شوێنی گرتووە. ئایینەکان پڕن لەم جۆرە ڕەمزانە، کە شیعر لەخۆیانی دەگرێت. (هەموو ئایینەکان ئەو لۆگۆ خورافییەیان هەیە، بۆ نموونە سامورایی و لاماسۆ، کە گایەکە باڵی هەیە و دەفڕێت و پەیکەری بابل کە شێرێکە و دەیان تێڕامانی بۆ کراوە. لێرەدا لەم مێژووە کۆنە، کە

تەنیا ئەو کۆمەڵگەیە لە کوردستان بوونە و پاشایان هەبووە و ناوی دیسیوس بووە و بە میدییەکان ناسراون و ئایینیان هەبووە، کە زەردەشتی بووە و لۆگۆکەی تاکو ئێستاش دیارە، کەواتە کاریگەری‌ی لەسەر تەواوی ئایینەکانی ناوچەکە هەبووە، چونکی تا ئێستا پاشماوەی ماوە، بۆیە دەکرێت کاریگەری لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە بەسەر ئایینی ئێزیدییەوە هەبوو بێت هەر وەکو ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئێزیدییاتی لەگەڵ یارسانەکان کە خۆیان بە پاشماوەی زەردەشتی دەزانن هەیە. (سمکۆ موحەمەد،٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، https://www.kurdrawm.com/idea/1522/).

(سمکۆ موحەمەد) لەم ڕوانگەیەوە هێما و ڕەمزەکانی شارستانیەتی کۆنی دەڤەرەکە و گەلانی ئەم دەڤەری بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی هاوبەشی و یەکسانی لەنێوان هەمووان دروست بکات و خوێنەر و خەڵک بەم ڕەمزانە ئاشنا بکاتەوە، کە بەرەو لەبیرکردنەوە و سڕانەوە دەبردرێن. لەکاتێکدا ئەم ڕەمزانە کاریگەرییان لەسەر ئایینەکان و پەیوەندیی ئایینی نێوان پێکهاتەکانی کوردستانیش ماوە و بەردەوامیشی هەیە، دەڵێت:

**دوورگەی لاماسۆ و عەشتار و پشیلە**
**بۆیە زمانیش وێنای ناکات.**

**یان دەڵێت:**

**لاماسۆ بەئاسمانی باخۆسییەکاندا دەفڕێ**
**عەشتار چیرۆکی ئاوارەبوونی ئەرمەن دەگێڕێتەوە**
**پشیلە بۆ ئەهرامە داگیرکراوەکان دەمیاوێنێ**
**قومارچییەکان ئاگایان لەوە نییە**

**باخۆس**

یەکێک لەهێما و ڕەمزەکانی نێو دەقەکەی (سمکۆ موحەمەد)، (باخۆس، یان باکۆس) ە، کە خواوەندی شەراب و پیت و فەڕە و لەم بوارە نێوبانگی دەکردووە. ئەمە یەکێکە لەئەفسانە کۆنەکانی ڕۆمانیا. (باخۆس) چۆتە نێو دیۆنیسۆس لەئەفسانەی ڕۆمانی باکۆس/ باخۆس بەشێوەیەکە و بەو کەسانە دەگوترێت کە هاوارهاواریانە لەکاتی مەستیدا، لەبەر هۆکارێکی گونجاودا خۆشەویست و لایەنگرانی باخۆس بەجۆرێک خۆیان خستۆتە دۆخێکی خۆ ژەهراوی کردنەوە، کە مەترسی بخاتە سەر ژیانیان.

لەبەهاراندا ئافرەتەکانی ڕۆمان بەناوی باخۆسەوە ئاهەنگی نهێنیان سازداوە، باخۆس بەستراوەتەوە بە پیتوبەرەکەت و شەراب و ترێ، سەرباری سێکسی بێ بەرانبەر و بەخۆڕایی بۆ

هەموولایەک. باخۆس بەشێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە سەوزایی بەهار بەهۆی بەسترانەوەی بەشەراب و ترێ، ئەمەش خواوەندی فەڕ و داهاتە. لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕدرێت،

باخۆس بەزۆری بەرسیلە و لاولاو و سەوزە گیا ڕازێنراوەتەوە. ئاهەنگەکانی بەجلی ڕەشەوە ئەنجام دەدرێت، ژمارەیەک پیاوانی ئایینی پەیڕەوکارانی ئەون، بزن و بەراز وەکو قوربانی بۆ باخۆس سەربڕاون، چونکە پێیان وایە ئەم دوو گیانەوەرە زیان بە بەرووبوومی ترێ دەگەیەنن، بێ ترێش ناتوانرێت شەراب دروست بکرێت. باخۆس ڕۆلی خواوەندی (رزگارکەر) دەگێڕێت. ئاهەنگە ئایینیەکانی باخۆس لەناوەڕاستی مانگی ئازار ئەنجام دەدرێت بەشێوەی نهێنی لەسەر گردی (ئاڤنتین)، کە تەنیا ئافرەت تێیدا بەشدار دەبن، بەڕێوە دەچێت و بەشدار بووان ئازادن لەقسەکردن و هەر کردەیەک بیانەوێت بیکەن. لەهەمان کاتدا خواوەندی هونەری شانۆگەریش بووە، لە ئەسینیا شانۆی تایبەتی خۆی هەبووە. وەها وێناکراوە، کە کەسایەتییەکی بووە کەمێک بایەخی بە بەرووبووم و فەڕ داوە و نوکتەی نوێی گوتووە و بەشێوەیەکی گشتی سۆزدارانە هەڵسوکەتی کردووە. **(باخوس ، الروماني إله النبيذ والخصوبة،**-- https://eferrit.com/%D8%A8%D8).

وەکو گوتمان پێیان گوتووە (باکۆس، یان باخۆس) لەنێو ئەفسانەکانی یۆنان بوونی هەیە و بەخواوەندی شەراب لای یۆنانییە کۆنەکان ناسراوە، بایەخی بەڕێورەسمی ئایینی خۆشی و سێکسی

داوه، یەکێکە لەڕەمز و هێما بەنێوبانگەکانی نێو ئەفسانەی کۆنی ئەغریقی. دیار نییە سەر بە چ نەژاد و نەتەوەیەکە و بڕوایان وایە ئەمە لەڕەچەلەکدا ئەغریقی نییە. بۆ زانیاریی زیارت بڕوانە ( (Smith, William, , 1870, article on Dionysus) و بڕوانە ( 2005،Dalby, Andrew ).

**دەڵێت:**

لاماسۆ بەئاسمانی باخۆسییەکاندا دەفڕێ
ئەم گایە باڵدارەی ئاشووریەکان بەئاسمانی یۆنانییەکاندا دەسوڕێتەوە، ئەمە جۆرێک لەبەیەکە بەستنەوەی دوو شارستانەیەت و کەلتووری مرۆڤایەتی و هەستی مرۆڤبوون نیشان دەدات.

**پشیلە**

یەکێک لەهێماکانی دیکەی نێو ئەم دەقەیە و (پشیلە) وەکو هێمایەکی زیندوو بەستراوەتەوە بەمێژووی کەلتوور و بیرکردنەوە و پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی لای فیرعەونییەکان. (سمکۆ موحەمەد) لەپێناو بیرهێنانەوە و ئینجا لێکدانەوەی هێما ئەفسانەییەکانی کۆنی ناوچەکە و مرۆڤایەتی ئەم چوار کەرەستە و هێما دیارەی وەکو نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی لەنێو گوتاری شیعریی خۆیدا بەکارهێناوە. ئەو دەیەوێت مرۆڤ خۆی لەکەلتووری کۆن و پێکهاتە جیاکانی ناوچەکە و مرۆڤایەتی دانەبڕێت، ئەو لەم ڕێگایەوە وێنەیەکی نوێی

هاوچەرخمان بۆ دروست دەکات، کە پەیوەندیی بە (بیرکردنەوە و چارەنووسی مرۆڤایەتییەوە) هەیە.
ئەو دەیەوێت مرۆڤ لەنێوان (مرۆبوون و گیانەوەر بوون) جیا بکاتەوە، هەر چەندە ئەو دەڵێت گیانەوەر لەنێو کەلتووری کۆندا پێگەیەکی متمانەدار و بڕواپێکراوی بەهێزی لای مرۆڤ هەبووە، کەچی ئێستا (پیرەژنەکانیش پشیلەکان ڕاو دەنێن و ئازاریان دەدەن). یان (وەکو سەگی بەرڵلا و پشیلەی برسی) لەشەقامەکاندا دەمرن. ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات (ئافرەت، ئافرەتی بەتەمەنیش) کە هێما و نیشانەن بۆ کاتی (مێژوویی) و کەرەستەن بۆ (لاشەڕی و بەختەوەریی) ئازاری پشیلە دەدەن. لێرەدا ڕەفتاری (مرۆیانە و گیانەوەریانە) لای مرۆڤ دەردەکەوێت.

**سمکۆ دەڵێت:**

**لاماسۆ بەئاسمانی باخۆسییەکاندا دەفڕێ**
**عەشتار چیرۆکی ئاوارەبوونی ئەرمەن دەگێڕێتەوە**

(لاماسۆ) ی هێما و ڕەمزی گای باڵداری ئاشورییەکان بەئاسمانی باخۆسی یۆنانیدا دەفڕێت، ئەو باخۆسەی هێمایە بۆ (خۆشی و بەختەوەریی و ترێ و شەراب و سێکسی ئازادانەی ئافرەتەکان). عەشتاریش چیرۆکی ئەرمەنەکان دەگێڕێتەوە. چیرۆکی کۆیلەکردن و کوشتار و ئازاری سەدەها هەزار مرۆڤی ڕەشەکوژکراو.
(سمکۆ موحەمەد) (پشیلە) وەکو نیشانە و ڕەمزێکی کۆنی سەردەمی فیرعەونییەکان بەکارهێناوە، پشیلە لای فیرعەونەکان تاکو

ئاستی خواوەند ڕێز لێگیراو بووە. لەهەمان کاتیشدا پشیلەی وەکو نیشانەی گیانەوەرێکی قوربانی و برسی لەشەقامی کوردستان نیشان داوە، یان باشترە بڵێم لە (شاری کوردی) وێناکردووە. دووجۆر پشیلە یەکێکیان گەیشتۆتە پلەی خواوەند و ئەوی دیکەشیان قوربانییە و لەبرسان دەمرێت و پیرەژنەکانیش ئازاریان دەدەن.

## پشیلە لای فیرعەونەکان:

پشیلە لە میسری کۆندا بە "ماو" ناسراوە، پێگەیەکی گرنگی لەنێو کۆمەڵگەی میسری کۆندا هەبووە، بەپشکنینی دی ئێن ئەی دەرکەوتووە کە بۆیەکەمجار پێش ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا پشیلە لەنێوماڵدا کەوی کراوە و بۆتە شتێکی دڵخۆشکەر لەناوچەی (هیلال خەسیب) دا. بەهۆی تواناکانی بۆ کوشتنی مێش و مەگەز و مار بەتایبەتی جۆری کوبرا، پشیلە بۆتە هێمایەکی باش بۆ (نیعمەت و هاوسەنگی) لەگەڵ تێپەڕینی کات نمایشی (پاراستن و پیت و فەڕ و دایکایەتی) دەکات.

ئەم گیانەوەرە لەکۆمەڵگا و ئایینی کۆنی میسرییەکان دەبێتە شتێکی پیرۆز، هەندێک لەپشیلەکان دوای مردنیان بەهەمان کەرەستەی (تحنیط) یان بۆ پاراستن و مانەوەی لاشەکانیان وەکو لاشەی مرۆڤە مردووەکان بۆ بەکارهێنراوە. ساڵی ١٨٨٨ جوتیارێکی میسری گۆڕێکی گەورەی لەنزیک شارۆچکەی (بەنی حەسەن) دۆزیەوە نزیکەی هەشت هەزار پشیلەی (محنط)ی تێدا بووە.

گەیشتۆتە ئەوەی لەسەردەمی خانەوادەی یەکەمی فیرعەونی لەنێوان ٢٩٢٠–٢٧٧٠ پێش زاینی سەرێکی پشیلە دۆزراوەتەوە، کە وەکو هێما و نیشانەیەک بۆ پاراستنی ژووری فیرعەون بۆ پاراستنی لە مار و دووپشک و شەڕانگێزەکان بەکاربهێنراوە. لەتەک ئەوەشدا بایەخێکی زۆریان بەهەڵکەندنی شێوەی پشیلە وەکو وێنەی نێو گۆڕەکان داوە، کە ئاماژەیە بۆ مێژووی بوونی پشیلە و ئەو بایەخەی لەنێو خانەوادەی پاشاکانی فیرعەونییەکان لەبەرانبەر پشیلە هەیانبووە. پشیلە کەویی کراوەکان زۆر بەبایەخەوە پەرستراون و وەکو شتێکی پیرۆز سەیرکراون. کاتێک پشیلەکان دەمردن بەرێزەوە (تحنط) دەکران و کف دەکران و لەگۆڕەکان دەنێژران، ئەمە لەنێو گۆڕی تایبەتی پشیلەکاندا ئەنجام دەدرا. پشیلە وەکو پارێزگاریکەری خواردنەکانی ناو ماڵ بەناوی خواوەندی (باستیت) سەیری دەکرا، پەیکەری بچووکی پشیلە لەنێو پەرستگاکان لەشێوەی خواوەندی (باستیت) دانراون. (القطة فی مصر القدیمة، ویکیپیدیا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84

بۆ زانیاری زیاتر بروانە ئەم سەرچاوانە: Kingdon, JEast African)، 1988. ،) و ( Wade, N، New York Times ١٧-11-٢٠١٩، ١٩-4- ٢٠١٠ ) و ( (2014) ،. ، T Archaeology ) و (Boettger, C. R. (١٩٥٨)، Die Haustiere Afrikas: ihre Herkunft, Bedeutung und A؛ Newberry, P. E. Griffith, F. L. (١٨٩٣)، "Tomb No. 15"، Beni p. ٤١–٥٠ ) و ( Burney, E.

The Theban Necropolis, ،"'Numbered tombs ،W. (1960) .( ٤٤٦–١ .Second, revised *p* .) Part 1: Private Tombs

دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە پشیلەی (کەویی و ماڵی) لەسەردەمی کۆنی میسرییەکاندا پایەکی بەرزی هەبووە و ڕێزلێگیراو بووە، بەگیانەوەرێکی پیرۆز دانراوە. پشیلە وەکو خواوەندی (باستیت) لەشێوەی سەری پشیلە پەرستراوە، لەسەر شێوەی ئافرەتێک و بەسەری پشیلەوە پەیکەر و وێنەی دروستکراوە، کە هێماو ڕەمزی خۆشەویستی و بەڕێکردن بەواتای خواحافیزی بووە. بەکردەوە پشیلە لەسەردەمی فیرعەونەکان شوێنێکی گرنگی لەنێو نەریت و ڕەفتار و نیشانەکانی پەرستندا هەبووە، ڕوای مشکی دەکرد، کە خواردنی هەڵگیراوی لەنێو کۆگاکان دەخوارد. بۆیەشە لەکاتی مردنی وەکو مرۆڤ دەنێژرا. وەکو گوتمان لەشێوەی سەری پشیلە، یان ئافرەت بەسەری پشیلەوە دروست دەکرا، ڕەمزی پیت و بەرەکەت و خۆشەویستی و حەنان و خۆشی و مۆسیقاو و جەژنەکان بووە. (جاد محیدلی، ٢١-٢-٢٠١٩ .(https://www.annahar.com/Arabic.

لەنێو دەقی ئەدەبی جیهانی و عەرەبی و کوردیشدا پشیلە وەکو هێمایەکی (باش، یان خراپ) بەکارهێنراوە، بۆ نموونە (ئەدگار ئالان بو) ی ئەمەریکی کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی بەناوی (پشیلە ڕەشەکە) هەیە و دەڵێت: "دیوارێکم دروستکرد بەهۆی بوونی پێشیلە لەنێو گۆڕدا". لەنێو ئەم دێرەدا (تاوانبار و تاوان) دەبینرێت. لەڕێگەی ئەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کە پشیلەی تێدایە و واتای جوانی و فکریی و هەستی مرۆیی لەنێو بیرەوەرییەکاندا بەچڕی دروست دەکات.

ڕۆماننووسی ئەلمانی (گۆنتەر گراس) یش بایەخی زۆر بەگیانەوەران داوە و یەکێک لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی "پشیلە و مشک"ە. پشیلە لەم بەرهەمەیدا تەنیا هێما و نیشانەیەکە بۆ ژیانێکی ئاڵۆز و دەسنیشاکردنی ئەو بیرۆکانەی خەڵکی ئەو کات بڕوایان پێی هەبووە.

هەروەها (نەجیب مەحفوز) یش پشیلەی بەکارهێناوە و لەیانەی خواردنەوەی پشیلە ڕەشەکەدا، سەرخۆشەکان بەشداری خۆشی و لەزەت و کێشەکانیان دەکەن و بیرۆکەی سەرەکی پەیوەندی بەڕووداوەکان و گێڕانەوە و گرێوە هەیە، کە بەرەو هەقیقەت ئاراستەیان دەکات، لەبەر دڵتەنگیان لەنێو فکرەکانیاندا بەرەو خەیاڵ و ئەفسانە و مێژوو دەگەڕێنەوە.

لەمیسر کتێب بەناوی (پشیلە و عەقیدەی میللی و ڕەسەنایەتی ڕۆشنبیریی) لەلایەن (فواد مرسی ساڵی ٢٠١٠ چاپ بووە، نووسەر لەڕێگەی گێڕانەوە میللیەکاندا کاری کردووە ئەم گیانەوەرە لەنێو خەیاڵدانی میللی میسرییەکان بدۆزێتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکات (پشیلە لەمێژووی کۆنی شارستانیەتی فیرعەونییەکاندا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هوشیاری و ڕۆشنبیریی ئەو کات جێهێشتووە، تاکو گەیشتۆتە ئەوەی پلەی خواوەندی پێ بدەن. ئەم گیانەوەرە بۆ خۆی لەنێو هوشیاری میسرییەکاندا دەوڵەتێکی بۆخۆی دروستکردووە، شوێنێکی داگیرکردووە، هێندە گەورەیە پەیوەستکراوە بەدەیان ڕووداوی سەرسوڕهێنەر و حیکایەتی سەرسامکەر لەنێو سروشتدا).

ڕۆماننووسی عێراقی (زونون ئەیوب) لە (ئەبو هریرە و کوجکا)دا، کە ڕۆمانێکی خەیاڵییە لەبارەی پشیلە کاری کردووە. (موحەمەد عیزەدین ئەلتازی)یش لەڕۆمانەکەی بەناوی (المباءة) بەزمانێکی چڕو پڕی شیعریانە و مێژوویی و ئەفسانەیی و یاسایی و خەیاڵی بەرهەمەکەی دارشتووە، کە تێیدا نمایشی پشیلە و هێما و نیشانە و جوانبێژیی لەنێو پێکهاتەی گێڕانەوەکەدا بەرجەستە کراوە. (عبدالحلیم ماهاما دادولا عبدالرحمن، .(https://jawak.com/%D8%A7%D9%84%D9%82%D8-

دەبێت ئاماژە بە بەرهەماکانی (دکتۆر سوس) بکەم، کە بەرهەمەکانی نێوی (پشیلەی نێو کڵاوەکەیە). ئەم بەرهەمانەی بایەخێکی زۆری لەنێو ئەمەریکا پێ دەدرێت و لەقۆناغەکانی سەرەتایی دەخوێندرێن و سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردەیی و فێکردنن. یەکێکە لەو بەرهەمانەی لەئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ مامۆستایانی زمانی ئینگلیزیی دانی پیانراوە. پشیلە هێمایە بۆ ژیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هەمەجۆر. بایەخ بەهونەری زمان و دۆخی دەروونی دەدات. لەهەمان کاتدا ئەمە هاوکاری قوتابیان دەکات چۆن شیکاری بەرهەمی ئەدەبی لەڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی ئەدەبی بکەن، کە (جەربەزەیی و بابەت و وەسفکردن و ڕەخنە و شیکردنەوەی دەروونی) لەخۆ دەگرێت.

ناسنامەی کەسایەتی لەنێو ئەم دەقانەدا بەرجەستەکراوە کە چەندین هەڵسوکەوت و ڕەفتاری وەکو هێما و نیشانەی لەخۆگرتووە ، لەوانە پژمین و توێنیەتی و توڕەیی و برسیەتی و خواست و

ویست، سەرباری تێربوونی خێرا و وازهێنان لەم شتانە. (https://eferrit.com/%D8%AA%D8%B9%D9%84 ).

لەئەدەبی کوردیشدا بەکارهێنانی گیانەوەر لەنێو دەقدا بەفراوانی بەکارهێنراوە و ئەم گیانەوارانە نوێنەرایەتی ژمارەیەک هێما و نیشانە و ڕەمزی ئەفسانەیی و مێژوویی و سیاسی و کەسی و دەروونیی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و ئەخلاق و مەبەست و بیرۆکەی هەمەلایەن دەکەن. (عەباس عەبدوڵلا یوسف) یەکێکە لەو ڕۆشنبیر و شاعیرانەی پشیلەی وەکو هێما و ڕەمزی فکری و دەروونی و ئەخلاقی بەکارهێناوە تا دەگاتە ئەوەی بەرهەمی بەنێوی (کلکی کتکی پشیلە) بڵاوکردۆتەوە.

**سمکۆ محەمەد دەڵێت:**

**دوورگەی لاماسۆ و عەشتار و پشیلە**
**بۆیە زمانیش وێنای ناکات**

لەم وێنە شیعریەدا (لاماسۆ و عەشتار و پشیلە) سێ هێما و نیشانەی جیاوازن و بۆ مەبەستی جیاواز لەکۆندا بەکارهێنراون، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەمانە بەشێک بوون لەهەقیقەتی سەردەمانێکی کۆن، لەفکر و مەبەست گۆڕاون بۆ کەلتوور و نەریت و ئایین و ئەفسانە و ڕەفتاری مرۆڤەکانی ئەو کات. شاعیر دەڵێت "زمانیش وێنای ناکات"، کەچی لەنێو شیعردا وەکو هێمای مەبەستێکی نوێی سەردەمەکە بەکارهێنراوە. مەبەستێکی قووڵ لەنێو

دەربڕینەکەدا هەیە، کە زمان دەسەڵاتی بەسەر وەسف و گێڕانەوە و بەکارهێنانی ئەم نیشانە کۆنانەدا ناشکێت.

**یان دەڵێت:**

**عەشتار چیرۆکی ئاوارەبوونی ئەرمەن دەگێڕێتەوە**
**پشیلە بۆ ئەهرامە داگیرکراوەکان دەمیاوێنێ**
**قومارچییەکان ئاگایان لەوە نییە**

سەرباری ئەوەی عەشتار لەگێڕانەوەی چیرۆکدا، ئاماژە بەکارەساتی ئاوارەبوون دەکات، کە یەکێکە لەدیاردە و پرۆسە ئازاربەخشەکان، مرۆڤایەتی لەچەندین قۆناغی جیاواز و بەچەندین هۆکار و کێشە دووچاری بووە. (پشیلە)، کە یەکێکە لەسیمبولە گرنگەکانی سەردەمی فیرعەونەکان بۆ ئەهرامەکان دەمیاوێنێت، واتە بیرەوەریی و سۆزی بۆ ئەهرامەکان و مێژووی کۆنی فیرعەونەکان بەبزاڤ کەوتووە. (قومارچییەکان) هێمایە بۆ کەسانی نابەرپرس، یان ئەوانەی چارەنووسی خەڵک و دەوروبەری خۆیان و مێژوو و هەست و نەستیان لەکارکەوتووە و تەنیا بیر لەزەوق و مەرامی دۆڕاوی خۆیان دەکەن. لەبەر کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی و بایەخ نەدان و پشتگوێ خستن، (ئاگایان) لەهیچ نییە. (ئاگا نەبوون) هێمایەکی هزریی و فکریی و دەروونی و ئەخلاقیشە، کە کەسانێک بە (قومارچی) چووێنراون، لەدەرەوەی (هەست و بەرپرسیاریەتی و لێکدانەوە و بیرکردنەوەی جدی و گشتگیر) دەژین. لەلایەک (مێژوو، هێماکانی نێو مێژوو و شارستانیەتی کۆن و کارەساتی کۆچکردن و

ئینجا بیرەوەری و ئاماژەپێکردن بەو شتانە هەیە) لەهەمان کاتدا لەسەردەمی هاوچەرخی ئێمەدا کارەکان لە (قومارچییەکان) چڕکراوەتەوە، کە چڕکردنەوەکە لەپێناو نیشاندانی دۆخێکی نەرێنی و خراپە بەکارهێنراوە.

**یان دەڵێت:**

**ئاگام لەسەگە بەرەڵاکانیش بووە**
**چاوم لەو پشیلانەش بووە**
**بەبێ تاوان لەسەر شەقامەکان بەسکی برسی دەکوژران**
**ئەو پشیلانەی پیرێژنیش بەردیان تێدەگرن**
**من هیچ چارەسەرێکم پێ نییە**

کردەی ئاگالێبوون: شاعیر/ قسەکەر لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی نێو شەقام لەڕێگەی گیانەوەر وەکو هێمای بێ دەسەڵاتی و قوربانی، ئاماژە بە (تاوان و یاسا و بێ تاوانیی و ڕق و قوربانی) دەکات.

کردەی نمایش: لەرێگەی چاولێبوونەوە نمایشی ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە و نیشان دەداتەوە، کە تووشی سەگ و پشیلەکان هاتووە.

کردەی حوکم: قسەکەر حوکم دەدات، کە پشیلەکان بێ تاوان بوون، کە لەڕاستیدا ئەوە مەبەستی خودی پشیلە نییە، بەڵکو پشیلە هێما و نیشانەیە بۆ کەسانێک کە بێ تاوان دەکوژرێن. (پشیلە و ئافرەت) دوو ڕەگەزی قوربانین لەنێو کۆمەڵگادا.

کردەی بڕیار: بڕیار دەدات و بەگوێگرەکانی دەڵێت: "من هیچ چارەسێکم پێ نییە". ئەمە وەکو ئەوە وایە کەسانێک هەبن، لەچاوەڕوانی قسەکەر بن، بۆ ئەوەی شتێکیان بۆ بکات، بەڵام ئەو ڕاشکاوانە (بڕیار) دەدات و بەگوێگرەکانی دەڵێت: "هیچ چارەسەرێکم پێ نییە". ئاماژە بەهیچ هۆکارێک و شتێک ناکات بۆچی هیچ چارەسەری پێ نییە!.

لەم وێنە شیعرییەدا بۆمان دەردەکەوێت لەتەک (ئەو شتانەی دژی سەگی بەرەللا و پشیلەی بێ تاوان) دەکرێت و (پیرەژنەکانیش بەردیان تێ دەگرن) لای ئەو هیچ چارەسەرێکیان نییە، جۆرێکە لە پشتگوێخستن و دوورکەوتنەوەیە لە خەڵک.

تەنیا (دکتۆر سوسی) هەقیقی (سیودۆر سوس جێزل) کە کڵاو لەچیرۆکەکانی لەگەڵ پشیلە بەکار دەهێنێت خۆی ئاشقی سەرکڵاو بووە و بەدەیان سەرکڵاوی هەمەجۆر لەبەشی پشتوەی کتێبخانەکەی لە (سان دیاگۆ) هەبووە. ئەمەشی لەنێو تابلۆ کەسییەکانی خۆی و کارەکانی ڕیکلام و کتێبەکانی بەکارهێناوە. بەم جۆرە دەبینین نیشانەی بازرگانی (د. سوس) لەنێو بیرەوەری و دیدی منداڵان بەشێوەی بەردەوام دەمێنێتەوە. تەنیا لەڕێگەی ئەم کەسایەتییە زۆر کەسایەتی دیکەی دروستکردووە. (ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز) ، Lesile Haufman, t, Feb. 3, 2013, ) https://www.nytimes.com/2013/02/04/ نازانرێت خاوەنی ئەم دەقە شیعرییە خۆی چەندە لەنێو شەقامەکاندا ئازاری پشیلە و سەگەکانی بینیوە، یان خۆی چەندە بەشداری لەم وێنە ئازار بەخشانە کردووە؟ ئەو وێنەیەکی خەیاڵی – هەقیقی وێناکردووە، ئەو وەکو بینەرێک

شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بینەرێک بە بەڵگە واتا و مەبەستی نوێمان بۆ دروست دەکات، بەڵام کاتێک دەگاتە ئەوەی لەدەرەوەی بیرەوەریی و هەست و نەستیدا کارێک بکات، دەڵێت (هیچ چارەسەرێکم پێ نییە!). بەمە قسەکەر وەکو بینەر دەمێنێتەوە و تەنیا کارێک بیکات ئەوەیە هەواڵی ڕووداو و دیمەنە ناخۆش و وێنە مێژووییەکانم بۆ دەگرێتەوە.

دەزانیت بۆ (د. سوس) پشیلەی حەوت ڕۆح وەکو زاناکان وەسفی پشیلەیان کردووە لەنێو بەرهەم و چیرۆکەکانی بەکار دەهێنێت؟. پشیلە سەربەگۆبەند و گاڵتەئامێزیشە لەهەمان کاتدا کارێکی گونجاوە بۆ قوتابیان، لەنێو شەست بەرهەمی ئەم دانەرەدا پەیامی پێشکەوتنخوازیانە بەرجەستەیە. پشیلەکە هەندێک جار لەنێوان هێرشبەر و بێوەیی دایە. (فیلیپ نیل) مامۆستای زمانی ئینگلزیی لە زانکۆی کانساس لەبارەی ئەم چیرۆکانە دەڵێت: پێیان وایە بەکارهێنانی سەرکڵاوی ڕەش جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی تێدایە، منداڵ پێویستیان بەکتێبی جیاوازی هەمەجۆرە. کتێبەکانی (سوس) لەڕێگەی داهێنانی شێوازی شیعر و وێنە هێڵکارییە سورییالییەکان و یاریکردن بەوشە نایابەکان، هاوکاری ملیۆنان منداڵی کردووە خوێنەوەیان لا خۆشەویست بێت. (ڕۆژنامەی یو ئێس تودەی ، Marco della Cave, March.11, 2022, https://www.usatoday.com/story/entertainme ).

مەبەستم لەم ئاماژەیە، ئەوەیە پشیلە، یان گیانەوەر لەنێو دەقی ئەدەبیدا بایەخی زۆری پێ دەدرێت، نەک هەر تەنیا بۆ منداڵان و

پەروەردە، بەڵکو وەکو هێما و ڕەمز و نیشانەی واتایی و هزریش بەکاردەهێنرێن. ئەمانە لەنێو دەقە شیعرییەکەی (سمکۆ موحەمەد) بۆ بیرهێنانەوە و ڕێزگرتنی کەلتووری پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکە کوردستان ئاماژەی پێکراوە، لەهەمان کاتدا هێما و نیشانەی سیمیۆلۆژین بۆ دروستکردنی واتای نوێ و مەبەستی ئامانجدار، کە وەکو بەشێک لەژیان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و گرفتی دەروونی و ئەخلاقیی و هزری مرۆڤ لەسەردەمی هاوچەرخدا بەکارهێنراون.

لەهەمان کاتدا فکرەی ئەوەمان پێ دەبەخشێت و دەمانباتەوە نێو بیرەوەریی مێژوو، پێمان دەڵێت پشیلە لەسەردەمانێکی کۆندا پیرۆز و ڕێزلێگیراو بوو، گەیێنرابووە پلەی خواوەندێکی میهرەبان و خۆشەویست و هێمای فەڕ و بەرەکەت بووە، کەچی لەسەردەمی نوێخوازیی ئێمەدا سەگ و پشیلە لەشەقامەکان لەبرسان دەمرن و پیرەژن ئازاریان دەدەن و بەردیان تێ دەگرن. واتا لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و تەکنەلۆژیا و مەعریفە، مرۆڤ پەیوەندییەکانی لەگەڵ گیانەوەرەکان بەرەو خراپی چووە.

پێویستە ئاماژە بەمەش بکەم وەکو بۆچوونە فەلسەفییەکانی (گۆتە)، (سمکۆ) ش لەڕوانگەیەکی ماتماتیکی و کۆمەڵایەتی سەیری پشیلەی کردووە، چونکە پشیلە هەرچۆنێک باز بدات و لەبەرازیی بکەوێت، ناکەوێتە سەر پشتی و لەسەر پێیەکانی دەچەقێت، سەرباری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی ئێستا خەڵک لە کوردستان لەگەڵ پشیلە دروستیان کردووە. پشیلە بۆتە هێمایەکی فکری و ماتماتیکی و کۆمەڵایەتی لەنێو ئەم دەقەدا. مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە خەڵک لەسەر پشت ناکەون و هاوشێوەی ژیان و شێوازی پشیلە

هەڵسوکەوت دەکەن، کە لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین ئەم وێناکردنە ڕەهەندێکی ئابووری – سیاسیی لەخۆگرتووە.

## زانیاریی و نواندن (نمایش)

بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵک بایەخ بە زانیاریی نادەن و ناپرسن. چۆن دامەزرا، چۆن کۆگا دەکرێت، چۆن دەگوازرێتەوە و چۆن چارەسەر دەکرێت و چۆن بەکاردەهێنرێت ؟ زۆر قسە لەسەر کتێبخانە دەکرێت، کە بریتییە لە (کۆگاکردنی زانیاریی) ئەمە ڕاست نییە، ئەوەی لەکتێبخانەیە کتێبە نەک زانیاریی، ئەم کتێبانەش زانیاری لەخۆ ناگرن بەڵکو لاپەڕەیان تێدایە، هەروەها ئەم لاپەڕانەش نیشانەی جیاوازییان تێدایە نەک زانیاریی، باشە ئەی چۆن ئەم زانیاریانە دروستبوون و لەنێو وێنەکاندا دەرکەوتن؟ زانیاری ئەو کاتە دروست بوو، کە لەنێو لاپەڕەکاندا نمایش و نواندن لەڕێگەی نیشانەکان لەخۆگیرا. ئەمانە پێکدێت لە هێماکان، نمایشکراوەکان واتای ئەوە ناگەیەنێت کە نێوەڕۆک و ناوەخنی ئەم نواندن و نمایش و بەهێماکراوەکانەیە. (کیت دڤیلن، ، ٢٠٠١، ٥٠).

بەواتایەکی دیکە، کە ئێمە هەور بەئاسمانەوە دەبینین، ناچارین کاتێک بۆ کار دەچین دەبێت سەیوان لەگەڵ خۆمان ببەینە دەرەوە. لەبەر ئەوەی شێوەی ئاسمان زانیاری پێداین، کە ڕەنگە باران ببارێت. ( کیت دڤیلن، ٢٠٠١، ٥١).

لەنێو دەقی (وێنەی پیاوێکی زمان شکاو) نمایش و گێڕانەوە و هێما هەیە. ئەگەر پێمان وابێت دەقەکە وەکو (کتێبەکە) زانیاریمان پێ

دەبەخشێت وانییە، پێمان وابێت بەشەکان و پەرەگرافەکان زانیاریمان لا گەلالە دەکەن، وا نییە، لەڕاستیدا ئەوەی دەمانگەیەنێتە زانیاریی و مەعریفەمان پێ دەبەخشێت هێما و نیشانەکانی نێو دەقەکەیە. (مۆنۆلۆگ) زانیاریمان پێ دەدات، کە ئەو کەسەی لەنێو دەقەکەدا قسە دەکات لەگەڵ خۆی و لەنێوەخۆیدا گفتوگۆ دەکات، واتە لەگەڵ خۆی قسە دەکات. ئەم گفتوگۆیەش بەرەو تەواو بوون و کۆتایی هاتن دەچێت، هێشتا تەواو نەبووە، بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (خەریکە) گریمانەی ئەوە دەکات زانیاریی ئەوەمان پێ دەدات، کە خۆدواندنەکە بەرەو تەواوبوون دەچێت. جا زانین ئەم (تەواوبوونە) بەمانای (وەستان و نەمانی وزە و پچڕان دێت)، یان لەبەر ئەوەی پرۆسەکە تەواوبووە و پڕبووە، بۆیە خەریکە کۆتایی دێت. بەواتای ئەوەی یەکێکیان زانیاریی (پڕبوون و گەیشتنە خاڵی کۆتاییە)، (ئەوی دیکەشیان بۆش دەبێت، هیچی تێدا نامێنێت و لەدەست دەچێت).

لەهەمان کاتدا ئەم وێناکردنەوە ئەوەمان پیشان دەدات پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکە لەگەڵ دەوروبەرەکەی پەیوەندییەکی پچڕاوە، بۆیە لەگەڵ خۆی قسە دەکات، یان لەکاتی نائومێدبووندا، بۆ بەزاندنی نائومێدیی و تەنیایی لەگەڵ خۆی دەکەوێتە گفتوگۆیەکەی ورد، خۆی خۆی لەدابڕان دەرباز دەکات، لەڕێگەی قسەکردن لەگەڵ خودی خۆی.

لەناوونیشانی دەقی (وێنەی پیاوێکی زمان شکاو)، ناگەیەنە هیچ زانیارییەک ئەگەر بەشەکانی نێو ڕستە و پێکهاتە و واتا و هزر و لێکدانەوەی نێو دەربڕینەکە شیکار نەکەین. ئەو هەقیقەتی

ڕاستەقینەی ئەو (پیاوە) نادیارەمان بۆ نمایش ناکات، بەڵکو (وێنەی وێنەی هەقیقی پیاوێک) نمایش دەکات. پێشمان دەڵێت (زمانی شکاوە). وەکو (ڕۆژێکی هەور وایە) بۆ تێگەیشتن لەپەیامی ئاسمان، کە ڕەنگە بیکاتە باران، بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە و کاردانەوەمان بۆ ئەم دۆخە (سەیوان) مان پێویستە، بە نیشاندانی (سەیوان) ئەوە نیشان دەدەین، کە زانیاریمان دەستخستووە، ڕەنگە باران بباریێت. (سمکۆ) ش لەڕێگەی وێنەی ناخی وێنەی پیاوێک دەیەوێت واتا و مەبەستێکی تایبەتمان پێ ڕبگەیەنێت،

لەڕێگەی (وێنە) واتا (گرتەی چرکەیەکی وێنەگرتنی وێنە و بوون و هێماکانی نێو وێنەی ئەو پیاوەمان) بۆ نمایش دەکات و لەم ڕێگەیەوە لەنێو وێنەکەدا پێمان گوتراوە کە (پیاوێکی نەناسراو، هەیە، تۆقیوە و لەترسان، لەبەر نیگەرانیی شلەژاوە و ناتوانێت قسە بکات). ئەمانە زانیاریی ئەوەمان پێ دەبەخشن، کە (دۆخێکی تۆقێنەری و روژێنەر و ترسناک هەیە). لەڕێگەی بەشە وردەکانی نێو وێنەکە، بەلێکدانەوە و بەیەکەوە بەستنی کەرەستەکانی نێو وێنەکە، زانیارییمان لەبارەی دۆخی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و هێما و نیشانە واتاییەکان نێو دەقەکە دەست دەکەوێت.

### هێمای کوێرانە

(بارت) لەڕەخنەکانی دەربارەی هەندێک لەبیروبۆچوونەکانی سەردەمی خۆی پێی وابووە ئەمانە (چینێکن و ناوی لێناون ( هێمای کوێرانە)، ئەوان هیچ شتێک نابینن تەنیا یەک واتایی (تەنیا واتایەک)

لەنێو دەق نەبێت، دواتر ئەمانە بەخەڵکی ئاسۆی بەرتەسک ناوبراون). (جان سرتوک، ١٩٩٦، ٧١). ئەمەش ڕەنگە لەنێو شیعردا زۆر جێگەی نەبێتەوە، چونکە شیعر خۆی لەخۆیدا بریتییە لەواتا و وێنە، هەمیشە کار دەکات لەنێو یەک وشەدا پتر لەواتایەک بەدەست بهێنرێت، تەنیا هەندێک جار شاعیر بەمەزەندە و لێکدانەوەی خۆی وێنە و واتای نوێ بۆ شتە کۆنەکان دروست دەکات. بۆ نموونە (پشیلە) لای (سمکۆ موحەمەد) لەنێو (واتا کۆنەکەی) لەسەردەمی فیرعەونییەکاندا، واتای نوێی بۆ دروستکراوە، کە بریتییە لە (برسین و لەشەقامەکاندا دەمرن و پیرەژنیش بەردیان تێ دەگرن). لەکاتێکدا پشیلە لای فیرعەونەکان پیرۆز بووە، بەڵام لەم سەردەمەدا لە (شار) قوربانییە و لەشەقامەکاندا وەکو هیچێکی بێ بەها و ناپیرۆز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. چونکە وێنە شیعرییەکە لەواتایەک پتر لەبارەی کەرەستە و هێماکان بەرهەمهێناوە، ئەم فرە وێنەییە، فرە واتایی و دوورکەوتنە لە هێمای کوێرانەی بەرهەمهێناوە.

بۆیە شیعر هەمیشە لەجیاتی (یەک واتایی) بۆ دروستکردنی وێنە و واتای نوێ، بۆ دەرکەوتنی هێما و ڕەمزی فرە ڕەهەند پەنا وەبەر لادانی واتایی دەبەن. (ئۆلمان) وا پێناسەی واتا دەکات، کە بریتییە لەپەیوەندیی نێوان (ناو) و (ناولێنراو) هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییەدا ڕوویدات، دەبێتە گۆڕان لەواتا و داهێنانی شاعیرش لەئەنجامی بەزاندنی یاساکانەوە دێت. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ١٤٢).

## سمکۆ موحەمەد دەڵێت

ئەسرینی هەر دڕکێک بەخونچەیەکدا چەقیبێت

(دڕک) هێما و نیشانەی (خراپ و ئازار بەخشینە)، (خونچە)ش بریتییە هێما و نیشانەی (ناسکی و جوانی). ئەمانە دوو واتا و دۆخ و چەمکی جیاواز و ڕەنگە دژ بەیەکیشیان دروست کردبێت، لێرەدا لادانی واتایی دروستبووە کاتێک (دڕک فرمێسک) دەبارێنێت و لەهەمان کاتیشدا لادانێکی دیکەش دروستبووە، کە دەڵێت: "فرمسێکی هەر دڕکێک بە خونچەیەکدا دەچەقێت". با سەیری ئەو بکەین لادانەکە لەکوێ دروستبووە. لادانەکە لەوەیە فرمێسک تیژ و ڕەق و بەم شێوەیە شێوە و قالبی نەگرتووە کردەی (چەقین)ی لێ پەیدا ببێت، بۆیە ئەوەم وەکو لادانێکی واتایی داناوە. شاعیر لەم ڕێگەیەوە ئەم لادانە واتاییەی بەرهەمهێناوە، وێنەیەکی شیعریی جیاوازیشی دروستکردووە، تەنیا بیر لەیەک واتا ناکاتەوە.

بۆ نموونە (فرمێسک) نەرم و تەڕە، بەر هەر شتێک بکەوێت خۆی پەرت دەبێت، ئینجا فرمێسک خۆی بەرهەمی (شتێکی ئازار دراوە، لەلایەن ئازار بەخشێک)، نەک (خودی فرمێسک ببێتە سەرچاوەی ئازاردانی خونچە و لەپەڕەکانی خونچە بچەقێت). لێرەدا واتا سروشتییەکەی (فرمێسک و دڕک) دەگۆڕێت، بۆ واتایەکی زهنی و وێنەیەکی نوێی دروستکردووە، کە لای مرۆڤ قوبلکراو نییە، بەڵام لەنێو دەقی شیعرییدا ڕاستێنراوە و بەوێنەیەکی واتایی و ئەدەبی جوان و ڕەوا دادەنرێت.

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**تەماشای چاو بەستراوەکان**
**دومبەڵی ژێر هەنگڵی خوێندکاران**
**پەیکەری لوتشکاوی سەر شەقامەکان**
**قسەی نەبیستراوی لاڵە پەتەکان**
**بزەی سەر لێوی کوێرەکان**
**تەماشای حەوشەی ژنە بێ حەیاکان دەکەم**
**پۆلیسێک زمانی لە کەلەپچەیا وێناکردووە**

ئەگەر بمانەوێت لەئەرکی زمانی شیعریی بگەین، پێویستە لەواتا و پێناسەی خودی شیعر بگەین، کە (ڕیچارد) پێی وایە شیعر (شێوەی هەرە بەرزی سۆزە) و (ڕسکن) یش پێی وایە (زمانی خوازەیە) و (موکارۆفسکی) یش لای وایە زمانی شیعر زەقکردنەوەیە و لادانیشە لەپێوەری باو و ئاساییەکان. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ١٣٧). ئەم پێناسانە ئاسانکاریی ئەوەمان بۆ دەکەن باشتر لەچەمکی شیعر و بەکارهێنانی زمان و بەدیهێنانی مەبەستەکانی نێو گوتاری شیعر بگەین. ئەم وێنە شیعریانەی (سمکۆ موحەمەد) دروستی کردوون، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زمان خاوەنی توانایەکی ئاشکرایە لەزەقکردنەوەی مەبەستەکان و خوازە و لادان لەپێوەرە باوە ئاساییەکان. زمان لەکردەوەدا بەکارهێنانە لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستێکی فکری و هونەریی و ئەخلاقیش.

ئەم وێنە شیعریانە بەزمان دروستکراون (چاو بەستراوی فرمێسک) و دومبەڵ و خوێندکار) و (پەیکەر و لوتی شکاو) و (لالە

پتەکان و قسە نەکردن) و (بزەی کوێرەکان) و(حەوشەی ژنە بێ حەیاکان) و (زمانی کەلەپچەی پۆلیس). ئەمانە خوازە و گوزارشت و گەیاندنی مەبەستەکانی ناخی خودی شاعیرن لەڕێگەی ژمارەیەک هێما، کە وێنەکان (هەستی وێناکردنی مرۆڤمان لەدۆخی جیاواز و دژوار و پڕ گرێ بۆ وێنا دەکەن). هەموو لەدەربڕین و نمایش و گێڕانەوە و مەزەندەی نێو دەقەکە (باسی مرۆڤ وەکو بابەتی سەرەکیی و تەوەری بنەڕەتی گوتاری دەقەکە) دەکەن و لەنێو گوتارەکەدا وێنای وێنە و واتای واتامان بۆ بینا دەکەن. لەهەموو وێنەکاندا (مرۆڤی چاوبەستراو، خوێندکار و پەیکەری مرۆڤ و مرۆڤی لاڵ و کوێر و ژنی بێ حەیا و پۆلیس) ئەمانە تەوەرە بنەڕەتییەکانی نێو ئەم وێنە شیعریانەن.

لادان لەوێناکردن هەیە، ئێمە دەزانین لالەکان قسە ناکەن، تا گوێمان لەقسەکانیان بێت، ئەو وێنەی ئەم دۆخە مرۆییە بەجۆرێک هەڵگێڕاوەتەوە و وێنەیەکی پێچەوانە و چاوەڕوانییەکی چاوەڕوانەکراوی دروستکردووە، کە ئەویش (چۆنیەتی گوێگرتنە لەقسەی لاڵێک)، یان (پۆلیس چۆن زمانی دەبێتە کەلەپچە، لەحەوشەی ژنە بێ حەیاکان) دا ژمارەیەک ڕوانگە و لێکدانەوە و بیرهاتنەوە و بیرەوەریی و کەسایەتی ئەو کارەکتەرانەمان دێنەوە بەر دید، کە ڕەنگە ڕۆژانە لەنێو هەست و بینین و بیرەوەرەییەکانماندا دووپات ببنەوە.

پەیکەری لوتشکاو جۆرێک لەبەزەیی پێدا هاتنەوە و کاریکاتێریانەیە و هەروەها بیرکردنەوەی مرۆڤەکانمان بەرانبەر

پەیکەرەکانی سەر شەقامەکان نیشان دەدات، کە نەک مرۆڤەکان، پەیکەرەکانیش ئەتک دەکرێن. ئەم وێنەیە ڕەنگە هەموو ڕۆژێک ببینین، بەڵام ئێمە زمانی وێناکردن و نمایشکردنەوەی دیمەنەکە و دروستکردنی واتایەکی نوێمان لەبارەی خودی هەمان دیمەنی لوتشکاوی پەیکەرەکان نەبێت، کە شاعیر بەرهەمی هێناوە. ئەمەیە جیاوازیی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی ئاخاوتن.

**تەماشای چاو بەستراوەکان**
**دومبەڵی ژێر هەنگڵی خوێندکاران**
**پەیکەری لوتشکاوی سەر شەقامەکان**
**قسەی نەبیستراوی لاڵە پەتەکان**
**بزەی سەر لێوی کوێرەکان**
**تەماشای حەوشەی ژنە بێ حەیاکان دەکەم**
**پۆلیسێک زمانی لە کەلەپچەیا وێناکردووە**

بارت پێی وایە (ژیان لەرێگەی وشەوە دەبینین و واقیعیەت ئەوەی هێمابۆکراوە لەسەر حیسابی هێما جەختی لێ دەکرێتەوە و واتا پێش دەنگەکان دەکەوێت). (جان ستروک ، ١٩٩٦، ٧٩).

لەم دەقەدا بیرمان لای واتایە، نەک شێوەی وشەکان، وشەکان جۆرێک لەژیانی ئەو کارەکتەرانەمان بۆ وەسف دەکەن، کە هەستەکانمان بەتەنیا هاوکارمان نابن، لەشیکردنەوە و لێکدانەوەیان. کوێر بزەی خۆی و کاردانەوەی ئەوانی دیکە نابینێت، واتە توانای هەستێکی لەدەستداوە. پۆلیسیش هەموو هەستەکانی لەزمانی کەلەپچە کۆکردۆتەوە و ئەوی دیکەشیان هەستەکانی لەفرمێسک و چاو چڕکراوەتەوە. سەربارى هەستی لەدەستدانی دەست و لووت.

ئەمە وێناکردنی هەموو هۆکارەکانی هەستکردنمان بۆ وێنا دەکەن، ئێمە لەڕێگەی واتای نێو وێنە هزرییەکاندا واتایە ڕاستەقینە و بۆچوونە ڕاستەوخۆکە دەبینینەوە، چونکە هەر یەکێک لەم وشانە لەتەک واتا سروشتیی و ئاساییەکەیان واتایەکی دیکەیان لەخۆگرتووە، کە لەڕێگەی شیکردنەوە دەتوانرێت هەستیان پێ بکرێت. ئەمەش لە شیکاری پراگماتیکدا ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە، کە (شیکاری گوتار زیاتر جەخت دەکاتە سەر لایەنی نەگوتراو و نەنووسراو تەنانەت نەگەیشتووش لەنێو ئەو ئاخاوتنەی خەریکە شی دەکاتەوە). (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ١٣٦).

## فەلسەفە و هێما و هێما بۆکراوی واتایی

هێمابۆکراو لایەنێکی زهنییە لەنێو زماندا، لایەنێکە بەشێوەیەکی زۆر پێمان وایە شتێکی نا مادییە، بەڵکو جەخت دەکرێتەوە کە هێمابۆکراو لەنێو مێشکدایە، ڕووداوێکە پەیوەندیی بەهەستە دەمارییەکانەوە هەیە. هێما و هێمابۆکرا لێکجا ناکرێتەوە، تەنیا لەڕوانگەی زمان نەبێت، لەواقیعدا لێکجیا ناکرێنەوە. بۆیە لەنێو ناخدا لەشێوەی فکرە و لەدەرەوەشدا لەشێوەی زمان دەردەکەوێت. (جون ستروک، ١٩٩٦، ١١).

بەواتای ئەوەی کارێکی قورسە لەکاتی ئاخاوتن لەمەبەستی بەکارهێنانی هێما و هێمابۆکراو بگەین، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی و لەپێناو بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن لەژیانی ڕۆژانەی، یان بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنەرانە بەکاری دەهێنێت. مرۆڤ

لەژیانی ڕۆژانەیەدا دەیان دەستەواژە و گوزارشت و وێنەی شیعریی و هێما و هێمابۆکراو و نیشانەی سیمیۆلۆژی بێ مەبەست، یان بەمەبەست بەکار دەهێنێت، بەڵام ئەوانە وەکو دەقێکی نووسراو مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، بەڵام دەقی شیعریی بەرەو ئاراستەیەکمان دەبەن، کە (ویژدان و سۆز و عەقڵ) بەیەکەوە دەجووڵێنن، سەربارى چڕکردنەوەی واتا لەنێو واتا و وێنە لەنێو وێنەدا.

شاعیر واتای نەگوتراو لەنێو واتای ئاشکرا دەپێچێتەوە و بە وەرگرەکانی دەڵێت فەرموون ئەم شتە شاراوانە بدۆزنەوە، کە لەنێو شتە ئاشکراکان شاردوومەتەوە. شیعر دەرفەتی بیکردنەوە و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و وروژاندن لای خوێنەر بەهێز دەکات، وەکو چۆن (د. سوس) بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی خوێندنەوە لای ملیۆنەها منداڵ خۆشەویست بکات.

وێنەکان، نیشانەکان و هێماکان بریتین لە (فکر و سیاسەت و فەلسەفە). بریتین لە (مێژوو، کەلتوور و پێکهاتەی چینایەتی و زولم و زۆر و ئاوارەبوون و داگیرکردن و قومارچیی و بێ ئاگایی). واتا نیشانەیە بۆ وتا، وێنە وێنەیە بۆ وێناکردنی فکرە زهینییەکان، گێڕانەوە مێژوویی داگیرکردن و ئافرەت و سێکس و ئاوارەبوون و قومارچییە نەزانەکان نیشان دەدات. ئەمانە هێمان بۆ هێماکردن بۆ هێماکانی گیانی مرۆڤایەتی.

چۆن کردەی پەیوەندیکردن لەلێکدانەوەی نێوان هێما و مێشک ڕوودەدات، لەڕوانگەی زمانەوانییەوە ئەمە بەدوو جۆر ئەنجام دەردێت لەڕێگەی یەکەم: واتای فەرهەنگی و دیار، دووەم واتای دەوروبەر، کە بەواتای مەبەست ناو دەبرێت. ئەمەش بەسێ قۆناغ

لێک دەدرێتەوە لەوانە (یەکەم: لێکدانەوەی واتا دەربڕاوەکە لەڕێگەی واتای واتای وشەکان و لێکدانەوەیان. دووەم: بەراوردی واتا دەربڕاوەکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا گوتراوە، تاکو بزانێت دەگونجێت، یان نا. سێیەم: ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هەندێک زانیاری کەسی و کەلتووری و دەوروبەر. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ٣٠). بۆ زانیاریی پتر بروانە (جمعه سيد يوسف، ١٩٩٠، ١٢٨ ) و بڕانە ( Adrian , akmajian, Richard, A. .de,ers, Robert, M. Harnich, 1984, 395 )

هەر گاڤێک بمانەوێت باسی پەیوەندی نێوان دەق و فەلسەفە، زمان و فەلسەفە بکەین دەبێت دان بەم ڕاستییە بنێین، کە (مرۆڤ چییە؟) ئەمە پرسیاری کانتە، ئێمە بەدوای ڕەمزی مرۆڤ بووندا دەگەڕێین، لەوەڵامدا دەڵێین مرۆڤ گیانەوەرێکی ڕەمزییە. ڕەمز بەواتای هێما ئەمە پەیوەندی نێوان سیمیۆلۆژیا و فەلسەفەمان لەڕوانگەی زمانەوە بۆ دەردەخات. بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ و گیانەوەر پێویستە لەجیاوازیی نێوان هێماکە بگەڕێین، لەلایەک مرۆڤ جیا دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەدا بەڵگەشە بۆ هاوبەشی لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەردا. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٥١).

ئەمەش لەدوو خاڵدا چڕ کراوەتە، یەکەمیان جیاوازییە و ئەوی دیکەشیان مەملەکەتێکی نوێییە، کە بەشێوەیەکی ڕیشەیی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و واقیع دەگۆڕێت، مرۆڤ چی دیکە لەجیهانی فیزیایی بەرجەستە ناژیت، بەڵکو لەجیهانێکی ڕەمزی هێمایی دەژیت. بۆیە مرۆڤ ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی

شتەکان. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٥٢). بۆ زانیاری پتر لەبارەی مرۆڤ بڕوانە (قاسم حسین صالح، الانسان من هو، دار الحریة، بغداد، ١٩٨١). نیچەش لەبارەی نووسین دەڵێت (من شتێکم و نووسینەکانیشم شتێکی دیکەن). (فریدریش نیتشە، هذا هو الانسان، ترجمة علی مصباح، منشورات الجمل،بدون سنة، ٦٤)

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**لەنەستەقیا ... فەلسەفەش ناشیرین بکات**
**دەمەوێ ئەم مانیفێستە بدڕێنم و ئیمانێکی تر بخوڵقێنم**
**شەو و ڕۆژ تەماشای خوارەوەی ئەم زەمینە دەکەم و منەی بۆشاییەک دەکەم کە خەیاڵە**

شاعیر بەڕاشکاوی ئەم دوو تیۆرە بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ لەنێوان خۆی و واتای مرۆڤبوونیی و جیاوازیی لەگەڵ گیانەوەر و ئەو شوێنەی تێیدا دەژیت و شتەکانی دەوروبەری پەیوەندییەکی بەردەوامی هەیە، مرۆڤ تەنیا لەنێو واقیعدا ناژیت، بەڵکو خەیاڵ و هێماکانن مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوەیەکی نوێ و مانیفێستی نوێ دەبات. ئەمەش پەیوەندی بەهێماکانەوە هەیە. مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێک (لۆژیک و خۆناسین و لێکدانەوەکانی هێندە ڕاست و لۆژیکین)، چی دیکە ناتوانێت خۆی لەنێو واقیعدا لەقالب بدات و جووڵە و بیرکردنەوە و داهێنانی خۆی بکوژێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناگاتە ئاستی دابڕان و جیابوونەوە و چوونە قۆناغێکی باڵاتر و شیاوتر لەو قۆناغە فەلسەفییەی هەیەتی، دیارە بەپێچەوانەوە لای

شاعیر (دەبنە هۆکار و سەرچاوە بۆ ناشیرین کردنی خودی فەلسەفەش) لەکاتێکدا فەلسەفە پشت بەشیکاریی بەڵگەدار و واقیع و ناسینەوەی شتە نادیارەکان دەبەستێت. شاعیر لەکاردانەوەی ئەم (شێوان و ناشیرنکردنە) دا بیر لەدڕاندنی مانیفێستە کۆنەکە دەکاتەوە و دەیەوێت (ئیمان) ێکی دیکە، جیاوازتر لەوەی هەیە بخولقێنێت.

هێما و ڕەمزەکانی نێوان مرۆڤ و گیانەوەر وەکو بیرکردنەوە، مرۆڤ و زمان، مرۆڤ و هزر و عەقڵ و شوێن و ئەو مەمەلەکەتی تێیدا دەژیت و بیردەکاتەوە، وایکردووە شاعیر هەر تەنیا لەئاسمان بۆشایی نەبینێت، بەڵکو لەبەشی خوارەوەی زەویش بۆشاییەک وەکو خەیاڵ دەبینێت. ئەمە تێڕوانینی فەلسەفەیی ژیانە. زمان لەڕێگەی هێما و ڕەمزەوە توانیویەتی ژمارەیەک نیشانەی جیاکردنەوەی (مرۆڤ و گیانەوەر) (مرۆڤی عاقڵ و مرۆڤی بێ ئیمان)، (مرۆڤی یاخیی بوو، مرۆڤی خۆبەدەستەوەدەر)، (مرۆڤێکی خاوەن نەستەق و یەکێکی دوور لە لۆژیک)، مرۆڤێک (داهێنەر و نوێخواز و خاوەن پڕۆژەی مانیفێستی نوێ و دروستکردنی ئیمانی نوێ و مرۆڤێکی تێکشکاو) وێنا دەکات.

لەم دەقەدا مرۆڤ ڕاستەوخۆ لەنێو هێماکاندا دەژیت، نەک تەنیا لەنێو واقیعیدا، پەیوەندی لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری خۆی دروست دەکات، شتەکان بەکاردەهێنێت و بیریان لێ دەکاتەوە و بەرەو بڕیاردان هەنگاو دەنێت، کە دەڵێت: "دەمەوێت ئەم مانیفێستە بدڕێنم".

(ئیمان) نیشانەیە بۆ مانیفێستێکی ڕۆحی ئاییني، نەک فکر و فەلسەفەیەک کە مرۆڤ دایهێناوە، کەچی ئەو خۆی پێچەوانەی

هێماکانی مانیفێستە کۆنەکانە، چونکە ئەم هەر لەم بەیەک بەستنەوە و پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەدا لەگەڵ شتەکاندا هێمایەکی نوێ و واتایەکی نوێ بۆ واقیع و ژیان و مەبەستە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ دروست دەکات و دەڵێت: "منەی بۆشاییەک دەکەم کە خەیاڵە"، ئەم(خەیاڵە) بە (بەشی خوارەوەی زەوی) دەبەستێتەوە. ئەو پەیوەندییە فکریی و تێگەیشتنە فەلسەفی و لێکدانەوە قووڵە، پەیوەندەکانی نێوان خۆی (مرۆڤ) و شتەکان (کەون و بوون و ژیان) دەبەستێتەوە، ئەو پەیوەندییە لەنێوان نیشانە سۆسیۆلۆژییەکانی (مانیفێست و ئیمان) لێکدەداتەوە. نیشانم دەدات مرۆڤ لەنێو هێما و نیشانە واتادارەکان دەژیت، نەک واقیعێکی بێ واتا و نیشانە و هێما.

لەفەلسەفدا بەدوای تەوەرێکی سەرەکی دەگەڕێین ئەویش مرۆڤە، مرۆڤ لەم دەقەدا تەوەری بنەڕەتی و سەرەکی هەموو گێڕانەوە و لێکدانەوە و هەست و نەست و تێڕوانین و وێناکردن و هزراندنێکە. پەیدابوونی مرۆڤ و کێشەکانی خودی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر و جیهان، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ شتەکان و زمان و فکری مرۆڤ. لەدەقی (وێنەی پیاوێکی زمان شکاو) دا بەرجەستەیە و ئەم شتانە دەبینین، شتەکانیش بەتێکشاندنی فەلسەفە باوەکانی ئەم سەردەمە بەستراوەتەوە، ئەو لەچەندین شوێن (مانیفێستەکان) دەدرێنێت، بۆ ئەوەی (ئیمانێکی) نوێ دروست بکات.

کاتێک لەڕوانگەی زمانەوە شیکاری دەق دەکەین، هەر بەتەنیا باسی ئاستەکانی زمان ناکەین، بەڵکو شیکاری پێکهاتەی دەروونی و هەڵچوون و کردەی دەرککردن و نیشانە و هێما و ڕەمزەکانی نێو

دەقەکە دەکەین، کە بەرهەمی فکر و بەدیهێنانی دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەریت و کەلتوور و خورەوشتی مرۆڤەکانن.

زمان کۆگای یادگا نییە، بەڵکو بەرهەمە، واتاش لەدەرەوەی زمان نییە. بەڵکو لەخودی کردەی پێڕاگەیاندن دایە، لەقسەکردن و بەرهەمهێنان دایە.

(سعید بنگراد، http://www.saidbengrad.net/ouv/sca/sca2.htm).

مەبەست ئەوەیە سیمیۆلۆژیا ئەو نیشانانە دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆکار بۆ بەدیهێنانی واتا و فکر، بەرهەمی بەکارهێنانی خودی زمانە.

فەلسەفە ئاماژە بە (مێژوو، هەنووکە و ناکۆیی و کارەساتی مرۆڤایەتی و بەڵگە مێژووییەکان بۆ نیشاندانی نیشانە واتاییەکانی ئێستا) دەکات. ڕاستگۆیی یەکێکە لەبنەما دیارەکانی فەلسەفە. هەندێک دۆخی زمان هەیە پشت بەڕاستگۆیی دەبەستێت و هەشیانە یاریی بەبنەماکانی درۆ لەپێناو ڕاستاندنی هەقیقەتێکی دروستکراو دەکات. هەرچەندە من لەشیکردنەوەی زماندا بڕوام بە درۆ و ڕاستی نییە، بەڵکو پتر مەیلم بەلای گونجان و نەگونجانە، یان شیاو و نەشیاوە، چونکە یەک شت لەیەک کاتدا و ڕەنگە لای یەک کەسیش (ڕاست و درۆ) ش بێت. یان کەسێک بیەوێت (ڕاستگۆیانە و درۆزنانە) ئاخاوتن بکات. قسەکەر دەتوانێت لەیەک کات و شوێندا گوێگرەکانی بە درۆ، یان ڕاستگۆیی پێناسە بکات، چونکە دوور نییە لەناخی هەر یەکێکماندا چەندین کەسایەتی هەبێت، کە بەپێی مەزندەی تایبەتی خۆی و لێکدانەوە و تێفکرینەکانی وێناکردن و لێکدانەوە و مەزەندە بۆ کەسانی بەرانبەری خۆی دەکات.

**بۆ نموونە سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

هاکا بیستمان

ئەفسەرێکی تورە ئاسمانی دوکەڵاوی کردووە و ژیان ڕاوەستا

(ئەفسەرێکی تووڕە) کەسێکی نەناسراوە، بۆ منی خوێنەر هێشتا دیار نییە شاعیر چەندە (ڕاستگۆیانە) وێنەی ئەم ئەفسەرەی وێناکردووە، کە لای ئێمە (ئەفسەرێکی نەناسراوە). تەنیا هێندە دەزانین هێما و نیشانەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی (تووڕەیی) پێوە لکێنراوە. ئایا ئەفسەرێک دەتوانێت هەموو (ژیان) ڕاگرێت؟ لەبەر ئەوەی (تووڕەیە). لەبەر ئەوە من باسی (ڕاستگۆیی ناکەم) باسی (شیاو و نەشیاویی) دەکەم. ئایا لەم سەردەمە پێشکەوتووە، سەردەمی ئەوە ماوە و دەگونجێت (ئەفسەرێک) هەموو ژیان وێران بکات؟.

شاعیر زۆر بەدڵنیایی و متمانەیەکی بەهێز لەچوارچێوەی قسە و زانیارییەکانی خۆیدا گوتارێکی هاوچەرخانەی شیعری بەرهەمهێناوە و مەبەستێک جێبەجێ دەکات، کە بریتییە لە (وێرانکردن) و مرۆڤایەتی بە(ئاگا دەهێنێتەوە) و دەڵێت: "وریابنەوە". کارەساتی (وێرانکردنی ژیان بەڕێوەیە). ئەمەش بریتییە لەگوتارێک، کە (باڵادەستێک تورەیە و ئەم تورەییە واتای سەرشێتی تێدایە و لەدەستدانی لۆژیک و عەقڵانیەتی لەخۆگرتووە (ئاسمان دووکەڵاوی دەکات). شاعیر تەنیا زانیارییمان پێ نادات، بەڵکو وێناکردنی هەقیقەتێکی ڕەچاوکراوی یەکلاکراوەشمان پێ دەدات، کە لای من

گریمانەیە نەک یەکلابۆوە، لەهەمان کاتدا وێنە و واتای نێو دەقەکە لەچاوەڕوان کردنیشی تێپەڕاندووە و (ژیان ڕادەوەستێت!).

واتا لەم دەربڕینەدا واتایەکی ڕوونە، خەیاڵ دەکاتە واقیع. وێناکردنەکانی شاعیر خەیاڵە، وێنەی زهینییە، گوتاری شیعرییە، بەڵام بەشێوازێک مەبەستەکانی دەربڕیووە، کە مەبەستەکانی لەشتێکی نافیزیکی دەگۆڕێت بۆ واقیع و بوونێکی فیزیکی. شێوازی دەربڕینەکە بەجۆرێکە، کە ڕەفتار و کاردانەوەی تووڕەیی ئەفسەرەکە دەبێتە کارەسات بۆ ژیان.

لەشیکردنەوەی دەقدا من بڕوام بەوەیە ئەوەی دەیبینم هەر تەنیا بەس نییە بۆ گەیشتنە هەقیقەت و مەبەستە بنەڕەتییەکە، بڕواش بەخۆم دەکەم ئەوەی دەیبینم ئەوەیە، کە دەیبینم. واتە هەر شتێک و نیشانەیەک دەیبینن ئەوەیە، کە دەیبنین، بڕوا بەخۆم دەکەم ئەو شتەم بینیوە، ئەوەی بینیوومە، دەیبینم. ئەو واتایەی هەیە، واتایەکە بۆ واتای شتێک، ئەو هێمایەی هەیە، هێمایە بۆ هێمایەک و هەر نیشانەیەکیش نیشانەیە بۆ نیشانەیەکی دیکە.

بۆیە سمکۆ موحەمەد دەڵێت:

لێرە هیچ ڕەوتێک لەسەر ڕێگەی خۆی ناڕوات

ئەگەر ئەمە ببەستینەوە بەو ڕاستییەی پێش ئەو شتەی لەبارەی ئەفسەرێکی تووڕە گوتیەتی، توڕەبوون و کاردانەوە و ئاکامی توڕەییەکەی، دەبینین (ئەم دەربڕینە) وەکو هۆکارێک بۆ (توڕەبوون) بەکارهێنراوە. یان (نەبوونی هیچ ڕەوتێک لەسەر ڕێگای خۆی) دەبینم، ئەمەی دەیبینم، ڕێک بینینی (ئەفسەرێکی توڕەیە). یان

نیشانەی (هیچ ڕەوتێک) ە، نیشانەشە بۆ (نەمانی لەسەر ڕێگای سروشتی خۆی) و لەئاکامدا ئەمە نیشانەی بەرهەمهێنانی گوتارێکی فەلسەفی و فکرییە، کە بریتییە لە (هاکا ژیان وەستا). ئەم (هاکا)یە زۆر کتوپڕ و نزیک و لەناکاویشە.

(هاکا) هێمایەکی کاتییە بۆ هێماکردن بەکاتێکی لە(ناکاو و نزیک) و هێماشە بۆ (دڵتەنگی و نیگەرانیی و ئاگادارکردنەوە و بەئاگاهێنانەوە و هوشداری و زەنگی مەترسی).

ئەمە وەکو ئەو وێناکردنە وایە لەنێو دەقی شیعریدا، کە دەیبینین و بڕواش دەکەم ئەو وێنەیەی بینیم، خودی ئەو وێنەیە، کە بینیم. با وای دابنێین، دەزانم دەرک دەکەم و هەست دەکەم و شتێکم بینی، کە نەبینراوە، واتە (واتا) یەک دەبینم، کە وەکو شتێک هەیە، بەڵام شتێکی نەبینراو. ئەمە وەکو مردن وایە، کە دەبینم، بەڵام لەهەمان کاتدا (مردن) بۆتە (واتا) تەنیا دەتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین و شیکاری بکەین.

ئەمە گرنگە، کە بزانین (زمان هەڵگری فکرە). (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٤٦). لەنێو هەر وشەیەکدا، کە واتادارە (فکرەیەک و بۆچوونێکی زهنی) هەیە، کە مەرج نییە ئەم نێوەڕۆکەی وشەکە هەیەتی لەدەرەوەی بەکارهێناندا پێ بزانرێت، یان لەکاتی بەکارهێنان بەپێی دەوروبەرەکەی واتا و مەبەستی جیاواز و هەندێک جاریش هاودژ دروست بکات. بۆنموونە (سمکۆ موحەمەد) دەڵێت:

+ پوچەل کردنەوەی مردن واتا (ڕاگرتنی مردن، لەکاتێکدا هەموو شتێک پوچەل دەکرێتەوە، بەڵام مردن دەستکاری ناکرێت). ئەمە واتا سروشتییەکەیە، لەکاتێکدا واتای وەبەرهێنرا و لێکدانەوەی زهنی بۆ

ئەم وێنە سروشتییە کرا، چونکە شاعیر لەمەدا مەبەستی (خودی مردن نییە) بەڵکو مەبەستی هۆکارەکانی ئەو کارەساتانەیە، کە دەبنە هاندەر بۆ نزیکبووە و خێراکردنی مردن.

+ لەسەر زەوی گرەو بکەین. لەم گوزارشتەدا دوو مەبەست و پەیام و واتا دروستبووە. یەکەمیان: چۆن لەسەر پارە قومار دەکەین، ئەوهاش زەویی و ژیان بۆ قومارکردن بەکاردێت.

دووەم: پێمان لەسەر زەوییە، لەسەر زەوی وەستاوین.

بەپێی بۆچوونی زمانەوانی (واتا لێکدانەوەی دیوی ناوەوەی هێمایە و ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییە، کە بە وشە، یان گوتن دەنوێنرێت، بنەماکانی بەپێی جۆرەکانی دەگوترێت: ١- هێما: زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە و وشە پێکدێنێت. ٢- دیاردە: شتی دەرەوە کە تەن و شت و ڕووداو و کەس دەگرێتەوە). (د. عەبدولواحد دزەیی،٢٠٠٩، ٢٠)

دەبێت بڵێین فەلسەفە بریتی نییە لەهزرێکی پەیوەست بەوەی هەیە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکە لەبارەی ئەو شتەی نییە، نەک لەبارەی پەیمانەکان، بەڵکو لەبارەی تێکشکاندنی پەیمانەکان. فەلسەفە بریتییە لەبیرکردنەوەیەکی پەیوەستدار سەبارەت بەو پەیوەندییەی، کە پەیوەندیی نییە. (ئالان بادیۆ و سلاڤۆی ژیژەک،٢٠١٦، ٢٥).

دەقی شیعری پەیوەندیی و کەشێکی فەلسەفی هەیە، زمانێکی ئاڵۆز و پڕ و ئاوس بە واتای هەیە، هەمیشە بەدوای پرسیارە فەلسەفییەکانی ژیاندا دەگەڕێت، شیعر بیر لەو شتانە دەکاتەوە، کە نییە، یان خەیاڵە، زۆر جار شتە واقیعی و خەیاڵییەکان دەگۆڕێت بۆ

شتی خەیاڵی، هەندێک جار هێندە قووڵ و دوور دەچێت، دەچێتە پشت خەیاڵیش. ئەمە ئەرکی گوتاری شیعرییە، کە لەڕێگەی زمان و وێنە و فکر و گریمانە و پرسیارەوە بەرهەمدێت.

شیعر هەمیشە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، کە پەیوەندیی بەو پەیوەندیانەوە نییە، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی لێکی دەدەنەوە. کاتێک شاعیر باسی (هیچ) دەکات، لەڕاستیدا ئەو باس لە(بوونی شتێک، بیرۆکەیەک، دۆخێک و بابەتێک) دەکات، واتە هیچ بەواتای نەبوون نایەت.

ئەو ساتەی ئەفلاتوون وتبووی فەلسەفە جۆرێک بێداربوونەوەیە، ئەو بەتەواوی ئاگادار بوو لەوەی کە (بێداربوون بە مانای دابڕانێکی دژوار لە خەونە). (ئالان بادیۆ و سلاڤۆی ژیژەک، ٢٠١٦، ٢٥). شیعریش دابڕانە لەواقیع و چوونە نێو خەیاڵ و خەونە.

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**نەزان هەقیەتی نەزانێ ئەم زەمەنە بەرەو کوێ دەڕوات**
**من لەقینی هەموو خەمەکانی تر**
**خەمی ئەوەمە بۆچی خێزان ناوێرن پێکەوە قاوڵتییەک بخۆن**

لەڕوانگەی فەلسەفییەوە (هەقیەت) چییە؟ ئەوشتانەی دەقەومێن چۆن و بۆچی و کەی و لەکوێ دەقەومێن. (نەزان) ئەگەر نەزانێت، ئەوە دەبێت ئەم زەمەنە بەرەو کوێ بچێت؟ واتە چارەنووسی زەمەن بە (پرۆسەی نەزانین) ەوە بەستراوەتەوە، بەڵام دیار نییە

(نەزان) کێیە، دەکرێت هەموومان بین، دەکرێت گرووپێک و کەسێکیش بێت.

شاعیر خۆی لەنێو دەقەکەدا دەڵێت: "من لەقینی هەموو خەمەکانی تر". ئەمە هەڵوێست و کاردانەوەی خودی شاعیرمان بۆ بەرجەستە دەکات. دەری دەخات، کە ڕقی لە (خەمەکانی) پێشووە. خەمی خەمەکانی باش نەبوونە. (خەم) لەڕاستیدا نیشانە و هێمایە بۆ (خراپ، دڵتەنگی، نەبوونی هاوسەنگی، زیان، ئازار .. تاد). بەڵام ئەو شتێکمان پێ دەڵێت، کە (خەمەکان بوونەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ڕقلێبوونەوە لەشتە خراپەکان)، کاردانەوەیەکی دەروونی لای شاعیر دروستکردووە. ئەو خەمی پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێو پەیوەندییەکی نادیاری گشتیدا دروستکردووە. ئەو پەیوەندییەک لەشێوەی پەیوەندییەکی دیکە وەسف دەکات.

ئەو لەشاردا دەژیت، (خێزان ئیدی ناوێرن بەیەکەوە قاوڵتییەک بخۆن). پرسیار و ئەگەر لێرەیە بۆچی (ناوێرن؟). بەواتایەکی دیکە ئەو قسە لەسەر شوێن ناکات، بەڵکو قسە لەڕوودانی هەموو شتێک لەنێو کات و ئەخلاق و ڕەفتار و نەریت و باری کۆمەڵایەتی خێزان دەکات. (ناوێرن) واتە (دەترسن)، (ناوێرن) واتە (ئیرادە ناکەن). (ناوێرن) بەواتای (توندوتیژی و کۆنترۆڵ و چاو سوورکردنەوە و سزا) ش دێت. ئەو نەهاتووە ئەم هەموو شتانەمان پێ بڵێت، کە پەیوەندییان بەیەکەوە بەستنی نیشانە سیمیۆلۆژیەکانەوە هەیە بۆ دروستکردنی (دابڕان) ی ئەندامی خێزان کە (ناوێرن) واتە (لێکدابڕاون) و (لەیەکتر دوور کەوتوونەتە و متمانەیان بەیەک نییە)

یاخود (لەبەر مژولیی کاتیان نییە)، بەڵام کاتێک لێکدانەوە بۆ واتای نێو واتای (نەوێران) دەکەین، فرەواتایی و فرە مەبەستیمان بۆ دەردەکەوێت. (ناوێرن) هەروا بێ هۆکار نییە، (ناوێرن) بەستراوەتەوە بەمەبەست و ناوەخنی واتایەکی نادیار و وێنەیەکی زهنی نادیار، ئەویش ترسە لەلێکدابڕان، ئەم لێکدابڕانە شار دروستی کردووە. ئەو لەپەیوەندییە داپچڕاوەکانی نێو (شار) دەترسێت. بۆیە گرنگە ئێمە لەشیکردنەوە لە پرۆسەی تێگەیشتن بگەین، تێگیەشتن لە خودی مرۆڤ و لە گوتار و قسەکانی و ئەو مەبەستانە بگەین کە لەڕێگەی هێما و وشە و دەربرینەکانی دەریان دەبڕێت.

ئەم وێناکردنە دەمانبەستێتەوە بەواتایەک کە (هەموو شتێک جگە لەشوێن دەقەومێت). (سلاڤۆی ژیژەک، ٢٠١٦، ٥٠).

شار بۆتە سەرچاوەی دەرکەوتنی (نەوێران)، ئەم نەوێرانەی ناتوانێت وەڵامی (زەمەن بەرەو کوێ دەچێت بداتەوە. ئەم (دابرانە) دابڕان نییە لە (بیرکردنەوە و ترس)، بەڵکو بەستنەوەیەکی قوڵی واتادارە بەمەبەستە سەرەکییەکە، کە (زەمەن) لەبەر نەزانین بەرەو نادیاریی دەچێت، نەزانین بۆتە سەرچاوەی کوشتنی هەموو شتێک و پەیوەندییەکانی نێو خێزانیشی کوشتووە، لەکاتێکدا بەپێی لێکدانەوەی فەلسەفی (زانین) پرۆسەیەکی مەعریفییە پەیوەندی بەخودی شارەوە هەیە و مەعریفە لەشار دروست دەبێت، لەهەمان کاتدا (نەمانی پەیوەندیی نێوان خێزان) و (دیارنەمانی چارەنووسی زەمەن و هەڵوەشانەوەی پەیوەندیی نێوان پەیوەندییەکان) لەنێو خودی شاردا دەردەکەوێت.

واتە شار لەزانینەوە نەزانینی بەرهەمهێناوە. ئەمە گوتاری ئەم شیعرییە، کە هەر لەشاردا پیاو زمان شکاو دەبێت، زمانی تێک دەچێت، کە زمانیی تێکشکا عەقڵ و بیرکردنەوەشی بەپێی لێکدانەوە زمانەواییە دەروونییەکان تێک دەشکێت. عەقڵ تێکشکان بەواتای تێکشکانی زەمەن و ئیرادە و پەیوەندییە دەروونی و کەسی و کۆمەڵایەتیەکانیش دێت.

تا شاعیر دەڵێت:

سنوور لێرە کۆتایی دێت.

ئەمە هەقیقەتی بیرکردنەوە و ئەفسانەی ژیان و هێماکانی نێو بیری فەلسەفی خودی مرۆڤەکانە. وەکو (د. ئەمەل مەبروک) لەبارەی فەلسەفەی مردن ئاماژەی پێ دەکات (کێشەی مردن وابەستەی پرسێکی گرنگە و مرۆڤ دەتوانێت وەکو گشتێک پەی بەبوونی مرۆییدا ببات؟ ئەگەر سروشتی بوونی مرۆیی بریتی بێت لەوەی ئێستایی دەربچێت بەرەو بوونێکی تازە. بوونی مرۆیی بەمردن کۆتایی دێت، بەشێوەیەک پاش ئەوە چیتر هەبوونی نییە). (سمکۆ موحەمەد، ٢٠١٦، ٤٧).


هەموو شتەکان بە کۆتایی هاتنی سنوور کۆتاییان دێت. شاعیر لەنێو خەیاڵدا واقیعێکمان بۆ وێنا دەکات، کە مرۆڤ ئیدی ناتوانێت تەنیا لەنێو هەقیقەتی ژیاندا بژیت، سنوورەکان لێرەدا کۆتاییان دێت. هەموو کەسێک سنوورێکی هەیە وەکو چۆن هەموو گەڕەک و شار و هەرێم و وڵاتێک و کیشوەرێک سنوورێکی هەیە، ئەم کۆتایی دێت. خەیاڵاندنی هێما و بیرکردنەوە لای شیعر گەیشتۆتە نەمانی سنوور.

نەمانی سنوور بەجیهانبوونی مرۆڤ دەگەیەنێت و لەهەمان کاتیشدا نەمانی تایبەتمەندیی مرۆڤ و پێکهاتە و نەژاد و نەتەوە و کەلتوورە جیاکانیش دەگەیەنێت.

سنوور نەمێنێت ئەگەر لەنێو خەیاڵاندنی خۆمان بچووکی بکەینەوە، مرۆڤەکان هیچ ڕێز و شەرم و یاسایەکیان لەنێواندا نامێنێت، تێکقڕژان ڕوودەدات و ئاژاوەیەکی گەورەی سەرتاسەری دروست دەبێت.

## ئەفسانە و زمان و کۆد

سیستەمی کۆدەکان چی ئەوەی شوێنە، یان کات، یان ئەوانەی پەیوەندییان بەکارەکتەرەکانەوە هەیە، بەپێی دۆخی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن. لەوانە خێزان، مێرد، منداڵ، یاسا، زمانی شکاو، دەیان دیاردەی دیکە. (لیڤی شتراوس) ئەم پەیوەندیانەی لەنێوان ( پێکهاتەکان و سیستەمی کۆدەکان و ڕووداوەکانی نێو خودی ئەفسانەکان) ڕێکخستووە. (جون ستروک، ١٩٩٦، ٥٢ ). من لێرەدا (پەیوەندیکردنیش) وەکو کۆدێکی دیکە بۆ ئەم بۆچوونە زیاد دەکەم، چونکە بێ بوونی کردەی پەیوەندیکردن ئەم بەشانە لەنێوەخۆیان و هەروەها لەنێوان قسەکەر و گوێگر هیچ جووڵە و کاریگەریی و کارتێکردن و بەرهەمهێنانەوەیەکیان نابێت.




(مۆریس) ئاماژەی بەوە کردووە، کە لەنێوان زانست و لۆژیکدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، وەکو چۆن لەنێوان سیمیۆلۆژیا و لۆژیکیش هەمان جۆرە پەیوەندی هەیە. (شیکردنەی لۆژیکی بەواتا فراوانەکی وشە، شیکردنەوەی هاوشێوەی شیکردنەوی شتە بەڵگەدارەکانە، یان بەشێوەیەکی دیکە لۆژیک بەشێوەیەکی ورد، بریتییە لەزانستی شێوەئامێز، بۆ بەدیهێنانی مەرجی ڕاستگۆیی لەنواندن و نمایشدا. (مارسیلو داسکال، ١٩٨٧، ٣٦-٣٧ ).

**سمکۆ دەڵێت:**

**لەسەرەتاوە بۆمان نووسرابێ خەڵک دەبێ لەیەکتری توڕەبن**
**لەقینی یەکتر**
**تف لەسێبەری کێلە قەبری داهاتووشیان بکەن**
**ئەو قەبرانەی بەبچووکی لەسەریان نووسراو**
**خۆتان لەگەڵ خۆتان ئاشت بکەنەوە.**

ناسنامەی مرۆڤ، یان ناسنامەی مرۆڤایەتی یەکێکە لەو کۆدانەی لای سمکۆ گەڕان و (پشکنین و دۆزینەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی) بۆ دەکرێت لای (بارت) ئەمە بە(ناکۆکی (نەریکراو) پەرادۆکس (paradox) بەواتا کۆنەکەی واتای (جیابوونەوە) دێت، کە ئەم جیابوونەوەیە یەکێکە لەکەرەستە هەرە سەرەکییەکان لای (بارت). (جان ستروک، ١٩٩٦، ٦٧). مرۆڤ لەناکۆکی و شەڕێکی قورسە لەگەڵ ناخی خۆیدا، ئێمە دەبینین گەلێک کەس بێ هۆکار (لەکاتێکدا ئێمە هۆکارە نادیارەکان) نابینین تووڕەن و هەڵدەچن و وەکو ئەوە وان، لەجەنگێکی قورس بن لەگەڵ ناخی خۆیان. مرۆڤەکان لەناخی خۆیاندا (لەیەک جیابوونەوەتە) و لەگەڵ (دەوروبەریشیان لێک جیابوونەوەتەوە)، شاعیر پێچەوانەی ئەوە دەڵێت: "لەگەڵ خۆتان"، بەواتای ئەوەی لەناخی خۆتان و لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆتان ئاشتبنەوە و لەسەرەتاشدا ئاماژە بە مەنەلۆگ لەگەڵ ناخی خۆی، ئاخاوتن لەنێوان خۆی و ناخی خۆی دەکات. ئەمە ناکۆکییەکی سەختە لەنێوان جیابوونەوە و لێکدابڕانی کەسی قسەکەر و دەوروبەر.

(ئێمە دەتوانین سروشت شی بکەینەوە، بەڵام مرۆڤ، پێویستە لەخودی مرۆڤ بگەی، چونکە تێگەیشتن کردەیەکی فکرییە و لەڕێگەی ئەمەشەوە دەرککردنی زیندووی مرۆڤایەتیمان هەیە). (د. عادل مصطفی ،٢٠٠٧، ١٤٢).

لەکاتێدا شاعیر ڕاشکاوانە دەبێژێت سەرەتا بۆمان نووسراوبوو دەبێت (لێک جیاببینەوە)، ئەم دیاردەیە بۆتە سەرەتایەکی خراپ بۆ دەرکەوتنی دیاردەی ڕەتکردنەوەی یەکتر و ڕقلێبوونە و سڕینەوەی یەکتر. ئەم (ڕقە) لەسەرەتای پەیدابوونەوە وەکو چارەنووسێک لەگەڵماندا دەژیت، کەچی (دوای مردن داوای ئاشتبوونەوەمان لێ دەکرێت).

ئەمە چارەنووسی مرۆڤە، بەڕقەوە لەدایک بێت و بژیت و بەئاشتەوایی بمرێت. لەوێنە و هێمایە خەیاڵییەکاندا، لەئەفسانەی کۆن و کەلتووردا بە(ئەفسانەی بوون و هێماکانی مردن) مان دەبەستێتەوە، شاعیر (ڕق لەنێو ژیان بەئاشتەوایی دوای مردن) دەبەستێتەوە، ئەمەش هیچی لەئیرادەی خودی مرۆڤدا نییە، بەڵکو (لەسەرەتاوە بۆمان نووسراوە).

**تاکو دەڵێت:**


**لێرە لەم بێهودەییە هیچ نادۆزمەوە**
**ئەم زمانە بۆیە شکا**
**چوون هەرگیز پێم عەیب نەبووە بەپێچەوانەی خەڵک برۆم**
**هەستم بەژان نەکردووە خوێ بکەمە سەر برینەکانی خۆم**


جیابوونەوە لەوانی دیکە بەپێداگریی و شانازییەوە کە دەڵێت (هیچ پێم عەیب نەبووە بەپێچەوانەی خەڵک بڕۆم). ئەو لەنێو (بێهودەیی) و (ئێرە) هیچ شتێک نادۆزێتەوە. واتە بیرۆکەی خۆ جیاکردنەوە لەوانی دیکە لێرە دەست پێ دەکات، کە هیچ نادۆزێتەوە، کە لێرەدا هیچ بەرجەسەت ناکات (زمانی دەشکێت) و هەستیشی نامێنێت، نەمانی هەست جۆرێکە لەدابڕان لە (بەرپرسیاریەتی، بیرکردنەوە و کاردانەوە). مرۆڤ کە هەستی نەمێنێت (بوونیشی) وەکو ئامێرێکی لێ دێت و دەبێتە کیانێک و ناسنامەیەکی بێ پێناسە و دەچێتە ژێر گومانەوە. مرۆڤ کاتێک لەگیانەوەر جیا دەکرێتەوە کە (زمان)ی هەیە، هەستەکانی مرۆڤ جۆرێک لەبەرهەمهێنانەوەی بۆ دوروپشتی خۆی تێدایە، هەستکردن، بەردەوام هەستکردن بەرهەم دەهێنێتەوە.

شاعیر لەڕێگەی هەستکردن بە (جیابوونەوە، پێچەوانەبوونی خەڵکی بەگشتی) لەچەند کۆدێکی فکری و دەروونی دەردەکەوێت لەوانە ( بێهودەیی/ کاردانەوەی دەروونیی) و دواتر دەبێتە سەرچاوە بۆ گەیشتنە (کۆدێکی گرنگە، ئەویش دۆزینەوەیە). دۆزینەوەی بیرۆکەی (عەیب نەبوون، یان شانازیی بەخۆکردن، یان پێداگری لەسەر فکر و بۆچوون و لێکدانەوەکانیی، کە پێچەوانی هەموانە). ئەمانەش پەیوەندییان بە(چوون هەرگیز)ەوە هەیە. ئەم (چوون هەرگیزە) کۆدی (بەردەوامبوون و پێداگریی و متمانە بەخۆبوونی تێدایە) و (هەرگیز) واتای (پەشیمان نەبوونەوە) دەگەیەنێت. تاکو دەگاتە کۆدێکی دیکە شیکاری دەروونی ئەویش نەمانی (هەستەکان)ە. ئەو هەست بەژانەکانی ناکات، تاکو خوێ بەبرینەکانیدا بکات، لێرەدا وێنەکە پێچەوانە بۆتەوە. (ئەگەر هەستی بەژان بکربایە)

ئەوا (خویێ لەبیرنەکانی خۆی دەکرد). واتە (هەست بەئازار ناکات) تاکو (ئازاری خودی خۆی بدات).

لەم بیرکردنەوە دەروونییەدا، کۆدێکی فکری، نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی ڕاشکاوی لەخۆی گرتووە، کە شاعیر بەهۆی ئەوەی زمانی شکاوە، بۆیە هەستکردنی نەماوە، یان بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی هەستکردنی نەماوە بۆیە زمانی شکاوە. لێرەدا کۆدی (هۆکار و ئەنجامەکان) جێگۆڕکێ دەکەن.






بەلای منەوە شاعیر هەمیشە بەدوای (شکان) هۆکارەکانی (شکان) و بێ هودەیی مرۆڤدا دەگەڕێت، ئەو ڕاشکاوانە پێمان ڕادەگەیەنێت (مرۆڤەکان وا بیر دەکەنەوە کە ئەوەی ڕوودەدات لەکۆنەوە بۆیان نووسراوە) ئەو خۆشی لەبیرکردنەوەی گشتی خەڵکەکە دانەبڕیوە، کە دەڵێت: "لەسەرەتاوە بۆمان نووسرابێت" واتە ئەو خۆشی کردۆتە بەشێک لەو گشتە، کەچی لەدێری دوای ئەوە (باسی ئەوان دەکات) و (خۆی لە ئەوان جیا دەکاتەوە). ئەم تێکەڵبوون و جیابوونەوە یارییەکەی زمانەوانییە، لەهەمان کاتدا (ڕاکردن لەبەرپرسیاریەتی و خۆ جیاکردنەوەیە لەگشت). ئەو وێنەی واقیعی ژیان و بیرکردنەوە و ئەفسانەی (ئەوان) بەخەیاڵ و مەزەندە و تێڕوانین و گریمانەکانی خۆی دەکێشێت.

## شێوەکانی سیمیۆلۆژیا و فکر

بەپێی تیۆرە نوێیەکان، هەرچەندە سیمیۆلۆژیا هێشتا بەدواچوونی بۆ دەکرێت و لایەنە بنەڕەتی و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شی دەکرێتەوە، بەڵام بەپێی بۆچوونەکانی (مارسیلو داسکال) لەکتێبی (ئاراستە هاوچەرخەکانی سیمیۆلۆژیا) دا ئەم ڕەوتە نوێیەی سیمیۆلۆژیا بۆسەر چەند خاڵێک و بنەمایەکی بنەڕەتی پێکهێنەرانە دابەشکراوە، بەم جۆرە:

## یەکەم: خاڵی دەستپێکردن

لەم سەرەتایەدا پرسیار دەوروژێنرێت، با بڵێین مرۆڤ چییە؟ ئەمە خاڵی بنەڕەتی و سەرەکی دەستپێک دەبێت. ئەمەش پشت بەدوو شت دەبەستێت:

آ- جیاوازی ڕیشەیی لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەر. ئەمەش پەیوەندی بەجیاکردنەوەی ئەو هێمایانەوە هەیە، کە مرۆڤ لەبەکارهێنانیدا پێشوازی لێ دەکات، هەروەها بەڵگە هاوبەشەکان لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەر دەبێت.

ب- ئەم موڵکایەتییە نوێیە لەڕیشەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و واقیع دەگۆڕێت.

## دووەم: شێوەی هێماکان چین؟

ئەمە یەکێکە لەم هۆکارە هاندەرە هەمەلایەنەی، یان بنەمای چەمکی و لۆژیکی واقیع لەلایەن مرۆڤەوە دەرک پێ دەکرێت. ئەمە شێوەیەکی هێمادارە، کە هیچ کاتێک (نەرێنی) نییە، بەڵکو بەردەوام پێکهاتەیەکی (داهێنەرانە) و (گوزارشتکارانەیە). ئەو کۆپیی واقیع نییە، بەڵکو بەشێوەیەک لەشێوەکان بەواتایەک لەواتاکان (دروستکەر)ی ئەم (واقیعەیە)، کە ئاماژەی پێ دەکرێت.

## سێیەم: بەیەکەوە بەستنی شێوە هێماییەکانە

ناکرێت هیچ شێوەیەکی هێمایی- مەعریفە کە لەکۆنەوە بەشێوەیەکی باڵادەست و تایبەتمەندانە هەیە، لەوانە زمان، ئەفسانە، ئایین، هونەر، بەخۆیان دەبنە کورتکراوەی شێوە هێماییەکانی شتەکانی دیکە لەبیر بکەین. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەرکێکی هاوبەش لەنێوان ئەم شێوانەدا هەیە. ئەمانەش هەموویان یەکبوونێکی بەیەکەوە بەستنیان پێ دەبەخشێت. بۆیە ئەرکی فەلسەفەی شێوەکانی هێما لەم دۆخەدا، بریتییە لەڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە بەیەکەوە بەستنە.

## چوارەم: تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەموو ئەو شێوە هێمایانە چییە؟

ئەمە پەیوەستە بەبوونی یەکێتی لەنێوان پێکهاتەیەکی تەنیا و تایبەت و گشتگیر و تێکڕایی و پێکهاتەیەکی بەرجەستەی تایبەت، یان

هەستپێکراو لەنێو هەموو شێوە هێماییەکاندا. بۆیە (نێوەڕۆکی فکر خۆی ئاشکرا ناکات، تەنیا لەڕێگەی شێوە دەرخراوەکان نەبێت. بۆیە شێوەی ئایدیالی ناناسرێت، تەنیا لەڕێگەی تێکڕایی بەڵگە هەستپێکراوەکانەوە نەبێت. ئەمەش ئەوەیە، کە شێوە خودی خۆی بەکاردەهێنێت لەگوزارشتی مەبەستاردا. بۆیەشە بەکورتی شێوەکانی هێما بەمەعریفە دادەنێن.

## پێنجەم: کێشەی واتا

چۆن دەکرێت (نێوەڕۆکی هوشیاریی) کە تایبەتمەند و دابڕاوە، لەڕووی فکرییەوە گەشە بکات لەنێو خودی واتایەکی دیاریکراودا. دوای ئەوە ئینجا دەبێتە بابەتێک، بۆیە نێوەڕۆکی هوشیاریی، کە هەر خۆیەتی ناتوانرێت لەنێوەخۆیدا تێ بگات، کە چییە. تەنیا شتێک نەبێت کە خۆی شێوەی بابەتێک وەردەگرێت، لەڕێگەی پێکهاتە هەستپێکراوەکاندا، کە ئەوانیش لەڕاستیدا بەڵگەکانن.

## شەشەم: کێشەی نواندن و نمایش (تەمسیلی)

چۆن دەتوانین شیکاری تواناکانی بەیەکەوە بەستنی پێکهاتە گۆڕاوەکان بکرێت، بەشێوەی بەیەکەوە بەستنێکی جدی، کە ئەمە ئەرکی بەیەکەوە بەستنەوەی (نێوەڕۆکی هەستپێکراو و ناوەخنەکەیەتی (ناوەڕۆک) و تایبەتمەند) ە لەلایەک و لەگەڵ پێشکەشکردنی (بەڵگەی ڕۆحی گشتی) لەلایەکی دیکەدا. ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەک دەردەخات، کە ئەمە بەتەنیا نابێتە هەڵگری

شتەکە، بەڵکو دەبێتە مەرجێکی پێویستیش بۆ بوونی شتەکە. لەشێوەی دەربڕینێکی دیکەدا باسی ئەم مەسەلەیە بکەین، چۆن دەکرێت پەیوەندیی نمایش و نواندن لەنێوان پێکهاتەی هەر یەکەیان سەربەخۆ و بێلایەنانە بێ خۆبەستنەوە بەوی دیکەیان ڕاپەڕێنێت. تاکو دەگاتە ئەوەی بڵێین (هەموو شتێکی بابەتی پڕە لەواتای بابەتیی). (مارسیلۆ داسکال، ١٩٨٧، ٥٨-٦٣).

(سمکۆ موحەمەد) لەدەستپێکی شیعرەکەدا ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە (مرۆڤ) کارەکتەر و مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتی شتەکانە. (ئەو بە پیاو) واتە (کارەکتەرێکی نێر) دەست پێ دەکات و کەشی نێو دەقەکە بەستراونەتەوە بە (دەسەڵات و هێز و زمان و بیرکردنەوەی نێر) وەکو مرۆڤێک، کە زمانی شکاوە و ناتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات و ئەو وێنەی هەموو پیاوە زمان شکاوەکانی بینیوە. ئەوەی من ڕەنگە لەشیکردنەوەدا بەتێکشکانی هاوسەنگی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ ببینم، ئافرەت و ڕەمزی ئافرەت وەکو کەرەستەیەکی نمایشە و لاوازە، نەک بوونێکی کارا و هاوسەنگی پیاو، کە بەرهەمهێنی ژیان و کۆمەڵگایە.

لایەنێکی دیکەی نێو دەقەکە لەڕوانگەی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخدا ئەو وێنە و هێما ئەرێنییە ڕاشکاوانەیە، کە شاعیر لەگوزارشتەکانیدا ڕاشکاوانە ئاماژەیان پێ دەکات، ئەویش (وەستانی زەمەن و نەمانی سنوور و پووچ نەکرانەوەی مەرگ و ئەوەی لەسەرەتاوە بۆمان نووسراوە و کۆتایی ژیان و توورەیی ئەفسەرێک و لەبیرکردنی کەلتووری پێکهاتەکانی دیکە... تاد). ئەو شتەکانمان بەشێوەیەکی واقیعی وەکو بەشێک لەمێژوو و

شارستانیەت و نەریتە کۆنەکان و هێما و ڕەمزی سەردەمانێکی ئێجگار کۆن بۆ دەبەستێتەوە بەواقیعی ئێستا و تێڕوانین لەبارەی ئایندەدا.

(سمکۆ) خەیاڵەکانی خۆی بەواقیع بەستۆتەوە و لەم ڕێگەیەشەوە پیشبینی و گریمانەی شتی نویّ دەکات، ئەمە گوزارشتە لەواقیعی هەقیقی کۆمەڵگا.

لەدۆخی سێیەمیدا شاعیر کۆشاوە یەکێتیی و یەکبوونێکی هەستیار و هۆشیارانە لەنێو کەلتووری کۆن و ئەفسانەی کۆن و هێما ئایینیەکان و ڕەوشتی مرۆڤ لەشارستانییە کۆنەکان وەکو یەکەیەکی هاوبەش و یەکبوونێکی هاوسەنگ و ڕێزلێگیراو بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەم بەیەک بەستنەوە ئامانجی بەدیهێنانی گوتاری شیعرە، کە شاعیر بەهوشیارییەکی ورد و هەستیارەوە مامەلەی لەگەڵ کردووە.

**تاکو دەڵێت:**

**ئەمە کۆتایی دیمەنە کۆنەکانی مێژووە**

**ئاماژەکان نوزەیان لێبڕاوە و پیاوەکانیش زمانیان**

بەم وێنە و هێمایە ئاماژە پێکراوانە، بەیەکەوەبەستن و یەکبوونێکی پتەو لەنێوان کۆتایی دیمەنە کۆنەکان و پچڕانی نوزەی ئاماژەکان و زمانی پیاوەکانە. هاودژییەک لەنێوان (کۆتایی دیمەنە کۆنەکان) و (دووبارە بوونەوەی تاعون و مەلاریا) هەیە. ئێمە دەزانیین ئەم دیاردە ترسناکەی پەتاکان لەگەڵ خۆیان هێناویانە،

دووباره دەبێتەوە لە (کۆرۆنا)، بەڵام ئەمە کۆتایی دیمەنە کۆنەکان نابێت، بەڵکو سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی وێنە کۆنەکانە بەشێوەیەکی دیکە هەیە. واتا کارەسات وازی لەمرۆڤایەتی نەهێناوە و دەبێت لەئایندەدا چاوەڕوانی کارەساتی وەکو پەتا و دوکەڵی ئاسمان بین.

هوشیاریی یەکێکە لەو دیاردە و بنەما گرنگانەی شاعیر لەچوارچێوەی فکر و تێڕوانیندا مامەلەی لەگەڵ کردووە، هوشیار بەتەنیا لەنێوەخۆیدا هاوشیاریی نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بەواتا و چەمکەکانی نێو هێما و نیشانە دیارەکان.

**تاکو دەڵێت:**

**هیچ تاقمێکی نائومێدیش پێکەوە کۆچ ناکەن**
**هیچ پیاوکی تێکشکاو نابینی**

ئەو هوشیاریی لەنێو خودی هوشیاریدا بەرجەستە ناکات، بەڵکو لەنێو مەبەست و واتادا بەکاری دەهێنێت. (تاقمە نائومێدەکان) ناچنە نێو یەک بازنەی (کۆچ) جیا دەبنەوە، ئەم جیابوونەوە لەنێو هەموو دەقەکەدا بوونی هەیە. هوشیاری خۆی شێوەی بابەتێک وەردەگرێت کە ئەویش (نەبینینی پیاوی تێکشکاوە). ئەمە لەڕووی پراگماتیکییەوە زانیاریی ئەوەمان پێ دەبەخسێت، کە (پیاوی تێکشکاو) هەیە، بەڵام هیچیان نابینێت. لەگوزارشتی یەکەمیشدا پێمان دەڵێت: "تاقمە بە ئومێدەکان ڕەنگە بەیەکەوە کۆچ بکەن"، کە هوشیاریی دەبێتە واقیع دەگۆڕێت بۆ بەڵگە.

**شاعیر دەڵێت:**

**چیرۆکی پاڵەوانێتی خۆی نەنووسێتەوە و نەیکات بەمنەت بەسەر خەڵکەوە**

**یان پەیڤێک نەدەرکێنێ وەکو پەندی پێشینان**

نمایشی ئەم گوزارشت و وێنە شیعرییە بریتییە لە نەنووسینەوەی چیرۆکی خۆی، بۆ؟ تاکو منەت بەسەر کەسانی دیکەوە نەکات. نێوەڕۆکێکی هەستپێکراوی کاکلدارە، بەهەمان شێوەش بەدوای بەڵگەیەکی ڕۆحیدا دەگەڕێت، ئەویشی بەستاوەتەوە بە (پەندی پێشینان). واتە بەڵگە ڕۆحیەکەی (نەستەقە). ئەم هەموو هێما دەروونی و فکری و ڕەوشتی و کەسیانەی لەهوشارییەوە بەرەو نەستەق بردووە، نیشانی دەدات شاعیر بۆ بەدیهێنانی کردەی بەیەکەوەبەستن و نمایش و هەنگاوی دەستپێک پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە هەیە، بەڵگەی مێژوویی و ئەخلاقی و ڕۆحی. هوشیاری لەدەرەوەی تێگەیاندن و لێکدانەوە بوونی لاواز دەبێت، ئەویش بەکردەوە لەڕێگەی بەڵگەکانەوە دەیەوێت خوێنەر تێ بگەیەنێت.

**نواندنی هێما**

ئێمە لەباسی سیمیۆلۆژیا، مەبەستمان ئەوەیە باسی زانستی شیکردنەوەی نیشانەکان بکەین، باس لەهێماکانی دیوی ناوەوە و دەرەوەی زمان بکەین، شیعر چۆن ئەو کۆد و هێما و ڕەمزانە بەکاردەهێنێت، نیشانە سیمیۆلۆژیەکان چین؟. (هێما چەند دەنگێکە شتێک دەنوێنێ، کە خۆیان نین و مرۆڤ بەئارەزووی خۆی هێما بۆ

شتێک دادەنێت، تاکو ژیانی ڕۆژانەی ڕێکبخات و کەسەکان لە یەکتر بگەن). (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ٢٢).

لەم شیکردنەوە سیمیۆلۆژییەدا، کە پشت بەتیۆری پراگماتیکی لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ (وێناکردن و دروستکردنی واتا و گوزارشت لەبابەتێکی دیاریکراو) لە نێو زمان و وەکو ئەرکێکی داهێنەرانە لەنێو گوتاری دەقی شیعرییدا هەیە. ئەم گوتارە پێش هەر شتێک هەستێکە لەبارەی هەموو شتەکان، خۆی خۆی پێشکەش دەکات، بەدەربڕینێکی تایبەت، نابێت لەبیریی بکەن (نێوەڕۆک و ناوەخنی هوشیاریمان) هەیە ئەمەش هەستپێکراو، یان جۆرێکی دیکە. (مارسیلۆ داسکال، ١٩٨٠، ٦٣).

ئێمە باسی هێما و نواندن دەکەین، ئایا هێما دەربڕی چ تەنێک، یان شتیکە، لەکاتێکدا پراگماتیک پەیوەندییەکی چوار قۆڵی دروست دەکات لەنێوان (هێما، تەن، بیر، کەس) بەمەش لێکدانەوەی واتایی لەڕوانگەی (کەس) ەوە دەبێت ئەو پەیوەندییە ئاساییەی لەنێوان (هێما) و (تەن) هەیە بپچڕێت و لێکدانەوەکە بەپێی (قسەکەر، گوێگر، دەوروبەر) دەگۆڕێت. کەواتە هێما لەم ئاستەدا واتایەکی جێگیریی نییە و لەگۆڕان دایە. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ٢٢).

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**لەو نهێنی یە دەچێ کە کەس نایزانێ**
**لەو خێوە دەچێ کە خەڵک لەخۆڕا لێی ترساون**

(نهێنی) هێمایە بۆ (نەزانراو و شتی شاراوە و زانیارییەک، کە خەڵک تامەزرۆی زانینی دەکەن)، لەڕاستیدا نزانین پەیوەندییەکی پتەوی بە کردەی تێگەیشتن هەیە، ئێمە لەخودی شتەکە ناگەین، بەڵکو دەمانەوێت لەواتا و مەبەستی تێگەیشتنی شتەکە بگەین. شاعیر دەڵێت: "کە کەس نایزانێ"، خۆی ئەگەر نهێنی بوو، واتە نازانرێت، بەڵام کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی (کەس نایزانێت) دەیەوێت جەخت بکاتەوە و خوێنەر تێبگەیەنێت، کە ئەو باسی شتێک دەکات، شتەکە نەزانراوە، گرنگ نییە چییە، چۆن لای خوێنەر لەکاتی بەکارهێنانی بەپێی دەوروبەرەکەی واتاکەی دەگۆڕێت. ئەم پرۆسەیە تێگەیشتن بەپێی مەبەستی قسەکەر ئەرکەکەی دەگۆڕێت، شاعیر دەیەوێت خوێنەرەکانی تێ بگەیەنێت، نەک خودی خوێنەر بیانەوێت تێ بگەن. (نهێنی شتێکە، مەرج نییە شتێکی بەرجەستەیی و تەنێک بێت)، بەڵام لەڕووی واتاییەوە هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون ئەم وشەیە لەڕووی واتاییەوە چ دەگەیەنێت، (کەس) تەنە، بەڵام، کە دەڵێین (هیچ) ئەم (تەنە لەهێمایەکی بەرجەستە) دەگۆڕێت (بۆ فکر و زەین)، شتێکی نادیار، (کەس دەبێتە هیج کەسێک). (نهێنی یەکسانە بە نازانێت). بەڵام لێرەدا (ئەرک و بوونی لەنێو ئەم دەقە شیعرییە) دەگۆڕێت، شاعیر وای نیشان دەدات، کە (کەسەکان) دەزانن ئەو نهێنییە لای هەمووان نەزانراوە. واتە (نەزانین دەگۆڕێت بۆ زانینی

ئەو نهێنییەی هێشتا نەزانراوە). لەڕووی پراگماتیکییەوە، شاعیر واتایەک لەنێو واتایەکی دیکەدا دروست دەکات، کە بریتییە لە (نەزانین)، بەڵام ئەو پێمان دەڵێت (دەزانین نازانین)، هەروەها وشەی (دەچێ) کە دیوی دەرەوەی بریتییە لەکردەی چوون، بەواتای ڕۆیشتن، بەڵام لەدیوی ناوەوەی واتاکەدا واتایەکی نوێی لەنێو واتا ئاساییەکە دروستکردووە بەواتای (مەزەندە دەکرێت، لەشێوەی ئەوە، نمایشەکە وەکو خودی نمایشەکەیە).


لەڕووی واتاییەوە نهێنییەکە دەگۆڕێت بۆ تەنێک (خێو)، دەبێتە پەیوەندی لەنێوان (تەن و کەس و فکر) واتە (خێو + خەڵک + ترس) لەهەمان کاتدا (خۆڕا) لەڕووی واتاییەوە ئەم هەموو تەن و شتە لەنێو واتای ڕستەکەدا بەیەک دەبەستێتەوە، کە بریتییە لەدۆخی (لەخۆڕا)، کە واتای (بێ هۆکار) دەگەیەنێت.

شاعیر واتایەکی دوورتر لەواتا سروشتییە ئاساییەکەمان لەنێو ئەم تەن و شتانە لا دروست دەکات، ئەویش بەیەکەوە بەستن و نواندن و تەمسیلی (دێو)ە وەکو (نهێنی) (نەزانین) وەکو (ترس) و (کەس) وەکو (خەڵک) و (لەخۆڕا) وەکو (دەچێ). ئەم بەیەک بەستنەوانە (نمایش و نواندنی) ژمارەیەک شتە، لەپێناو گەیاندن و دروستکردنی واتایەکی نوێ لەنێوان (شاعیر و خوێنەر) لەڕێگەی گوتاری دەقەکەوە، کە ئامانجی گەیاندنی پەیام و مەبەستێکە (لەڕووی دەرەوە دیار و ئاشکرایە) بەڵام لە (ناوەوە)دا واتایەکی نادیاری نوێی دروستکردووە، کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت بەمەبەستی تێگەیشتن. تێگەیشتن لە سروشت کارێکی ئاسانە، بەڵام تێگەیشتن لەخودی مرۆڤ کارێکی ئاڵۆز و قورسە.

ئێمە بەدوای واتادا دەگەڕێین لەنێو دەقدا، پێمان وایە لەنێو هەر واتایەکدا واتایەکی دیکە هەیە، وەکو چۆن (نێوەڕۆکی هەر شتێک ژمارەیەک نێوەڕۆکی دیکە لەخۆ دەگرێت). (مارسیلۆ داسکال، ١٩٨٧، ٦٤). ئەمە کاکلی ئەو بابەتەیە و دەبێت شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ بکرێت. تاکو لەزمانی دەق نەگەین، ناتوانین لە چەمک و ئەرک و واتا و مەبەستەکانی دەقەکەش بگەین، تاکو شارەزای دەوروبەری بەکارهێنانی دەقەکە نەبین، ناتوانین وێنە و پەیام و واتاکانی نێو دەقەکەش بەوردی و سەرکەوتووانە شی بکەینەوە.

## بەیەکەوەبەستن

لەتەک کردەی نواندن و نمایشدا دوو ئەرکی دیکەی سەرەکی پەیوەست بەهوشیاری هەیە، ئەوانیش بریتین لەئەرکی دەربڕین/ گوزارشت و ئەوی دیکەشیان ئەرکی بەڵگەدارییە. ئەوانەش لەگەڵ سێ بازنەی دیکە دەگونجێن، کە بریتین لەبازنەی هەستپێکراو و پەیوەستە بەئەرکی گوزارشت و دەربڕین، هەروەها بازنەی دەرککردن پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە، کە لەچوارچێوەی ئەرکی نواندن و نمایش دان. بازنەی (واتا و چەمک) یش پەیوەندییان بەئەرکی بەڵگەدارییەوە هەیە.




دەورووبەر خاڵێکی گرنگی جیاکەرەوەیە لەنێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا واتای پراگماتیکیش بریتییە لەواتای سیمانتیکی + دەوربەر، ئینجا ئەگەر واتای سیمانتیکی بەدەورووبەر ببەستینەوە، ئەو کات واتای وشە کۆتایی نایێت. بۆیە (چۆمسکی) یەکەم کەس بوو دەیگوت ڕستە بۆ ئەوەی بەکەڵکی لێکۆڵینەوە بێت، دەبێت بکرێتە شتێکی نموونەیی و لەدەورووبەر بکرێتەوە، چونکە بەستنەوەی وشە بەدەورووبەر چەندین واتای جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، کە لەفەرهەنگدا نییەتی. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ٢٤-٢٥).

ناوهێنانی هەر شتێک (هێمایەکی سادەیە)، بەڵام وەسفێکی دیاریکراو هێمایەکی تێکەڵاوە. (د. محمود فهمی زیدان، ١٩٨٥، ١٧).

**سمكۆ موحەمەد دەڵێت:**

**ئەبڵەق بوون لەبۆنی ناخۆش و لەنەخۆشی گرانەتای عەقڵ خراپترە**
**سەرسام بوونی منداڵێتی لەخێوەتی قەرەجەکان و لەنیشتیمانێکی بێ شوێن دەچێ**
**وەسوەسەی کەسێک لە بۆ کڕوزی قژی داغبووی کچێکی شەڕڤانی نەشارەزا لەشەڕ**
**باشترە لەدزێک کە ناوی جەنگاوەرە**

وێنەیەکی دروستکردووە لەئەنجامی بەکارهێنانی ژمارەیەک کەرەستە و شتی بەرجەستە و هەستەکی و دۆخی دەروونی لەوانە: (ئەبڵەق، بۆنی ناخۆش، گرانەتا، عەقڵ، خراپتر). ئەمانە بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانیان لەڕووی پراگماتیکییەوە ژمارەیەک واتای جیاواز لەو واتایەنەمان پێ دەبەخشن، کە بەسروشتی هەیەتی. ئەم (جیاوازییە) دەبێتە هۆکار بۆ بەیەک بەستنەوەی واتاکان لەنێو واتادا، وێنەکان لەنێو وێنەدا، مەبەستەکان لەنێو مەبەستدا، چونکە ئەگەر (جیاوازیی) و (هەمەلایەنبوونی شتەکان و هەبوونی ژمارەیەک شتی جیاواز) نەبێت، لەڕاستیدا کردەی بەیەکەوە بەستنیش دروست نابێت. نیشانە هەمەلایەن و فرە واتاکانن وەکو (بۆنی ناخۆش و گرانەتا) دەبنە هۆکار بۆ بەستنەوەی دوو دۆخ بە (نەخۆشی عەقڵ)، لێرەدا واتای سروشتی گرانەتا بۆ دیاردەیەکی فکری و فەلسەفی دەگۆڕێت ئەویش (نەخۆشی عەقڵییە)، تەنیا ئەو (ئەبڵەق) بوونە بەخراپتر لەنەخۆشییەکان دادەنێت. واتایەکی ناوەکیی بەواتایەکی دەرەکی واتە (ئەبڵەقی) بە (بۆنی ناخۆش و گرانەتا و عەقڵ) بەستاوەتەوە.

لەبەشی دووەمی ڕستەکەدا (سەرسامی) و (منداڵێتی) و (خێوەتی قەرەجەکان) (نیشتیمان) و (بێ شوێن) کە پەیامی نێو ئەم گوزارەیە، لەڕاستیدا و بەکردەوە خۆی لە (دەچێت)، یان (وەکو ئەوە) دەنوێنێت. ئەم بەیەک بەستنەوە لەنێوان هەموو ئەم نیشانە (کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەخلاقی و فیزیکی و فکریی و مێژوویانەدا) ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی واتایەکی نوێ لەنێو (دەچێ) دروست بکات لەنێوان (سەرسام) بوون و (لەیەکچوون) شتێک دروست بکات. واتە ئەو دەیەوێت بڵێت (تەمەن و قۆناغی منداڵێتی) لە (خێوەتی قەرەج و نیشتمانی بێ شوێن) دەچێت.

ئێمە دەزانین هیچ نیشتیمانێک بێ شوێن نابێت، بەڵام ئەو هاتووە لەشێوەی نیشتمانی قەرەجەکان سەرسامییەکی دروستکردووە، کە بریتییە لەنیشتیمانێک هیچ شوێنی نییە، لەدەرەوەی شوێنە. ئەم بەیەکەوە بەستنە لەنێوان نیشانەی دەروونی و کەسی (سەرسام بوون) و (نیشتیمانی قەرەج) بەیەکەوە بەستنەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووری و فکرییە. بۆیە پشت بە پراگماتیک دەبەستین بۆ ئەوەی ئەو شتانەمان لەڕووی واتاییەوە بۆ لێکبداتەوە، کە بەدابڕان لەدەوروبەرەکەی ئاشکرا نابێت.

ئەگەر گوتمان (نیشتمانی بێ شوێن) لەڕووی زمانەوە دەبێت بڵێین ئای لەمە، شاعیر چ هەڵەیەکی لەدەربڕین و نمایش و زانیاریی و بەڵگەیەکی چەواشەکارانە کردووە، چۆن دەبێت نیشتمانێک لەدەرەوەی شوێن هەبێت؟ ئەمە لۆژیک نییە، بەڵام کاتێک ئەم گوزارشت و دەربڕینە بەبازنەی لێکدانەوەی واتا دەبەستینەوە،

شتێکی لۆژیکمان لا دروست دەبێت، بۆمان دەردەکەوێت هەقیقەتێکی نالۆژیکی چۆن گۆڕاوە بۆ واقیعێکی هزری لۆژیکی.

لەبەشێکی دیکەی ئەم وێناکردنەدا وێنەیەکی دیکەمان بۆ دروست دەکات، کە ئامانجی بەیەکەوە بەستنی (وەسوەسی) و (قژی کچێکی شەڕڤان) و ( نەشارەزا لەشەڕ) و (دز) و (جەنگاوەر) یک و (باشتر) ە. ئەو دەیەوێت پێمان بڵێت با مرۆڤ (وەسواس) بێت باشترە لەداغبوونی پرچی کچێکی شەڕڤان، کە ناشارەزایە لە شەڕ دایە، ئەم شتە باشترە لە (دزێکی جەنگاوەر). وێنەیەکی واتایی و زهنی دروستکردووە، کە دەسەڵاتی بیرکردنەوە و لێکدانەوە دەداتە خوێنەر، بیر لەوە بکەنەوە بۆچی (ئەم دۆخە لەم دۆخەی ئاماژەی پێکردووە باشترە). گومان و مرۆڤ بەدگومانیی و نیگەرانیی و وەسواسی بەباشتر وەسف دەکات، لەوەی کچێکی شەڕڤان بەبێ شارەزایی لەجەنگ بسوتێت و دزێک ببێتە جەنگاوەر. ئەو واتایەکی لەنێو واتا ئاساییە دیارەکان دروست کردووە. ئەمەش پەیوەندی بە شەڕ و کێشەکانی کوردستانی سوریا هەیە. بەواتای ئەوەی (ئەو واتا شاراوەیە دەگرێتەوە، کە لەپاڵ گوتنەکەدا دەکرێت و مەبەست بەشاراوەیی و ناڕاستەوخۆیی دەخرێتە ڕوو بەپێی دەوروبەر لەگۆڕان دایە و مەبەست و واتە زارەکییەکەی یەک ناگرنەوە. بەکارهێنانی زمان زۆرجار بۆ ئامانجێکە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەک ناگرێتەوە وەکو ئەوەی هەندێک جار بەمەبەستی ڕازیکردن یان کاریگەری کردنە سەر بیروباوەڕ، یان سەرلێشواندن بەکاردێت. (د. عەبدولواحید دزەیی، ٢٠٠٩، ٢٩).

لەم بەیەک بەستنەوەیەدا کردەی هەستکردن لەئەنجامی ڕاپەڕاندنی ئەرکی دەربڕین دروست دەبێت. هەستکردن بە (ئەبڵەقبوون) هەستی (خراپتر بوون) مان لادروست دەکات، هەروەها ئەرکی دەرککردن لەوێنەی (سەرسام بوون) بەبێ (شوێن بوونی نیشتیمان) مان لادروست دەکات . کردەی واتا و چەمکیش لەڕاپەڕاندنی کارێکی بەڵگەدارمان بۆ بەرجەستە دەکات ئەویش بریتییە لە (واتای وەسوەسەی کەسێک) و (پرچی کچێکی شەڕڤان) و (نەشارەزا لەشەڕ) و (باشتربوون لە دزێکی جەنگاوەر) ئەو بەڵگانەمان نیشان دەدەن، کە نووسەر دەیەوێت قەناعەتمان پێ بکات، بە بەڵگە پێمان بڵێت (وەسوەسەی) کەسێک زۆر باشترە لە (دزێک کە ناوی جەنگاوەرە). لەم بەیەک بەستنەوەیەدا، لەنێو نیشانە و هێما سیمیۆلۆژییەکاندا ئەرکی بەدیهێنانی ژمارەیەک چەمک و واتا و تەنیا شتی نوێشمان لادروست دەبێت، کە زمان لەنێو دەقدا ڕای دەپەڕێنێت.

لەڕوانگەی فەلسەفی نوێی هاوچەرخدا لەبارەی وەسوەسە شتێک گوتراوە، کە بریتییە لەوەی (وەسوەسە) هەیە لێرە چەمکی (کانت) ی کۆمەڵگەی مەدەنیی کۆسمۆپۆلیتی (جیهاننشینی) کە زۆرجار جێی بەزەیی و زۆر سادە بین بووە. دووبارە بیخەمەڕوو. بەدیدی من ئەم چەمکە دەبێت بە هەڵوەشانەوەی بەکارهێنانی گشتی و تایبەتێتی عەقڵ پەیوەستبکرێت، کە تایبەتمەندییە دیارەکەی جووڵانە بەپێچەوانەی ئەم بەڵگەنەوسیتیەوە. ئەوەی (کانت) پێی دەڵێت بەکارهێنانی تایبەتی عەقڵ، تایبەتە بە کاری کارمەندان لەدەزگای دەوڵەتدا. مەبەستی کانت چییە؟ بەدیدی من دۆزی تایبەتێتی بۆ

(کانت) لەبواری یەکەمدا کۆمەڵایەتیی تایبەتە، کە ڕەگ و ڕیشەی لەشوێنێکدا هەیە. وێڕای ئەمەش ئایدیای کانت ئەمەیە: ئێمە وەکو بیریار دەبێت لەهەڵویستی یونیڤێرساڵیی تاکو تەنیا دابین، بەدەربڕینێکی تر ئەو تاکایەتییەی کە بەشێوەیەکی بێ ئەملاو ئەولا لە یۆنیڤێرساڵیتێدا بەشداری دەکات. تۆ دەتوانی مرۆڤ بیت، پێش ئەوەی سەرەتا ئەلمانی، فەرەنسی، یان بەریتانیی و هتد بیت. (ئالان بادیۆ، سلاڤۆی ژیژەک، ٢٠٢٠، ٧٨- ٧٩).

## سمکۆ موحەمەد لەبارەی حکوومەتەوە دەڵێت:

لەداخی بانگەوازی حکومەت لەدوای نوێژی شێوانی زستان

ئەم خۆبەستنەوە بەگشتە لەحکوومەتدا نمایش کراوە، کە ئەویش کاتێک بانگەوازەکانی دەکات کە (لەدوای نوێژی شێوان) ە. ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی حکوومەت بۆ بەرهەمهێنانی (داخ) لای هاووڵاتی. کات (زستانە و دوای نوێژی شێوانە)، بەم جۆرە دەربڕینە بوونی مرۆڤمان وکو بوونێکی بێ بەها، حکوومەتێک لەکاتی نەگونجاو قسە دەکات و خۆی نمایش دەکات.

ئەمە دابڕانە لەبوونی کارەکتەر و کەسێکی جیهانیی، ئەو کەسەی سنوورەکان دەبەزێنێت و لەسنووری ئاسایی خۆی دەردەچێت. (مرۆڤ پێش ئەوەی هەر شتێک بێت مرۆڤە). واتە کەسێکی جیهانییە. وەکو (هایدگەر) لێکی داوەتەوە تێگەیشتن لە مەزاجی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە و هەروەها ناتوانرێت بێ جیهان و ماناش کردەی تێگەیشتن بخرێتە نێو چوارچێوەی خەیاڵەوە. (د. عادل مصطفی،

٢٠٠٧، ٢٢٣). بەرهەمهێنانی گوتار کردەیەکی ئاڵۆزە، گەڕان بەدوای بەڵگە و تێگەیشتن لەچوارچێوەی شیکردنەوەدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە لەڕاستیدا گەڕان بەدوای مرۆڤ و بوون و مردن و مەبەستەکانی کارێکی قورسی هەمەلایەنەیە.

## خوێنەر لای سمکۆ موحەمەد

**من لەکتێبە کۆنەکاندا خوێندوومەتەوە**
**زمان ناتوانێ باسی نەخوێنەوارەکان نەکات**
**رەنگە کچێکی نەخوێندەوار ئازادتر بێت**

لەو پیاوانەی لەسەردەمی شۆڕشدا بانگەوازیان بۆ ئازادی دەکرد

ئەو قسە لەگەڵ خوێنەرەکانی دەکات و دڵنیایان دەکاتەوە، کە ئەو خاوەنی باکگراوندێکی مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکی قوڵە، چونکە ئەو کتێبە کۆنەکانی خوێندۆتەوە. شاعیر لەنێو ئەم دەقەدا بەسەرچاوە کۆنەکاندا چۆتەوە، بەناکۆکی مرۆڤ و شاردا چۆتەوە، باسی هێزی گۆڕانی گوند دەکات، باس ناکۆکییە ئەزەلییەکانی نێو فکر و مانیفێست و بێهودەیی دەکات. ئەو (خوێندەواری و خوێنەر و پێگەی خوێندنەوە وەکو مەعریفە) چۆن لێک دەداتەوە و گریمانەی ئەوە دەکات، کە کچێکی نەخوێندەوار ئازادترە لە کێ؟ لەم ڕستەیەدا لەم وێنە شیعرییەدا وەڵامەکەمان دەست ناکەوێت، ئەو وا لەخوێنەر دەکات، (خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکانیش) مەرج نییە ببێتە سەرچاوەی مەعریفە، لەکاتێکدا ئەوە خۆی ئەمەی ڕاگەیاندووە، ئەو خوێندەواری کتێبە کۆنەکانە، بەواتای ئەوەی بۆیەشە دەزانێت بیر لە مێژوو،

ئەفسانە و ئایین و کەلتووری کۆن  و هاوچەرخ بکاتەوە، چونکە کتێبەکان دەخوێنێتەوە، کەچی لێرەدا وەکو ئەزموون، وەکو پەیوەندییەکی دەرەکی و واقیعێکی دەرەوەی خۆی، دەچێتە دەرەوەی کتێب و گریمانەی ئازادبوونی کچێکی نەخوێندەوار لە بەراورد بە کەسانێکی خۆ بەخوێندەواری زانی نێو شۆڕش دەکات.

لەبەشی دووەمی وێنە پڕ پرسیارە فکرییەکە دەڵێت: لەو پیاوانەی لەسەردەمی شۆڕشدا بانگەوازیان بۆ ئازادی دەکرد.

لێرەدا هەقیقەتێکی دەرک پێکراوی (پیاوەکانی شۆڕش) مان بۆ نمایش دەکات، کە کەسێکی ناڕاستگۆن و ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات بۆ ناڕاستگۆن. ئەو پیاوانەی درۆیان لەگەڵ فکر و قەناعەت و کەسایەتی خۆیان کرد. لەچەند ڕوانگەیەوە دەتوانین شیکاری ئەم وێنەیە بکەین:

**یەکەم: خۆیان بەخوێندەوار زانیوە، کەچی بانگشەکەیان لەبەراورد و پێوانە بەدۆخی ئازادی ئافرەت، دەری دەخات درۆیان کردووە و کەسانی فریودەر بوون.**

**دووەم: بانگەوازەکانیان بۆ ئازادی ئافرەت درۆزنانە بووە.**

**سێیەم: سەرچاوەی کوشتن و سنووردارکردنی ئازادی ئافرەت، یان ئازادی ئافرەت بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن.**

**چوارەم: پەیوەندی بەخودی ئافرەتەوە هەیە، کە مەرج نییە خوێندواری ببێتە هاندەر بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لای ئافرەت.**

**پێنجەم: خوێندەواری دیاردەیەکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی شارە، نەخوێندەواریش بەستراوەتەوە بەدەوروبەری گوند.**

**شەشەم: سمکۆ شار و خوێندەواری ساختەکارانەی شار ڕەت دەکاتەوە، کار و کردەی ئافرەت لەگوند کە ئازدانەیە، دەکاتە پێوانە بۆ (بیروباوەڕ و کەسایەتی و فکری) کەسەکان. نەک (شۆڕشێک و شارێکی ساختەکاری درۆزنانە و هەڵگەڕاوە لە هەقیقەتی بانگەشە فکرییەکانی خۆیان).**

**حەوتەم: لێرەدا جیابوونەوە لەنێوان چەمکی خوێندەواری و نەخوێندەواری دروست دەبێت.**

شاعیر لەنێو ئەم دوو دێرەدا نیشانە کۆمەڵایەتیی و کۆدەکانی لەنێو زمانی گوتاردا نیشان داوە، کە هەڵگری ژمارەیەک واتا و مەبەستە. لەکاتێکدا ئێمە لەشێوەدا شتەکان دەبینین، بەڵام واتا و مەبەستەکان نابینین، ئەگەر نەگەڕێینەوە سەر باکگراوندی ڕۆژانی (پیاوەکانی نێو شۆڕش) و (پەیوەندی نێوان پیاوە شۆڕشگێڕ و ئافرەتە نەخوێندەوارەکان). ئەمە هەم وێناکردنی هاوسەنگییە، هەمیش تێکشکاندنی هاوسەنگییە.

(دەیەوێت خوێنەر هەست بەهێزیی و چالاکبوون) بکات. ( جان ستروک، ١٩٩٦، ٦٩). لەهەمان کاتدا (سمکۆ موحەمەد) واز لەخوێندنەوەکانی ناهێنێت، دەیەوێت (هۆکار و ئەنجام و بابەتەکان) مان تێ بگەیەنێت، گوتمان کردەی تێگەیشتن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکە، هەرچەندە هەر خۆشی ڕای گەیاندووە چارەسەری لا نییە.

گرنگە لەبەرهەمهێنانی دەقدا بایەخ بەزمان و گوتاری دەقەکە بدرێت، هەقایەتخوان خودی نووسەر بێت، یان نا، بەڵام لەکۆتاییدا خاوەنی دەقەکە نێرەر و نووسەرەکەیە، ئەو بابەت و ڕووداو و شێوە و پەیام و مەبەست و ئامانجانەی لەنێو دەقەکەیدا بەکاری دهێنێت، دەقی بێ خوێنەر، خوێنەر بەواتای ئەوەی چۆن بەشداری لەشیکردنەوە و تێگەیشتن لەدەق دەکات.

(ڕێبوار سیوەیلی) لەبابەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە ئاماژە بەوە دەکات، کە (کەلتووری ئێمە کەلتووری گریان و فرمێسک و تەنیاییە، کەلتووری فەرامۆشکردنی ئێستایە لەسەر حیسابی داهاتوو. ئێمە لەگەڵ ڕابردوومان گفتوگۆ ناکەین، چونکە ئەو ئێستایەی گفتوگۆی تیا ناکرێت و تیایدا بایەخ نەدرێت بەکەلتووری گفتوگۆ، هیچ بەهایەکی نییە. (ریبوار سیوەیلی، ٢٠٠٨، ٤١٩).

**سمکۆ موحەمەد دەڵێت:**

**ئەوانەی هەمیشە ئێواران هەڵگژاون بەسەر شاخدا و**
**درەنگ وەختیش تەماشای خۆرەتاویان کردووە**
**ڕەوتی ژیان ناناسنەوە**

ئەو باسی لۆژیکی کات دەکات، باسی (ئێواران) (درەنگە وەخت) و (خۆرئاوابوون) و (ژیان) و (ناناسنەوە) دەکات. ئەوانەی لە(لەنێو ڕابردوو و ئێستادا) کاریگیان کردووە، ڕاستە جووڵەکەیان درەنگ وەختبووە، ناگەنە ئەو ئاکامەی پێویستیانە. (کات) یەکێک لەبوونە کاریگەرەکانی گەیشتنە بۆ ئەو شتانەی مەبەستیانە. بەهۆی درەنگ سەرکەوتنە سەر شاخ و بەهۆی سەیرکردنی درەنگە وەختی خۆرەتاو، ئیدی (ڕەوتی ژیان ناناسنەوە). ئەم نەناسینەوەیە لەئاینده دایە. (سمکۆ) دەقەکەی بەستاوەتەوە بە (ئاینده) و گفتوگۆیەکی فکری و مێژوویی بەرهەمدار لەگەڵ ڕابردوو، کەلتوور و بوون لەڕابردوو دەکات، ئەو باسی ئێستای شار دەکات، باسی ئاڵۆزیی و نیگەرانیی و وەسوەسیی و نەمانی پەیوەندییەکان لەنێو ئێستای شار دەکات.

ئێمە چۆن بنووسین و چی بنووسین، چۆن بئاخڤین و چ شتێک لەنێو گوتارەکەماندا بسەلمێنین، پێویستە ئاماژە بەو بۆچوونە بکەین کە بڕوای وایە (کێشەی نێوان دوو زمانی جیاوازە، کە یەکێکیان زمانی شیعرە و نابێتە سەرچاوە بۆ زانین و ئەوی تریشیان زمانی فەلسەفەیە و دەمانگەیەنێت بەڕاستی ڕەها، ئەمەیە بەڵگەی سەرەکی ئەفلاتوون بۆ جیاکردنەوەی ئەدەب و فەلسەفە). (ڕێبوار سیوەیلی، ، ٢٠٠٨، ٤١٤). لەڕاستیدا (سمکۆ) ش ئاماژە بە بەڵگە سەرەکییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشور دەکات، ئاماژە بە سەرتاپای جیهان و مرۆڤایەتی دەکات، ئەو هەر کاتێک نەتوانێت بەشیعر شتەکانی بڵێت دەچێتە نێو کتێب، یان بەپێچەوانەوە ئەوەی لەنێو کتێبدا نەتوانێت جێگای بکاتەوە، لەشیعردا لەپەنای ڕەمز و واتا و مەبەستدا دەیانووسێتەوە.

## گوتاری دەقی "وێنەی پیاوێکی زمان شکاو"

شیعر لەڕووی نێوڕۆکەوە تایبەتمەندی و گونجاندن و لێکچوواندن و نزیکبوونەوە نییە، بەڵکو پێچەوانەکەیەتی. (کمال ابو دیب، ١٩٨٧، ٣٨). لای (جان کۆهین) زمانی شیعر بریتییە لە (لادان لە یاسا و ڕێساکانی ئاخاوتن). ( جان کوهین، ١٩٨٩، ١٠٦). گوتاری شیعریش گوتارێکی ناڕێزمانییە بە بەراورد لەگەڵ پەخشاندا، ئاستی ڕێزمانیی و تایبەت و گونجاندانی واتاییە. ( جان کوهین، ١٩٨٩، ١٠٦) .

**شاعیر دەڵێت:**

**خۆتان لەگەڵ خۆتان ئاشت بکەنەوە**
**تەنها شتێک لەپاش مەرگ خۆش بێ لاواندنەوەیە**
**چیرۆکی پاڵەوانێتی خۆی نەنووسیێتەوە و نەیکات بەمنەت بەسەر خەڵکەوە**
**دەمەوێت ئەم مانیفێستە بدڕێنم و ئیمانێکی تر بخولقێنم**
**تەماشای حەوشەی ژنە بێ حەیاکان دەکەم**
**ئەو پشیلانەی پیرێژنیش بەردیان تێدەگرن**
**لەبەر خۆمەوە بیر لەبیرەوەرییەکانم دەکەمەوە**
**نەزان هەقیقەتی نەزانێ ئەم زەمەنە بەرەو کوێ دەڕوات**
**سنوور لێرە کۆتایی نایات**
**ڕەوتی ژیان ناناسنەوە**
**من هەمیشە دڵەڕاوکێمە و پرسیاری بێ وەڵام دەکەم**
**من ئەو پیاوەم کە زمانم شکاوە**

**وێنەی ئەو پیاوانەم بەچاوی خۆم بینیوە**
**مۆنۆلۆگەکە خەریکە تەواو دەبێت**

ئەمانە هێڵی ستراتیژین ئامانج و فکرەی بنەڕەتی و سەرەکی وێنە و واتای نێو گوتاری دەقەکە دروست دەکەن، لەم نموونانەی خوارەوە هەندێک لەم شتانە ئاماژە پێ دەکەین کە گوتاریان دروستکردووە، لەوانە:

هێشتا نەیانزانیوە گۆڕینەوەی گوندێک بە ژورێکی شار چەندە زەرەرە

ئەوەش دەزانم کە بەکراسێکی شینەوە

لەشکری گوندی ناڕوخێ و ناتوێتەوە

(نەزانین) هەڵەیە، بەڵام تاوان نییە، لەڕوانگەی شیکردنەوەی پراگماتیکی و بەستنەوەی بەمەبەستی بەکارهێنان و ئەو دەوروبەری کارەکەی تێدا دەگوترێت، هەندێک ئەرک ڕادەپەرێنرێت، کە مەرج نییە واتاکەی هەمان ئەو واتایە سروشتییە بێت کە وشەکە، وەکو تاکە واتایەکی ئاسایی لەخۆی گرتووە. (نەزانین) بریتییە لە (نە+زانین). واتە (زانینی نەزانیوە، یان زانینی نییە). ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە (زانین/ مەعریفە و هەبوونی زانیاریی) لەڕیشەدا پەیوەندییەکی پتەوی بە تێڕوانین و لێکدانەوەی فەلسەفی هەیە.

هەموو گوتاری شیعرەکەم دابەشی سەر چەند گوتارێک کردووە، کە هەموویان لەچوارچێوەیەکدا بەستراونەتەوە بە گوتاری سەرەکی (پیاوە زمان شکاوەکە). واتە شتە تایبەتییەکان، شتە گشتییەکە دروست دەکەن.

**قسەکەر**/ شاعیر لەوەسف و گەیاندنی پەیامی (نەزانین) خۆی نییە، بەڵکو ئەو چیرۆک و بەسەرهات و وەسفی ئەوانی دیکە دەگێڕێتەوە، ئەو هەواڵی ئەوەمان پێ دەدات، کە ئەوان نازانن، بۆیە بەهۆی نەزانینی ئەوان (گۆڕینەوەی گوندێک بەژوورێکی شار) چەندە خراپە.

قسەکەر دەزانێت، واتا ئەوەمان پێ نیشان دەدات، کە شتێکی زهنی لەنێو شێوە و فۆرمی وشەکە و هەورەها مەعریفەی نەزانیندا هەیە، کە خاوەنداریەتی مەعریفە دەکات و دەزانێت (گۆڕینەوەی گوند بەتەنیا ژوورێکی شار) باش نییە. واتە ئەو وەسفی (شوێنێکی کراوەی بەرفراوانی سروشتی و ئارام و دوور لەژاوەژاو) دەکات، کە نەزانەکان، ئەوانەی نەیانزانیوە گۆڕیویانەتەوە بە(ژوورێکی بچووکی شار). گۆڕینی (شوێن)، واتە گۆڕینی (تێڕوانین و ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەست و نەست و تەنیا گۆڕانی ناخی مرۆڤیش). ئەو دەزانێت، بەڵام ئەوانەی دیکە نەیانزانیوە.

نەزانین کێشە نییە، ئەوانەی نازانن کێشەن، زانین کێشە نییە، بەڵام چارەسەر و دونیابینی و گۆڕینەوەی مەعریفە گرنگە. لەدوای ئەوە قسەکەرەکە، کە خودی شاعیرە دەڵێت:

ئەوەش دەزانم کە بەکراسێکی شینەوە

لەشکری گوند ناڕوخێ و ناتوێتەوە.

لەم وێناکردن و دەربڕینەدا ئەرکی گوزارشت لەخۆ دەگرێت لەبازنەی هوشیاریدا مەبەستەکان بەرجەستە دەکات. ئەو دەزانێت، کە ئەوان نازانن، بەڵام بەدڵنیایی قسەدەکات، کە (بەکراسی شین) نە لەشکری گوند دەڕوخێت و نە ئەم لەشکرە دەتوێتەوە.

گەڕانەوە بۆ بوون و هێزی گوند، ناکۆی نێوان شار و لادێ، کەلتوور و پێشکەوتنێکی درۆزانەی دروشمئامیز دەرکەوێت، لێرەدا (کراسی شین) نوێنەرایەتی فکرە و بوون و هەبوونی خودی شار و پاک و خاوێنی و پێشکەوتن دەکات، ناتوانێت گوند بڕوخێنێت. لەهەمان کاتدا (نەڕوخان و نەتوانەوە) وەسفی گوند ناکەن، بەڵکو وسفی هەڵوێست و توانا و ئیرادە و فەشەل و لاوزیی شار دەکەن، کە نەیتوانیوە (هێزی گوندایەتی، بیرکردنەوە و کەلتوور و شێوە ژیانی گوند) لەناو ببات و بتوێنێتەوە.

قسەکەر لایەنگیریی گوند نییە، بەڵام دەزانێت و دڵنیاییە (شار فەشەلی هێناوە لەفەشەل پێهانن و لەناوبردنی کەلتووری گوند). ئەو لەئاکامی ئەو شتانەدا لەدوێنێ دانابڕێت، دوێنێ لەنێو بیرەوەرییەکانیدا ماوەتەوە. بۆیەشە (لەبەرخۆیەوە بیر لەبیرەوەریەکانی دەکاتەوە).

نیشانەکانی (بیرکردنەوە) و (بیرەوەریی) پەیوەندییان بەدوو سەردەمی جیاواز و کاتی دوور لەیەکەوە هەیە، بەڵام بەیەکەوە بەستراونەتەوە بۆ ئەوەی مانایەکی لۆژیکی بۆ وێنەیەکی نالۆژیکی دروست نەکەن. (بیر لەکاتی ئێستایە، کاتی نووسینی شیعرەکە و کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە و خوێندنەوەی و بڵاوبوونەوەی دەقەکەیە). (بیرەوەری کاتێکی کۆنی بەسەرچووە، لەپێش ڕوودانی خودی بیرهاتنەوەی شتەکان نێو بیرکردنەوەکەدا هەبووە و تا بیر بڕی دەکات بۆ دوور و دواوەی ئەم شاتە دەگەڕێتەوە، کە قسەی تێدا دەکرێت).

لۆژیکی نییە شار لەتواندنەوەی گوند فەشەل بهێنێت، وەکو چۆن شتێکی واقیعیش نییە تەنیا بە (کراسی شینەوە) لەشکری گوند بڕوخێنرێت. گوند واتە

هێز و کراسی شینیش (شار) واتە مەدەنی و پێشکەوتن و پاکوخاوێنی و نەرموونیانی و ئاشتەوایی و فرەیی و کرانەوە.

**یان دەڵێت:**

**غەڵبەغەڵبی فێرگەکان و تەنگەنەفەسی دانیشتوانی شار**

گوتاری ئەم شیعرە ڕیک وێنای ململانێی نێوان (شوێنێکی) کراوەی فراوان و ئازاد و دوور لەژاوەژاوی پڕ لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوە کۆبوونەوەی خێزانێک و خێزانەکانە، کەچی شار (داخران و بچووکبوونەوەی شوێنی ژیان و بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێ و ناکۆکی و ژاوەژاو و دابران و تێکچوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لێکدابڕانی ئەندامەکانی یەک خێزان و خێزانەکانە. لەشاردا وەکو (سمکۆ) دەڵێت:

**وەختێک پۆلیس پاڵیان پێوەدەنێت و جنێوی پیس بەناموسیان دەدەن**
**پۆلیسێک زمانی لە کەلەپچەیا وێناکردووە**
**سەری بۆ کێشە دەخورێنێ**
**کێشەی شارێک هێشتا گەشتیار سەفەریان بۆ نەکردووە و**
**بانگی سەربەخۆیی تیا نەدراوە**

بۆیە کاتێک لەبارەی شیکردنەوەی دەقی گوتار باسی تیۆری پراگماتیک دەکەین، دەبێت ئاماژە بە (کردە قسەییەکان) وەکو بەشێک لەشیکردنەوەی پراگماتیکی و بنەماکانی ئاخاوتن و ئاماژەکان و گوتار لەبیر نەکەین، لەم پێناوەشدا دەرخستنی لایەنە پەیوەندارەکانی شیکردنەوەی پراگماتیک دەبێت بایەخ بە (١- قسەکەر و گوێگر، ٢- دەوروبەر، ٣- مەبەست، ٤- هێزی کردە قسە، ٥- گوتن) بدات. (جیوفری لیتش،٢٠١٣، ٢٥). لای منی خوێنەر لە

کوردستانی باشوردا شوێنێک کە ناوی لێنرابێت (شار) سلێمانییە، ئەم بۆچوونەی من ئەگەر واقیعی بێت و نزیک بێت لەڕاستی، بەپێی ئەم شیعرە بۆمان روون دەبێتەوە سلێمانی کە بانگەشەی شاربوون دەکات هێشتا سنووری گوندی تێنەپەڕاندووە و دابڕان و جیابوونەوە لەنێوان کەلتووری گوند و شار دروست نەبووە. یان هەر شوێنێکی دیکە، کە خۆپێچڕاندنەوە دایە لەچوون بەرەو شار بوون و گەڕانەوە بۆ کەلتووری گوند. لەمەش گرنگتر کە شار بڕیاری سەربەخۆیی تێدا نەدرێت، یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی شاربوونی دەشکێت.

شار بەجۆرێک وێناکراوە پۆلیس تێیدا زمانحاڵی دەبێت، کە پڕە لەژاوەژاو. دەسەڵات و یاسای پۆلیس کەلەپچەیە. ئەم کارەکتەرە، کە (نوێنەری یاسایە) بەدوای دروستکردنی کێشە و گرفتە لەجیاتی ئەوەی چارەسەری بکات. واتە یاسا خۆی یاسا شکێنە، واتای یاسا لەنێو واتایەکی دیکەی یاسادا پووچ دەبێتەوە و مەبەستێکی جیاواز لەبنەمای پێکهێنان و بەڕێوەبردن و بوونی شارمان بۆ دەنەخشێنێت. شار خۆی لەناو خۆیدا مایەپووچی لەبیرکردنەوە و داهێنان و ژیانێکی ئارام ڕادەگەیەنێت.

شار کاتێک دەبێتە شار و پێناسەی شاری بۆ دەکرێت کە موسافیری هەمە ڕەنگ و زمان و دەنگ و ڕەگەزی تێدا بێت، نەک داخراوێک بێت، بەقەد داخرانی دوور لەبڕیاردانی سەربەخۆیی. هیچ شوێنێک چەمکی شار وەرناگرێت، ئەگەر (بانگی سەربەخۆیی) تێدا نەبێت. هیچ شوێنێک نابێتە شار ئەگەر ئیرادە و بوونی (سەربەخۆیی و گەشتیاری) تێدا نەبێت. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە نێو بیرەوریی ئەوەی، کە (کەلتووری گوندی پێ نەتواوەتەوە و هێشتا وەکو گوندێک هەڵسوکەوت دەکات). ئەمە مانای نێو ئەو مانایە، کە قسەکەر/ شاعیر دەیەوێت لەوەسفی شار لە کوردستاندا وێنای بکات. ئێمە کاتێک

بەشێوەیەکی گونجاو و دروست لەپەیامی شاعیر دەگەین، کە دەق دەبەستینەوە بەدەوروبەر و گوتن و هێزی دەربڕین و کردە قسە و مەبەستی نێو گوتنەکە. ئەمانە هاوکارمان دەبن بۆ ئەوەی باشتر لەدەق و شیکردنەوەی گوتار بگەین.

ئەو لەم دەقەدا (ناسنامە و نەژاد و نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیا و ڕەنگ و حزب و هیچ تایبەتمەندییەکی بچووکراوەی) لەنێو دەقەکەدا بەرجەستە نەکردووە، کەسێکی جیهانیی، کەسێک وەکو مرۆڤ، نەک وەکو نەتەوە و ئایین و نەژادێکی تایبەت هەڵسوکەوت بکات. ئەو پێمان دەڵێت: (مرۆڤ دەتوانێت مرۆڤێکی جیهانیی، مرۆڤ وەکو مرۆڤ بێت، پێش ئەوەی "کوردینە مەردینە" !! بێت).

دەقنووس لەنێو گوتارە شیعرییەکەیدا بەزمانێکی پوخت، بەڵام گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەڵگە و شتی بڕواپێهێنەر دەگەڕێت، ئەو هەر بەتەنیا (واتای دروست نەکردووە، بەڵکو بەڵگەشی پێکهێناوە) بۆ ئەوەی خوێنەر بخاتە کەشێک لەدەرەوەی (نەزانین) دا بژی. ئەو لەڕێگەی شتە بەڵگەدارەکانی وەکو (نەڕووخانی لەشکری گوند، کۆکردنەوە و پێناسەی شار لەژوورێکی بچووک و غەڵبەغەڵبی فێرگەکان و زمانی کەلەپچەی پۆلیس و زێرابەکان و نەبوونی گەشتیار و نەبوونی سەربەخۆیی و سەگی بەرەڵلا و کوژرانی پشیلەی برسی لەشەقامەکان (شەقام واتە شار) و بێ ئومێد بوونە لەوەی، کە شاعیر (هیچ چارەسەرێکی لا نییە). ئەو لەنێو ئەم زانینە گشتیی و وێنە پڕ لەزانیاریی و ڕاستاندنەی بۆ واقیعی شار و ژیان و نەزانین کردوویەتی شتەکان لەخەیاڵ و لێکدانەوەی سادە بۆ بەڵگەی متمانەدار لای خوێنەر دەگۆڕێت.

واتا نەزانین بەواتای زانین دێت، ئەو لەنێو هەر شتێکدا پتر لەشتێکی دروستکردووە، لەنێو هەر واتایەکی سروشتی پەیوەست بەوشەکان، پتر لەواتایەکی زهنی و وێناکردن و مەبەست و لێکدانەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فکری و ڕۆشنبیریی و مێژوویی دروستکردووە.

ئەو کە باسی (بیرەوەری) دەکات، باسی مێژوو دەکات، مێژووی ڕاکردن بەرەو شار و بێ ئومێدبوون لەژیانی سنووردراری شار.

دواین گوتاری ئەم دەقە (هەڵوێست و تێڕوانین و لێکدانەوەی ڕاستەوخۆی قسەکەر/ شاعیر)ە ، کە دەڵێت:

هەر کەسێک پاکانەی کردبێ گرینگ نەبووە

پاکانە بۆ ئەو کەسە کەمانەیە کە لاپەڕەیەک و شاهیدێکیان نییە لەژیان

(پاکانە) بەواتای بوون و (ئەنجامدانی لەوە پێشتری هەڵەیەکی گەورە و مەترسیدار و نەزانینەوە) دێت. (پاکانەکەرەکان گرنگ نین) واتە کەسانێکی پەراوێز و دابراوی بێ ناوونیشان و تێکشکاون لەبارەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەسییەوە، (پاکانە) بەواتای (خۆبەدەستەوە دان دێت).

لەوەسفی (پاکانە چییەکاندا) دەڵێت: ئەمە سیفەتی کەسانێکی بێ بەها و کەم و لاواز و تێکشکاوە، ئەوانە کە خاوەنی مێژوو نین، هیچ شاهیدێکیشیان نییە (شاهید بەمانای نەبوونی بەڵگە) دێت، کەس ناتوانێت ئاماژە بەهیچ بوونێکی ئەو کەسە پاکانەچیانە بکات، پاکانەکەرەکان لەبەر ئەوەی مێژوو و هیچ بەڵگە و شاهیدێکیان نییە، تێکشکاون و دابڕاون لەهەموو کەسێک و پەیوەندییەک، ئیدی لەنێو (بیرەوەریی و ڕووداوەکان و مەعریفەدا)دا ناژین.

شاعیر لەپێناو سازاندنی زەمینەی گفتوگۆیەکی پتەو لەگەڵ خوێنەرەکانی کاری کردووە لەڕێگەی گوتارە شیعرییەکەی (سەرنجی گوێگرەکانی بەرەو هێزی مەبەستداری خۆیان ببەن). (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ٨٧). بەکردەوە ئێمە لەشیکردنەوەی گوتاردا بڕوامان بەوەیە وەکو (جۆرج یۆل) ئاماژەی پێکردووە دەبێت (ئەو شتانەی لەنێو مێشکی قسەکەردا هەیە، شی بکەینەوە).

منیش لەم شیکردنەوەیەدا کارم کردووە ئەو شت و مەبەست و واتا و کردە قسانە شی بکەنەوە لە نێو مێشک و فکر و وێنەی وێناکراوەکانی شاعیردا بەکارهێنراون، نەک ئەو شتانەی هەموو کەس دەتوانێت بینابینێت.

## پوختەی قسە

**یەکەم**: دیار نییە ئەم شیعرە کەی نووسراوە، بەڵام ئەگەر پێش ئەو مێژووە، کە لە ٩-٩-٢٠٢١ لە کوردستانی نویَ خوێندوومانەتەوە، بڵاوبکرابایەوە، دەمانگوت مەزەندە و پێشبینی ژمارەیەک ڕووداوی گەورەی وەکو پەتای کۆرۆنا لەخۆ دەگرێت. لەهەمان کاتدا هێشتا پێشبینی کارەساتی دیکەشی تێدایە.

**دووەم**: ئەم دەقە باسی (پیاو) دەکات، پیاو وەکو مرۆڤ، پیاو وەکو کارەکتەرێکی کارای نێو کۆمەڵگا و خاوەنی (زمان و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و دەسەڵات و هێز.. تاد). ناتوانم بڵێم بەزمانی پیاو دەقەکەی بەرهەمهێناوە، بەڵام (پیاو) باڵادەستی نێو دقەکەیە (پیاوێکی مرۆڤ). ئافرەت لەهەموو ئەم بابەت و کێشە و ڕووداوانەدا نوێنەرایەتی هیچ کارەکتەرێک ناکات، تەنیا ئەوە نەبێت، کە لەنێو هەندێک لەبیرەوەریی و

ئاماژە بەهێمای نێو کەلتووری کۆن ئافرەت بوونی هەیە، ئەویش نیشانە و ڕەمزە بۆ بەئاگاهێنانەوە و بیرهێنانەوە. یەک جار ئافرەتێک هەیە، ئەویش (پیرەژنێکە بەرد لە پشیلە دەگرێت).

**سێیەم**: گەمەیەکی ڕێزمانی لەنێو دەقەکەدا هەیە، ئەم گەمەیە لەڕێگەی (ڕاناوەکان) ەوە بەرجەستەکراوە و نوێنەرایەتی پێگە و شوێن و جۆر و هێز و ڕەفتار و هەست و بیری کارەکتەرەکان دەکات. لەسەرەتا (قسەکەر کەسێکی نادیارە)، کە دەڵێت (پیاوێکی ترساو ... وەک ئەوەی بەزەردە برینی مەسیحەوە موژدەی پێ بێ.... چەند یاردەیەک لەولای تاریکییەوە ڕاوەستاوە). واتە (ئەو/ پیاوەکە) لەوێ وەستاوە و قسەکەریش لەم گێڕانەوە تاکو ئێرە دیار نییە کێیە؟ خودی شاعیرە، یان کەسێکی دیکە. دواتر دەڵێت "من ئەم قسەیەم لەمێژە بیستووە". واتە خودی شاعیر بەسەرهات و چیرۆک و هەستی (پیاوێک) دەگێڕێتەوە.

ئینجا دەڵێت: "لەسەرەتاوە بۆمان نووسرابێت". واتە (ئێمە)، قسەکەر دەچێتە دۆخی (کەسی دووەمی کۆ). هەر لەنێو ئەم دەربڕینەدا، کە باسی (ئێمەیە)، پاز دەدات و دەگەڕێتەوە لای (خەڵک و دەبێ لێک تورەبن) واتە (ئەوان). لەکارکردن لەگەڵ (ئەوان) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "تف لەسێبەری کێلە قەبری داهاتووشیان بکەن".

دوای ئەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر زمان و گوزارشت لەخودی خۆی و دەڵێت: "هەستم ڕاگرتووە" ئەمەش لەڕێگەی ڕاناوی لکاوی (م) کەسی یەکەمی تاک بەرجەستە کراوە. لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "هاکا بیستمان" واتە (ئێمە) کە خۆشی بەشێکە لەو (ئێمەیە) دەئاخڤێت. لەبەشێکی دیکەدا ڕاشکاوانەتر (ئاماژە بەخۆی و ئەرک و بوونی خۆی دەکات)، کە دەڵێت: "چوون هەرگیز پێم عەیب نەبووە

بەپێچەوانەی خەڵک بڕۆم". واتە ئەمجارە نەک شتمان بەزاری خۆی لەبارەی ئەوانی دیکە بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵکو باسی خودی خۆی دەکات ئەم ئاماژە کردنە بەخۆشی وەکو بەشدار و کارەکتەرەکی کار ڕاپەڕێنەر و کارای نێو دەق لەم دوو دەربڕینە وێناکراوە، (پێم) و (بڕۆم). دوای ئەمە چەند کردەیەکی دیکە دەگێڕێتەوە، کە خۆی ئەنجامی دەدات و وێنای خۆی لەنێو دەقەکە بەم جۆرە دەکات: "هیچ نادۆزمەوە" و "هەستم بەژان نەکردووە" و "پێچەوانەی خەڵک بڕۆم" و "خویَ بکەمە سەر برینەکانی خۆم" و "شەلاڵی عارەق بووم" و "ئاگام لە سەگە بەرەڵاکانیش بووە" و "چاوم لەو پشیلانەش .."  و "هیچ چارەسەرێکم پیَ نییە"  و "ئەستیرە دەژمێرم" و "ئەوەش دەزانم" و "لەبەر خۆمەوە" و "دەزانم کە ئەوان دەمترسێنن" و "من لەقینی هەموو..". مەبەستم ئەوەیە شاعیر خۆی لەم بەشەی دەقەکە بەشدار و ڕاپەڕێنەری ژمارەیەک ئەرکی زمانەوانی و ئەخلاقیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی و فکرییە. کەچی دوای ئەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر زمانی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ و باسی ئەوانی دیکە دەکات و دەڵێت: "ئەم جارەیان دەچنەوە گەرمیان". دوای ئەوەش جارێکی دیکە لەڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی (من) و ڕاناوی (م) دەگەڕێتەوە سەر وێناکردنی ئەرک و ڕۆلی خۆی لەنێو دەقەکەدا وێنا دەکاتەوە.

لەکۆتاییدا پێچەوانەی سەرەتا، کە بەناڕاستەوخۆیی باسی (ئەو)، (پیاوێکی نادیار) دەکات، دەڵێت ئەمە خۆمم، ئەو پیاوەی زمانی شکاوە ئەوە (من خۆمم و ئەزم). واتە لەسەرەتا ئەو خۆی وەسفی کەسایەتی خۆی لەشێوەی (پیاوێکی) نادیار دەکات، لەکۆتاییدا بەڵگەیەکی نویَ

دەداتە خوێنەر، کە ئەو کەسەی باسی دەکات و ئاماژەی پێکردووە ئەو خودی خۆیەتی و دەڵێت: "من ئەو پیاوەم کە زمانم شکاوە.... هەر ئەوەندەم بۆ دەنووسرێ".

**چوارەم**: خەیاڵی واقیعمان بۆ دەگێڕێتەوە، شاعیر بەوردی کاری کردووە، لەپەنای هەر خەیاڵێک بەڵگەیەکی واقیعیی، یان بیرۆکەیەک بۆ دروستکردنی واقیع بەکاربهێنێت.

**پێنجەم**: کردەی بەڵگە و ڕاستاندنی شتەکان، تەنیا پێشهاتەکانیش متمانەیەکی گونجاو لای خوێنەر لەڕێگەی پشت بەستن بەزانیاریی و بەڵگە دروست دەکەن. ئەم کارەشی بۆ ئەوەیە کردەی تێگەیشتن لای خوێنەر دروست بکات.

**شەشەم**: زمانێکی سادە، بەڵام پشت ئەستور بەوێنە و خەیاڵ و فرە واتایی بەکارهێنراوە.

حەوتەم: بۆ تێگەیشتن لەم دەقە و لێکدانەوەی پێویستیمان بە ئەفسانە و مێژوو و مەعریفە و گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی شارستانی ناوچەکە و ڕەمزە باوەکان هەیە، ئەمەش وامان لێ دەکات بایەخ بە کەلتوور و بوونی پێکهاتە جیاکان بدەین و ڕێزیان بگرین.

**حەوتەم**: زمانی گوتارەکە پشت بەدەربڕینی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبەستێت.

**هەشتەم**: (سمکۆ موحەمەد) کار بۆ خوێنەر دەکات، بۆ ئەوەی توانای بیرکردنەوە و عەقڵی لایان بەهێز بکات، لەڕێگەی ئاماژەکردن بە هۆکار و ئەنجام، پشت بەمەعریفە نەک قسەی ڕووت و سۆزی شاعیرانە دەبەستێت.

**نۆیەم**: ئەم شیعرە کە بەزمان و تەکنیکی شیعر نووسراوە، وەکو وتارێکی شیکاری و بابەتێکی لێکۆڵینەوە وایە، بەڵام چڕ کراوەتەوە و بەشیعر گوتراوە.

**دەیەم**: گوتاری شیعریی لەم دەقەدا گوتارێکە بەرەو قووڵایی مێژوو، ئەرکی زمان و گەیاندنی پەیامێکی فکریمان دەبات. لەهەمان کاتدا ئەرکی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن ڕادەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ وەکو مەبەست و ئامانج بەئاگا بهێنێتەوە.

**یانزدەم**: واتای لەنێو واتا دروستکردووە، لەنێو واتا ئاشکرایەکان ئەوانەی گشت لەسەری ڕێککەوتوون، کاری کردووە واتای دیکەی زهنی دروست بکات، یان لەنێو وێنەی خۆی وێنەی (پیاوێکی نادیاری نەناسراوی) دیکەی وێناکردووە.

**دوانزدەم**: لەدروستکردنی وێنەی (سەردولکە دوای مردن)، پێم وایە (حەسەن زیرەک) دەمێکە لەگۆرانییەکی دەڵێت (هەڵمگرن بەچوار دەستە ، شینم بۆ بکەن شەدە بەسەر).

**سێزدەم**: لەنێوان زمانی شیعری و فۆرمی قسەکردن لەفکر لەنێو دەقی شیعر، ئەم دەقەی (سمکۆ) پتر لایەنی دووەمیدا بەسەردا زاڵە. هیچ دەقێک بەلای من بێ فکر نییە، ئەگەر هیچ فکرێکیشی تێدا نەبێت، ئەم بێ فکرییە خۆی لەخۆیدا فکرە و نیشانە و هێمایە بۆ بێ دەسەڵاتی فکریی خاوەن دەقەکە، کە نەیتوانیوە هیچ بیرۆکە و فکرەیەک دروست بکات. سێگۆشەی (فکر و هێما و زمان) لەنێو گوتاری دەقدا بنەمان بۆ بەدەستهێنانی وزە و هێزی گوزارشت و دەربڕین و ڕاپەراندنی کردەیەک لەڕێگەی وشەوە.

**چواردەم**: پشیلە بۆتە هێمایەکی فکری و ماتماتیکی و کۆمەڵایەتی لەنێو ئەم دەقەدا. هەروەها ڕەمز و هێماکانی دیکەش هەر یەکەیان نیشانەیەکن بۆ هەندێک فکر و لێکدانەوەی فکری.

**پانزدەم**: لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، (سمکۆ موحەمەد) لەنێو ئەم دەقە شیعرییەدا پێشبینی ژمارەیەک ڕووداو دەکات، لەوانە دەرکەوتنی (پەتای کۆرۆنا) و (جەنگ لە ئەوروپا) و کێشەی کورد لە ڕۆژئاوا و باکور. ئەم پێشبینانە، بەستراونەتەوە بە لێکدانەوەی فکری، نەک سۆزداریی و ئەو شتانەی لەدەرەوەی شتن. ئەو خەیاڵی بۆ واقیع گۆڕیوە.

**شازدەم**: مەبەست وەکو بنەما و هۆکارێکی فکری لەنێو دەقدا کاری لەسەرکراوە، هیچ وشەیەک و وێنەیەک و واتایەک بێ مەبەست نییە، چ شتەکان مەبەستی لەخۆگرتووە و چ شاعیر بەمەبەستێک، یان پتر لەمەبەستێک شتەکانی لەپێناو گەیاندنی مەبەسەتەکە لەنێو گوتاری شیعرەکەدا بەکاری هێناوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی عەرەبی

ا. زهيرة بنيني،  جمالية الخطاب الادبي على ضوء الدراسات النقدية الحديثة،  ١٦٥ file:///D:/الادب%٢٠والسعر/١٣.pdf).

ابراهيم صحراوي، تحليل الخطاب الادبي،دراسة تطبيقية دار الافاق، الجزائر، ط١، ١٩٩٩.

احمد مداس، تحليل الخطاب الشعري في منظور اللسانيات النصية، مذكرة لنيل شهادة الماجستر تخصص نقد الادبي، جامعة محمد خضير بسكرة الجزائر،٢٠٠٤.

جان كوهين، البنية اللغة الشعرية، ترجمة محمد الولي و محمد العمري، دار تويقال للنشر، دار البيضاء، المغرب، .١٩٨٩

جمعه سيد يوسف،  سيكولوجية اللغن والمرض والعقلي، سلسلة عالم المعرفة، ١٤٥ الكويت ١٩٩٠.

جميل صليبا، المعجم الفلسفي، دار الكتب اللبناني، بيروت  ١٩٧١.

جون ستروک، البنيوية ومان بعدها من ليفي شتراوس الى دريدا،ترجمة د. محمد عصفور، عالم المعرفة،٢٠٦،الكويت، ١٩٩٦.

جۆرج يۆڵ، مەبەستناسی پراگمتيک، وەرگێرانی د. رەحيم سورخی، ناوەندی توێکينەوەی ئەدەبی عەبدولرەحمان زەبيحی، چاپخانەی تاران، چاپی يەکەم، ٢٠١٦.

جيرار جينيت، خطاب الحكاية، ترجمة محمد معتصم واخرين، ط٢، منشورات الاختلاف ٢٠٠٣ .

جيوفری ليتش، مبادیءالتداولية، ترجمةعبدالقادر قنيني، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠١٣.

د. عادل مصطفى، فهم الفهم مدخل الى الهرمنيوطيقا، روءيا للنشر والتوزيع، قاهيرة،٢٠٠٧.

د. عبدالواحد دزەیی، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١١.

د. عەبدولواحد دزەیی، واتاسایی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

د. لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ١٩٥٠- ١٩٧٥ کرمانجی خواروو،لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٦.

د. محمود فهمى زيدان، فى فلسفة اللغة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥.

د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٠.

د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، بنەما و تەوەەکانی واتاسازیی نوێ، ئەکادیمای کوردی، هەولێر، ٢٠١٥.

د، محسن بوعزيزى، السيميولۆجيا الاجتماعية، مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت، ط ١، ٢٠١٠.

دانيال تشاندلر، اسس السيميائية، ترجمة طلال وهبة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ط ١، ٢٠٠٨.

رامین جەهان بەگلو، مۆدێرنەکان، وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی، بڵاوکراوەکانی نما.

ربيعه رويقى، سيمائية العلامة فى المسرح الجزائيرى، رسالة ماجستر، جامعة الحاج الخضر (بانته) الجزائر، ٢٠١١.

ڕێبوار سیوەیلی، نەتەوە و حیکایەت بەرگی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم ، ٢٠٠٨.

سعيد يقطن، انفتاح النص الروائى، المركز الثقافى العربى، لبنان، بيروت، ط ٢، ٢٠٠١.

سمکۆ موحەمەد، ماناکانی مردن، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.

عبدالسلام المسدى، المصطلح النقدى، موءسسات عبدالكريم بن عبداالله للنشر  والتوزيع تونس، ١٩٩٤.

عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة وسيمياء الادب، من اجل تطور شامل، الجزائر، الدار العربية العربية للعوم ناشرون، ط١، ٢٠١٠.

غازى حەسەن، شيكردنەوەى پراگماتيكى گوتارى سياسى دەسەڵاتو ئۆپۆزسيۆن لەهەريٚمى كوردستاندا، نامەى ماستەر، زانكۆى سۆران،  ٢٠١٧.

كمال ابو ديب، الشعرية، موءسسة الابحاث الادبية، طبعة ١، ١٩٨٧.

كيت دڤيلن، الانسان والمعرفة فى عصر المعلومات كيف تحول المعلومات الى المعرفة، ترجمة شادن اليافى، مكتبة العبيكان، السعودية، ٢٠٠١.

مارسيلو داسكال، الاتجاهات السيميولوجية المعاصرة، ترجمة حميد الحمدانى، محمد العمرى، عبدالرحمن طنوكل، محمد الولى، مبارك حنون، دار افريقيا الشرق، ١٩٨٧.

مجموعة، سيميائية الشخصية فى رواية "تصريح بضياع" رسالة ماجستر، جامعة الشهيد لخضير بالوداى، جزائر،٢٠١٨.

ميشێل فۆكۆ، مێژووى شێتى لەچەرخى كلاسيكدا، خانەى ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، ٢٠١٤.

نورالدين الس، الاسلوبية وتحليل الخطاب، دراسة فى النقد العربى الحديث، تحليل الخطاب الشعرى السردى، ج ٢، دار هوسة للطباعة والنشروالتوزيع، الجزائر، ١٩٩٧.

ئالان باديۆ و سلاڤۆى ژيژەک، فەلسەفە لەئێستادا، وەرگێرانى دانا شوانى، دەزگاى ئايديا، چاپخانەى حەمدى، سلێمانى، ٢٠١٦.

## سەرچاوەی ئینگلزیی

Adrian , akmajian, Richard, A. de,ers, Robert, M. Harnich, Linguistica An Introduction to Langugage and Communication, The MIT press, Cambrige, London, @nd Edition,, 1984

Boettger, C. R, Die Haustiere Afrikas: ihre Herkunft, Bedeutung und Aussichten bei der weiteren wirtschaftlichen Erschliessung des Kontinents ،Jena: VEB Gustav Fischer Verlag, 1958.

Damiel Chandler, Semiotics, Routledge, London, 2007

Kingdon, JEast African) Mammals: Carnivores ، University of Chicago Press1988. ،ISBN٣-٤٣٧٢١-٢٢٦-٠ .

Newberry, P. E ؛.Griffith, F. L" ، Tomb No. 15 ،"Beni Hasan. Volume 2 ،London: Egypt Exploration Fund ) و ( ،

Porter, B ؛.Moss, R. L. B ؛.Burney, E. W. (1960) ، "Numbered tombs ،"Topographical Bibliography of Ancient Egyptian Hieroglyphic Texts, Reliefs and Paintings. Volume I: The Theban Necropolis, Part 1: Private Tombs .) Second, revised and augmented ،( Oxford: Griffith Institute, Ashmolean Museum.

Paddy Whannel in: ellen Seiter, “Semiotics< Structuralism and Television in: Robert Clyde allen Ed, Channela of Discourse, Reassembled: Television and Contemporary Criticism )London: Routledge, 199

Reader, C. ,"The Netjerikhet Stela and the Early Dynastic Cult of Ra ،"The Journal of Egyptian Archaeology, 2014.

Smith, William, Dictionary of Greek and Roman Biography and Mythology, 1870, article on Dionysus.

*Dalby, Andrew (2005), written at London, The Story of Bacchus, British Museum Press, ISBN 0714122556* (US ISBN 0-89236-742-
Susanne Katherina Knauth Langer, Philasaphy in a new key: staudy in the symbolism of Reason, Rite and ari)New York: Menetor, 1951.
Wade, N ٢٠٠٧ ،Study Traces Cat’s Ancestry to Middle East ،New York Times١٧ -11- ١٩ ،٢٠١٩
Lesile Haufman, t, Feb. 3, 2013, https://www.nytimes.com/2013/02/04/books/dr-seuss-himself-was-a-cat-in-the-hat.html.

## سەرچاوە ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکان

(القطة فی مصر القديمة، ويكيپيديا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9
(باخۆس ، الروماني إله النبيذ والخصوبة
(سمكۆ موحەمەد ، ترسی نوسین ئەدەبیانی کەمینە و ئەوانی تر، هەینی ٢٠ ئایاری ٢٠١٦، زاری کرمانجی،
**http://zarikrmanji.net/archive/index.php?option=com_content&view=article&id=12237:ssss&catid=41:wtar&Itemid=207**
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%82%D9%8A%D8%AB%D8%A7%D8%B1%D8%A9_%D8%B3%D9%88%D9%85%D8%B1%D9%8A%D8%A9
https://eferrit.com/%D8%A8%D8%A7%D8%AE%D9%88%D8%B3-%D8%8C-(%B3-%D8%8C-.
https://www.aa.com.tr/ks/%DA%98%D9%8A%D8%A7%D9%86
.(/https://www.facebook.com/424237394431918/posts/982691405253178

https://www.nytimes.com/2013/02/04/books/dr-seuss-himself-was-a-cat-in-the-hat.html
Lesile Haufman, The Author Himself was a Cat in the Hat, Feb. 3, 2013,
Marco della Cave,'The Cat in the Hat' turns 65 and lives somewhere in between offensive and inffensive' March.11, 2022, https://www.usatoday.com/story/entertainment/books/2022/03/11/dr-seuss-cat-in-hat-turns-65-survives-ongoing-culture-wars/9446569002/

جاد محيدلي، من اله عند الفراعنة الى جن ونحس.. كيف آثرت القطط فى حياتنا؟ ٢١-٢-٢٠١٩ https://www.annahar.com/arabic/article/93957.)

جاد محيدلي، من اله عند الفراعنة الى جن ونحس.. كيف آثرت القطط فى حياتنا؟ ٢١-٢-٢٠١٩ . https://www.annahar.com/arabic/article/93957

حەمەسەعید حەسەن، پاشای شیعری ئێرۆتیک، ٩ی ئایاری ٢٠١٥.

سعيد بنگراد، http://www.saidbengrad.net/ouv/sca/sca2.htm.

سمکۆ موحەمەد، شەپۆلی ڕۆماننووسی جیهانێک بەبێ خوێندنەوە،ڕێگای کوردستان، https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/35394-2021-09-13-11-59-22).

سمکۆ موحەمەد، ئێزدی وەکو ئایین، ئێزیدییاتی وەکو گومان، ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، https://www.kurdrawm.com/idea/1522/).

سمکۆ موحەمەد، وێنەی پیاوێکی زمان شکاو، کوردستانی، 09/09/2021، https://knwe.org/?p=126004.

عبدالحليم ماهاما دادولا عبدالرحمن، https://jawak.com/%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B7%D8%B7-%D9%81%D9%8A-%D8%A3%D8%AF%D8%A8%D9%86%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A-10013).

عمر بلخير، نوارة بوعياد، أفعال الكلام في الخطاب الصحافي الجزائري المكتوب باللغة العربية، //revues.univ-ouargla.dz/index.php/numero-13-2012/179-2013-04-28-10-41-39.

القطة فى مصر القديمة، ويكيبيديا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84

متحف الميتروبوليتان، من سومر إلى التوراة، فاضل عبد الواحد علي، (https://www.metmuseum.org/art/collection/search/322609).

مونيكا نشآت، دلالات اللون الاصفر و تاثيره على النفسية، ٢١ يونيو ٢٠١٦، https://www.albawabhnews.com/1990442#:~:t

# وێنەی پیاوێکی زمان شکاو

**سمکو محەمەد**

**مۆنۆلۆگەکە خەریکە تەواو دەبێت**
**ژیان بۆتە کاغەز کاغەزێن بەدەست قورمارچییەکانەوە**
**پیاوێکی ترساو**
**وەك ئەوەی بەزەردە بزینی مەسیحەوە موژدەی پێ بێ**
**چەند یاردەیەك لەولای تاریکییەوە راوەستاوە و**
**بۆ ئاسۆیەکی روناك دەڕوانێ و**
**دەڵێ هەموو نهێنییەکان سبەی لە سەربانەوە دەیبیستن.**
**من ئەم قسەیەم لەمێژە بیستووە**
**لەوەدەچێ مانیفێستێکی نوێ هاتبێ بۆ ژیان**
**مانیفێستێك بەماسکەوە**
**سنووری سووری ژیان ماڵە**
**سنووری سووری هەناسە بوتڵی بەتاڵە**
**سنووری سووری ژیان گەمەی منداڵە**
**وادیارە بانگی ئاشکرا هێشتا شکۆفەی نەکردووە**
**ئەمە مانای شاراوەی ئەوەیە**
**هەر روخسارێك دڕکێکی پێداچوو بێت**
**ئەسرینی هەر دڕکێك بەخونچەیەکدا چەقیبێت**
**چرچو لۆچی دەخاتە سەر لێوی خەندەیەك کە مۆنۆلۆگی ژیانی بڕیوە**

**پێدەچێ**
**لەسەرەتاوە بۆمان نووسرابێ خەڵك دەبێ لەیەکتری توڕەبن**
**لەقینی یەکتر**
**تف لەسێبەری کێلە قەبری داهاتووشیان بکەن**
**ئەو قەبرانەی بەبچووکی لەسەریان نووسراوە**
**(خۆتان لەگەڵ خۆتان ئاشت بکەنەوە)**
**بەسەرێکیش ناهەقیان نییە**
**تەنها شتێك لەپاش مەرگ خۆش بێ. (لاواندنەوەیە)**
**هەستم راگرتووە**
**ئەمە کۆتایی دیمەنە کۆنەکانی مێژووە**
**دووبارە بوونەوەی تاعون و مالاریایە**
**ئاماژەکان نوزەیان لێبڕاوە و پیاوەکانیش زمانیان**
**زەین بدە**
**هەر ستوونەکانی شار نیین دەبن بەقامیش**
**هەر کڵاوی قیتی چیاکان نیین دەبن بەقەلەڕەش**
**هەر سینگی وشکی ئەم زەوییە نییە دەبنە مەیدانی جەنگ**
**هەر دەریاکان نیین دەبنە جۆگەلەی بۆگەن**
**زایەڵدارەکانیش بە گوێی خۆیاندا دەنگدەدەنەوە و جنێو بەخۆیان دەدەن**
**وادیارە ئێرە پێشتر دوورگەی قیسارە بووە**
**دوورگەی لاماسۆ و عەشتار و پشیلە**
**بۆیە زمانیش وێنای ناکات**
**چوون من بیستومە**

**قیسارە حەزی لە ژێیەکانی خۆیەتی بەتەنها بلەرێتەوە**

**ئێرە شوێنی زەنگ لێدانی ئێوارە خوانێکی بێدەنگە**

**بۆ خانەدانەکان**

**لاماسۆ بەئاسمانی باخۆسییەکاندا دەفڕێ**

**عەشتار چیرۆکی ئاوارەبوونی ئەرمەن دەگێڕێتەوە**

**پشیلە بۆ ئەهرامە داگیرکراوەکان دەمیاوێنێ**

**قومارچییەکان ئاگایان لەوە نییە**

**هاکا بیستمان**

**ئەفسەرێکی تورە ئاسمانی دوکەڵاوی کردووە و ژیان راوەستا**

**ئەوان لەبری ئەوەی بە مۆزیك مردن پوچەڵ بکەنەوە**

**بیللییەك فڕێدەدەنە سەر مێز و جگەرەی بێئومێدی دادەگیرسێنن**

**دەڵێن هەمووی**

**خەتای خەتابارێك بوو کە نەیهێشت لەسەر زەوی گرەو بکەین**

**لێرە هیچ رەوتێك لەسەر رێگەی خۆی ناڕوات**

**هیچ هۆشیارییەك ناتوانێ رۆژگار بژمێرێت**

**هیچ هەڵمێك دڵۆپە ئاوێك وێنا ناکات**

**هیچ وەرزێکی نوێ لەسەر رۆخی ئەم تابلۆ تێکشکاوانە نانووسێ**

**هیچ شتێك جارێکی تر بریسکە ناداتەوە**

**هیچ تاقمێکی نائومێدیش پێکەوە کۆچ ناکەن**

**هیچ پیاوێکی تێکشکاو نابینی**

**چیرۆکی پاڵەوانێتی خۆی نەنووسێتەوە و نەیکات بەمنەت بەسەر خەڵکەوە**

**یان پەیڤێك نەدرکێنێ وەکو پەندی پێشینان**

**نەستەق**

لەنەستەقیا ... فەلسەفەش ناشیرین بکات

دەمەویٚ ئەم مانیفێستە بدڕێنم و ئیمانێکی تر بخولٚقێنم

شەوو ڕۆژ تەماشای خوارەوەی ئەم زەمینە دەکەم و منەی بۆشاییەك دەکەم کە خەیاڵە

تەماشای چاو بەستراوەکان

دومبەڵی ژێر هەنگڵی خوێندکاران

پەیکەری لوتشکاوی سەر شەقامەکان

قسەی نەبیستراوی لاڵە پەتەکان

بزەی سەر لێوی کوێرەکان

تەماشای حەوشەی ژنە بیٚ حەیاکان دەکەم

پۆلیسێك زمانی لە کەلەپچەیا وێناکردووە

سەری بۆ کێشە دەخورێنیٚ

کێشەی شارێك هێشتا گەشتیار سەفەریان بۆ نەکردووە و

بانگی سەربەخۆیی تیا نەدراوە

لێرە لەم بێهودەییە هیچ نادۆزمەوە

ئەم زمانە بۆیە شکا

چوون هەرگیز پێم عەیب نەبووە بەپێچەوانەی خەڵك بڕۆم

هەستم بەژان نەکردووە خویٚ بکەمە سەر برینەکانی خۆم

هەمیشە شەلاٚلی عارەق بووم

ئاگام لەسەگە بەڕەلاٚکانیش بووە

چاوم لەو پشیلانەش بووە

بەبیٚ تاوان لەسەر شەقامەکان بەسکی برسی دەکوژران

ئەو پشیلانەی پیرێژنیش بەردیان تێدەگرن
من هیچ چارەسەرێکم پێ نییە
بەناچار ئەو دەرگایانە رەسم دەکەم
کەس ناچێتە بەر سێبەرەکەی
ئەو ئەستێرانە دەژمێرم کە ناویان نییە
لەو شەقامانەی ژێرەوەی زێرابەکان
هەموو ئەمانە بەقەد شقارتەیەك ترسی نەبووە کە بەدەست بەدکارێکەوەیە
ئەوەش دەزانم کە بەکراسێکی شینەوە
لەشکری گوندی ناڕوخێ و ناتوێتەوە
لەبەر خۆمەوە بیر لە بیرەوەرییەوەکانم دەکەمەوە
دەزانم کە ئەوان دەمترسێنن
هەرکەسێك پاکانەی کردبێ گرینگ نەبووە
پاکانە بۆ ئەو کەسە کەمانەیە کە لاپەڕەیەك و شاهیدێکیان نییە لە ژیان
نەزان هەقیەتی نەزانێ ئەم زەمەنە بەرەو کوێ دەڕوات
من لەقینی هەموو خەمەکانی تر
خەمی ئەوەمە بۆچی خێزان ناوێرن پێکەوە قاوڵتییەك بخۆن
سنوور لێرە کۆتایی نایات
رێگەی رۆژهەڵات وشکە و رۆژئاواش شێدار
رێبوارەکان بەدرۆ شەوڕۆیان لەپێ کردووە و لەهیچ دەرگەیەکیان نەداوە
ئەوانەی هەمیشە ئێواران هەڵگژاون بەسەر شاخدا و
درەنگ وەختیش تەماشای خۆرەتاویان کردووە
رەوتی ژیان ناناسنەوە
چون ئەمجارەیان کە خۆرئاوا بوو کەسیان

بەو ڕێگەیەدا ناچنەوە بانە
ئەمجارەیان دەچنەوە گەرمیان
ئەمجارەیان ڕۆژئاوا درەنگ لەخەو هەڵدەسێ
باکوریش بۆ نان خواردنی بەیانی خۆشە و نانی شێوانیشی سوێر
من لەکتێبە کۆنەکاندا خوێندوومەتەوە
زمان ناتوانێ باسی نەخوێنەوارەکان نەکات
ڕەنگە کچێکی نەخوێندەوار ئازادتر بێت
لەو پیاوانەی لەسەردەمی شۆڕشدا بانگەوازیان بۆ ئازادی دەکرد
لاتەریکی خەڵکی ئێرە لەدەستووری ناوەندی کە لەنیگایاندا دیارە
لەو نهێنی یە دەچێ کە کەس نایزانێ
لەو خێوە دەچێ کە خەڵك لەخۆڕا لێی ترساون
لەمەوە تێدەگەی
ئەبڵەق بوون لەبۆنی ناخۆش و لەنەخۆشی گرانەتای عەقڵ خراپترە
سەرسام بوونی منداڵێتی لەخێوەتی قەرەجەکان و لەنیشتیمانێکی بێ شوێن دەچێ
وەسوەسەی کەسێك لە بۆ کڕوزی قژی داغبووی کچێکی شەڕڤانی نەشارەزا لەشەڕ

باشترە لەدزێك کە ناوی جەنگاوەرە
ئەم ڕستانەم بۆ شیناکرێتەوە
موعجیزەی زەریا ئەوەیە کە لەسەهۆڵ سارد ترە
ترسی دارێکی وشکیش قومارێکە لەنێوان خۆی و کلکە تەورێکدا
شەویش ئەوەندەی کە ترسی لەتیشکی خۆرە
ئەوەندە ترسی لە هەور نییە

**من هەمیشە دڵەڕاوکێمە و پرسیاری بێ وەڵام دەکەم**

**کاتێك لەترسان خەوم دەزڕێت**

**ئەوکاتەی دەبینم خەڵك نووستوون**

**سەیرو سەمەرەی دایك و باوکیشم**

**هەر ئەوەبوو کە دەمارییان ئاوسا بوو لە ژیان**

**ئەوان لەداخی ئەبڵەق بوونی منداڵ و لە ماکینەیەك کە کاری ئەتککردنی هەرزەکاریی بوو**

**لەداخی بانگەوازی حکومەت لەدوای نوێژی شێوانی زستان**

**هەڵاتن بۆ ژێر زەوی دەبینم**

**خەڵك هێشتا ڕێگایەکیان نەبڕیوە درەنگتر بیانگەێنێتە جێ**

**عەمبارێکی چۆڵیان نەبینیوە بەسکی برسی**

**هێشتا نەیانزانیوە گۆڕینەوەی گوندێك بەژوورێکی شار چەند زەرەرە**

**هێشتا گوێیان لەجیڕەی دەرگایەك نەبووە**

**وەختێك پۆلیس پاڵیان پێوەدەنێ و جنێوی پیس بەناموسیان دەدەن**

**هێشتا تەلەزگەیەکیان نەدیوە جلکیان بگرێت و**

**نەهێڵێ لەسنوورەوە رابکەن بۆ سنوورێکی تر**

**هێشتا دەمانچەیەکیان نەبینیوە لەسەر پێ بێ**

**هێشتا نەیانزانیوە پانتۆڵی کورت مۆدێلی قاچاخچییەکانە**

**یان خۆ پارێزییە لە گۆشتخۆرەکان ی بازاڕ**

**ئەوان کە ساڵەهایە سەردانی بازاڕدەکەن**

**هێشتا نەیانزانیوە گمەگمی کۆتر لە چ مانگێکدایە**

**غەڵبەغەڵبی فێرگەکان و تەنگەنەفەسی دانیشتوانی شار**

**بەتێروپڕ هەنسك و گریانەوە**

**لە چ مانگێکی ساڵدا دەبنەوە بە کەیسێکی لێکچوو و توڕەبوونی خەڵك**
**کەچی لە کتێبێکی کۆندا نووسرابوو**
**لەتەنیشت پەنجەرەیەکەوە نامەیەك بەدزییەوە وەکو نوشتە هەڵواسن**
**دەیان جار کۆڵانەکان بگەڕێن بۆ تەنها جارێك بینینی یار**
**ئازاری ددانتان لەبیر بکەن کە بەمێخەك و رۆنی ماشین و عارەق دادەمرکایەوە**
**لەپێناو وەرگرتنی کاغەزێکی یاساغ کە پیاوێکی بەتەمەن بەمەئمورییەت پێتانی دەسپێرێ**
**رۆژانی هەینی.. لەترسا بخەون و**
**شەممۆانیش لەبەردەم مزگەوتەکان**
**خەریکی نۆ ریزکێن بن لەگەڵ بێکاران**
**لاپەڕەیەکی کراوە باشترە لە کتێبێکی داخراو**
**زمانم شکاوە**
**من ئەو پیاوەم کە زمانم شکاوە**
**هەر ئەوەندەم بۆ دەنووسرێ**
**وێنەی ئەو پیاوانەم بەچاوی خۆم بینیوە**

https://knwe.org/?p=١٢٦٠٠٤

بەشیک لەم دەقە شیعرەی سمکۆ موحەمەد لە ٢٥- ٩-٢٠١٩ لە ئەکاونتی خۆی لەفیێس بووک بڵاوکردۆتەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە کە پێش دەرکەوتی پەتای کۆرۆنا ئەم دەقە نووسراوە. https://www.facebook.com/smko.maaruf ودواتر لە ١٩-٩-٢٠٢١لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.